رووداو
RÛDAW
ژمارە (511)   دووشەممە 2018/7/2 – 11ی پووشپەڕ 2718   (750) دینار

### لە ساڵ و نیوێکدا
# 515 کەس لە کوردستان بە چەک کوژراون

**رووداو – هەولێر**

بەگوێرەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس لە هەرێمی کوردستان، ساڵی رابردوو 232 کەس بە چەکی جۆراوجۆر کوژراون، 112 کەسیش بە چەک خۆیان کوشتووە. لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 113 کەس بە چەک کوژراون و 58 کەسیش بە چەک خۆیان کوشتووە. واتە لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا 515 کەس بەهۆی چەکەوە کوژراون.

بەرپرسێکی پۆلیس دەڵێت 80%ی ئەو چەکانەی لە ناوچەی گەرمیان تاوانیان پێکراوە، مۆڵەتیان هەبووە، واتە زۆرینەی هەرەزۆری ئەو تاوانانە بە چەکی کارمەندانی سەر بە هێزی ئەمنی، یان چەکی پێشمەرگە، یاخود مۆڵەتدار لەلایەن حکومەتەوە کراون. گوتەبێژەکەی پۆلیسی گەرمیان گوتیشی کە مەرج نییە پێشمەرگە یان کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ خۆیان تاوانەکەیان بەو چەکانە کردبێ، بەڵکو لەوانەیە کەسوکاریان تاوانیان پێ کردبن.

لە هەرێمی کوردستان چەند بازاڕێکی کڕین و فرۆشتنی چەک هەن کە نایاسایین، بەڵام چەکفرۆشانی بازاڕەکە دەڵێن لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ئاسایشدان.

لیوا بەختیار بابان، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی هەرێمی کوردستان بەوەکالەت سەبارەت بە بازاڕەکانی چەکفرۆشتن بە (رووداو)ی گوت: "ئەو بازاڕانەی بەناوی چەکفرۆشتن کراونەتەوە نافەرمی و نایاسایین.. لەڕێگەی لیژنەکانمان و لیژنە ئەمنییەکانی پارێزگاکانەوە کاردەکەین بۆ ئەوەی بە یاسا بازاڕەکانی چەک نەهێڵین".

«13

## نرخی نەوت دەگاتە 90 دۆلار؟
9

## ئاسایشی هەولێر باندێکی مەترسیدار دەستگیر دەکات
2

## حیزبەکان لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی 30ی ئەیلول بەگومانن
3

### تەنگژەیەکی نوێ یەخەی عێراق دەگرێت

# رێککەوتنی سیاسی لە جیاتی ژماردنەوەی دەنگەکان بەدەست

3



(فۆتۆ: AFP)

تاراوگە
11

### پرۆفیسۆرێکی کورد لە گرنگترین کەسایەتییەکانی ئەڵمانیایە



راپۆرتەهەواڵ
2

### تومەن شەش بازرگانی سلێمانی مایەپووچ دەکات

راپۆرت
7

### دیوەخان.. دادگای سێبەر لە کوردستان



ئابووری
8

### ساڵانە 10 هەزار نەخۆش دەچنە دەرەوەی کوردستان



## کۆمیسیۆن 45 هەزار کەس بە گرێبەست دادەمەزرێنێ

**ڕووداو - هەولێر**

جوتیار عادل ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نزیکەی 45 هەزار کەس بە گرێبەست دادەمەزرێنن بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن هەر یەکێکیان 100 هەزار دیناری دەدرێتێ. جووتیار عادل، هەروەها گوتی: "نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بووەتە بابەتێکی هەستیار، دوای ئەوەی لەوبارەوە بۆچوونی لایەنەکانمان وەرگرت بۆ نوێکردنەوەی تۆمارەکە، پێشنیازمانکرد خۆیان کەسەکان هەڵبژێرن لە چوارچێوەی ئەو مەرج و پێوەرانەی کۆمیسیۆن دیاریکردوون. ئێستا ئەو کەسانە دامەزراون و لە چەند ڕۆژی داهاتوو دەستبەکاردەبن کە ژمارەیان 1500 کەسە".

# ئاسایشی هەولێر باندێکی مەترسیدار دەستگیر دەکات


باندەکە هاووڵاتییەکیان بۆ 1500 دۆلار کوشتووە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو - هەولێر**

لە دوا ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزاندا، عەبدولڕەحمان و سەمیری کوڕی لە پرسەی خزمێکیان دەگەڕانەوە، دوو کاژێر پێش بانگی ئێوارە هاوڕێیەکی پەیوەندی بە سەمیرەوە دەکات و پێیدەڵێت لەسەر مۆەلیدەیەک کێشەیەکمان لەگەڵ چەند کەسێک هەیە و داوای لێدەکات بچێت دوو قسەی خێریان بۆ بکات، بەڵام دواتر دەرکەوت سەمیر کەوتووەتە داوی باندێکەوە و دەربازی نەبوو، باندەکە سەمیریان کوشت، بەڵام دواتر لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر کران.

ئەمیر کە برا گەورەی سەمیرە، پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو: "سەمیر زۆر هەوڵی دابوو بەدەم داواکاریی هاوڕێکەیەوە نەچێت و پێیگوتبوو بەڕۆژووم و ماندووم، بەڵام ئەو هاوڕێیەی وازی لێ نەهێنا و سەمیر بەناچاری ڕۆیشت".

ئەمیر دەڵێت: "کاتێک سەمیری برام دەچێتە کۆمپانیاکە، لەوێ دەمەقاڵێ دروست دەبێت، براکەم تەنیا دەڵێت دەمەوێت بزانم کێشەکەتان چییە؟ بەڵام ئەوان دەڵێن تۆ هیچ قسە نەکەی و دەبێت ئێستاش 1500 دۆلارمان بدەیتێ ئەگینا دەتکوژین، لەبەرئەوەی ئامادە نییە پارەکەیان بداتێ، هەر لەوێ سەمیر دەکوژن".

> **کاری باندەکە کوشتن، ڕفاندن، دزی و ڕێگری بووە**
> بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر

بەگوتەی ئەمیر، ئەوانەی سەمیریان کوشتووە باندێک بوون "براکەمیان بە فێڵ برد، ئەگەرنا کێشەی مۆەلیدە نەبووە، بەڵکو بۆ ترساندن و وەرگرتنی پارە بووە و پێشتر پلانیان بۆ داناوە".

لەبارەی بکوژەکانی براکەشیەوە، ئەمیر زانیاری زیاتر دەداتە (ڕووداو) و دەڵێت: "دواتر زانیمان ئەوانە باندێکی مافیان لە هەولێر پەیدابوون، ئێمە بکوژەکان دەناسین، هەریەکە لە (م) و (گ) و (ک) چەکیان لەناو ئۆتۆمبێلەکانیان دەرهێناوە و تەقەیان لە براکەم کردووە و کوشتوویانە، ئەمانە ئیشیان ڕووتاندنەوەی خەڵک بووە، تەنانەت دەمانچە و پارەیان لە خەڵک ستاندووە، هەر لەو هەفتەیەدا کە براکەمیان کوشت، دوو هەزار دۆلاریان لە کەسێکی دیکەش وەرگرتووە".

هەروەها دەشڵێت، ئەو کەسانە ڕابردوویان هەیە و پێشتریش دەستگیرکراون، یەکێک لە بکوژەکان ماوەی کەمتر لە 3 مانگە ئازادکراوە، لەکاتێکدا بەپێی زانیارییەکانی ئێمە سزای لەسێدارەدانی هەبووە".

سەمیر تەمەنی تەنیا پێنج مانگ بووە کاتێک دایکی مردووە، بۆیە عەبدولڕەحمانی باوکی سەمیر گەورە دەکات، ئەو تەنیا داوا لە حکومەت دەکات کە بکوژانی کوڕەکەی بە سزای خۆیان بگەن.

شەوی 2018/6/30 سێ کەس لەو باندە دەستگیرکران. دکتۆر تارق نووری، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر دەستگیرکردنی ئەو باندەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاست کردەوە و گوتی: "شەوی ڕابردوو ئاسایشی هەولێر باندێکی سێ کەسییان بە ناوەکانی (م.ئە، م.ع و گ.م) دەستگیر کرد کە باندێک بوون لە هەولێر چەندین تاوانی کوشتن و ڕفاندن و دزی و ڕێگرییان کردووە، هێشتا یەکێک لەو کەسانەی لە باندەکەدا بووە دەستگیر نەکراوە".

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر گوتیشی: "تۆمەتبارەکان پێشتر سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە و بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی سزا دەدرێن".

دوای دەستگیرکردنی باندەکە، ئەمیر عەبدولڕەحمان کە سەمیری برای بە دەستی ئەوان کوژرا، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە لە سەرەتاوە سکاڵامان لەسەر ئەو بکوژانە تۆمار کردووە و داوامان کردووە بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، بۆیە ئامادەنین بەهیچ شێوەیەک سوڵحیان لەگەڵ بکەین و دەبێت بەتوندترین شێوە سزا بدرێن".

# مەلا دژی کردنەوەی کەناڵێکی تەلەڤزیۆنین

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

لە دوو هەفتەی داهاتوودا پەخشی کەناڵێکی لۆکاڵی لە کوردستان دەستپێدەکات، بەرپرسی کەناڵەکە دەڵێت بایەخ بە جوانی و لەنێویشیاندا بایەخ بە سەما دەدەن، بەڵام ژمارەیەک مەلا هەر لە ئێستاوە دژی کردنەوەی کەناڵەکەن.

هیوا فریادڕەس، بەڕێوەبەری گشتیی کەناڵی هانا تیڤی بە (ڕووداو)ی گوت: "هانا تیڤی کەناڵێکی ناوخۆیی سەربەخۆیە، بڕیارە لە نیوەی یەکەمی مانگی حەوتدا بکرێتەوە، پەخشی بەرنامەکانی 24 کاژێر دەبێت، کار لەسەر لایەنە جوانەکانی کولتوورەکانی دونیا دەکات".

هانا تیڤی پێشتر مۆڵەتی بۆ وەرگیرابوو، بەڵام دوای ماوەیەک داخرا، لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری کەناڵەکە دەڵێت: "ئێمە لە ساڵی 2008 مۆڵەتمان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرگرتووە و هیچ کێشەیەکی یاساییمان نییە، ئەوکات کەناڵەکە ماوەیەک کرایەوە، بەڵام دوایی داخرا".


کەناڵی هانا حەوت ملیۆن و 500 هەزار دیناریش قەرزداری وەزارەتی ڕۆشنبیرییە

کەناڵەکە دوای بڵاوکردنەوەی ڕیکلامێک کە باسی لەوە کردووە گرنگی بە سەما دەدەن، بەرەوڕووی ناڕەزایەتی مەلایان بووەوە، بەڵام فریادڕەس ڕەتیکردەوە کەناڵەکەیان تەنیا سەما پەخش بکات و گوتی "تەنیا سێ کاژێر سەما پەخش دەکەین". گوتیشی "پێشتر سەما بەشێک بووە لە کولتووری کوردی، بەڵام ئێستا تەنیا کۆمەڵگە کە بایەخ بە سەما نەدات و سڵی لێبکاتەوە کۆمەڵگەی کوردییە.

مەبەستمانە ئەوە بگۆڕین و لەڕێگەی ئەو کەناڵەوە سەما بکەین بە هونەرێکی دڵگیر لەناو خەڵک".

لەبارەی ئەو هەڕەشانەی دوای بڵاوکردنەوەی ڕیکلامی کەناڵەکە لێیانکراوە، هیوا فریادڕەس دەڵێت "لەڕێگەی فەیسبووکەوە گوتراوە کە ئەم کەناڵە دەبێت بسووتێنرێت، ڕێگەی پێنەدرێت بکرێتەوە و کۆمەڵێک هەڕەشە و پەیامی جۆربەجۆر لەو ڕێگەیەوە گەیەندراوە".

ئەو سەرسوڕمانی خۆی لەو هەڕەشانە نیشان دا و گوتی: "پێم سەیرە بۆچی دەیان کەناڵی ئیسلامی هەبێت کە هانی خەڵک بۆ توندوتیژی دەدەن، ئەمە ئاسایی بێت، بەڵام نابێت کەناڵێک هەبێت بۆ پەرەپێدان بە جوانییەکان و دژایەتی بکرێت، هێشتا لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا بیری سەلەفی توندڕەو هەیە، بۆیە ناکرێت بڵێین هەموو شتێک بۆ ئێمە وەکو ئاسمانێکی ساماڵە و دەبێت چاوەڕوانی پەرچەکرداریش بین، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە پێمانوابێت لەبەرئەوەی پەرچەکردار دەبێت، وا کار بکەین کە ئەوان پێیانخۆشە".

> **ڕۆژانە 3 کاژێر سەما پەخش دەکەین**
> بەڕێوەبەری کەناڵەکە

بڵاوبوونەوەی ڕیکلامی کەناڵەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەر زوو کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا و لە بەیاننامەیەکدا جوڵانەوەی باوەڕی و کولتووری کە کۆمەڵێک مەلا بەڕێوەی دەبەن، بەیاننامەیەکیان دەرکرد و داوایان لە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد ڕێگە نەدەن کەناڵەکە بکرێتەوە، ئەوان دەڵێن "دامەزراندن و کردنەوەی کەناڵێکی سەما و دانس بەناوی هانا تیڤی هیچ جێگای دڵخۆشی نییە بۆ خەمخۆرانی ئەخلاقی کورد، بۆیە بەهەموو شێوەیەک بەرهەڵستی کردنەوەی ئەم کەناڵە دەکەین، تاوەکو خەڵکی کوردستان تووشی هەڵوێستی یاسایی و مەدەنی نەبنەوە دژی ئەم کەناڵە".

مەلا زانا خەیام، سەرۆکی ڕێکخراوەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەگەر ئەو کەناڵە بکرێتەوە، جگە لەوەی سکاڵای یاساییان لەسەر تۆمار دەکەین، هەروەها جەماوەریش دەهێنینە سەر شەقام، چونکە ئەمە بۆ تێکدانی ئەخلاق و کولتووری کۆمەڵگەی کوردییە و کردنەوەی کەناڵێکی سەماکردن دژی کولتوور و دابی کوردە".

سەبارەت بەو بەیاننامەیەی ژمارەیەک مامۆستای ئاینی لەدژی کەناڵەکە دەریانکردووە، هیوا فریادڕەس، گوتی: "ئێمە ناتوانین لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک خەڵک نەیاری کەناڵەکەن، شێوازی کاری خۆمان بگۆڕین، تەنانەت ئێمە ڕاپرسییەکمان کردووە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، نزیکەی 70%ی خەڵک پشتگیری لە کردنەوەی کەناڵەکە دەکەن، لەکاتێکدا ئەوان واتێگەیشتوون کە کەناڵەکە تایبەتە بە سەماش نەک ئەوەی کە بەشێکی سەمای تێدابێت".

محەممەد گەردی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، لەبارەی کردنەوەی کەناڵەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "کەناڵی هانا لە ساڵی 2008 دامەزراوە و مۆڵەتی هەیە، ماوەیەک کاری کرد و دواتر پەخشەکەی ڕاگیرا. کەناڵەکە حەوت ملیۆن و 500 هەزار دیناریش قەرزداری وەزارەتە کە کرێی سێ ساڵی پەخشە".

# تومەن شەش بازرگانی سلێمانی مایەپووچ دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی، مایەپووچبوونی ژمارەیەک بازرگانی ئاڵوگۆڕی دراوی ڕاگەیاند و بەپێچەوانەی پێشبینییەکانیشەوە، ڕەتیدەکاتەوە بەهۆی داڕمانی نرخی تومەنەوە، جموجوڵی بازرگانی لە دەروازە سنوورییە هاوبەشەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران پەرەبستێنێ، چونکە بازرگانەکان مامەڵە بە دراوی ئێرانی دەکەن کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ حاڵی خراپتر دەبێ.

نەوزاد غەفوور، جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی، لە دەروازەی سنووری نێودەوڵەتیی باشماخەوە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و باسی ترسێکی دوو سەرە دەکات کە داڕمانی بەهای تومەن دروستیکردووە "هەم ئێرانییەکان ناوێرن وەک جاران کەرەستە و کاڵا بفرۆشن. هەم کاسبکارانی کوردیش بەهۆی ئەوەی گەڕانەوەی پارەکانیان کاتی دەوێ و لەو ماوەیەشدا نرخی تومەن بەردەوام یاری دەکات، زەرەر دەکەن، بۆیە دڵەڕاوکێ بە بازاڕەوە دیارە".

لە ساڵی 1991ـەوە، تومەن بەو شێوەیەی ئێستا نەشکاوە. ئەوەش لێکەوتەی ئەو هەڕەشانەیە کە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە ئێرانی دەکات و بڕیاری دا سزاکانی سەر ئەو وڵاتە توندتر بکرێن و داوای لە وڵاتانی دۆست و هاوڕێی ئەمریکا کرد، کۆتایی بە پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئێران بهێنن.

جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی، دەڵێ ڕاستە ئێستا نرخی تومەن بەرامبەر دیناری عێراقی زۆر زۆر کەمە، بەڵام هێشتا خواست لەسەر کاڵا و کەلوپەل زۆر نییە، بۆیە کاسبکارانی کورد کاڵا زۆر هاوردە ناکەن و نرخی شمەک هەرزانتر نابێ "بەشێک لە بازرگانانیش پێشتر بە نرخی زۆر کاڵایان کڕیوە، ئێستا دەبێ بە نرخێکی هەرزان بیفرۆشنەوە، یان ژمارەیەک لەوانەی ئاڵوگۆڕی دراو دەکەن، پێشتر بڕێکی زۆر تومەنیان کڕیوە و هەڵیانگرتووە و ئێستا نازانن چۆن بیفرۆشنەوە".

چەند جارێکی دیکەش بەهای تومەن شکاوە، بەڵام بانکەکانی ئێران زوو فریای دراوی وڵاتەکەیان دەکەوتن و بڕێکی زۆر دۆلاریان دەخستە بازاڕەکانەوە بۆ ئەوەی لەوە زۆرتر هەژموون بەسەر تومەندا نەکات. کەچی لەوەتەی تومەن تووشی ئەو نسکۆ قورسەی ئەمجارە بووە، ئێرانییەکان دۆلار ناخەنە بازاڕەکانەوە و ئەوەش بەلای چاودێرانی دۆخی ئابوورییەوە پرسیاری دروستکردووە. نەوزاد غەفوور دەڵێت: "لە هەموو حاڵەتەکاندا ئێمە وەک ژووری بازرگانی، تەنیا دەتوانین بە بازرگانانی ئاڵوگۆڕی دراو یان ئەوانەی هاوردە و هەناردە دەکەن، پێیان بڵێین بە وریاییەوە مامەڵە بکەن و دەبێ وریا بن خۆیان ڕووبەڕووی زیانی گەورە نەکەنەوە".


شکانی تومەن بەو شێوە خێرایە کاریگەری خراپی لەسەر بازاڕەکانی سلێمانی داناوە

داڕمانی تومەن، زۆرتر بۆ ئەو بازرگانانەی ئاڵوگۆڕی دراو بووەتە بەڵا و خۆرەی سەرمایە کە کڕین و فرۆشتن بە تومەنەوە دەکەن، چونکە بەشێکیان بەتەواوی مایەپووچ بوون و مایەپووچبوونی هەندێکی دیکەش بەڕێوەیە.

محەممەد حاجی قادر، یەکێکە لەوانەی لە بازاڕی دراوی سلێمانی ئاڵوگۆڕی دراو دەکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەو بازرگانانە نییە کە پارە بهێڵێتەوە، مایەپووچ نەبووە، ئەو گوتی: "تاوەکو ئێستا شەش کەس مایەپووچ بوون لە بازاڕی دراوەکەی سلێمانی، هەندێکیان گەیشتووەتە ئەوەی خانوو ماڵ و ئۆتۆمبیلەکانیشیان بفرۆشن و هێشتا ناتوانن لە ژێر ئەو قەرزە زۆرە دەربچن کە لەسەریان کەڵەکە بووە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە بازرگانانی ئاڵوگۆڕی دراو لە سلێمانی دەستیکەوتووە، مایەپووچبوونی ژمارەیەک لەو بازرگانانە کێشەی کۆمەڵایەتیشی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەوپێیەی ئەوانە قەرزاری خەڵک بوون و ڕۆژانە داوای پارەیان لێدەکرێ، هەربۆیە ناچار بوون ماڵ و موڵکیان بفرۆشن.

محەممەد حاجی قادر دەڵێ لە سلێمانی بەپێی ئەوەی هاوسنوورە لەگەڵ ئێران و هەموو دەروازە سنوورییەکانی لەگەڵ ئێراندایە، خەڵک زۆر بە کەمی مامەڵە بە دراوی وڵاتانی دیکەوە دەکەن "بۆیە شکانی تومەن بەو شێوەیە کاریگەریی خراپی لەسەر سلێمانی داناوە و ئەگەر شکانی تومەن بەو شێوەیە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێ، کاریگەری خراپتری دەبێ".

ڕۆژانە 2000 ئۆتۆمبیلی بارهەڵگری جۆراوجۆر ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان باشووری کوردستان و ئێراندا دەکەن و بەرپرسانی پێوەندیدار قەبارەی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران بە 8 ملیار دۆلار لە ساڵێکدا دەخەمڵێنن، هەرچەندە بەرپرسەکەی ژووری بازرگانی سلێمانی ناتوانێ ئەو ژمارەیە پشتڕاست بکاتەوە.

نەوزاد غەفوور، پێشبینی دەکات ئەگەر تومەن بەو شێوەیە لە شکانی بەردەوام بێ و ماوەیەکی درێژ بخایەنێ، ئەنجامەکانی لەسەر هەرزانبوونی کاڵا و شمەکی ئێرانی لە بازاڕەکانی کوردستان دەربکەون، چونکە ئیدی هەردوولا دەبێ لەگەڵ ئەو واقیعە مامەڵە بکەن. گوتیشی: "هێشتا هیچ کۆمپانیایەکی ئێرانی سلێمانی جێنەهێشتووە بەهۆی ئەو ڕەوشەی شکانی تومەن دروستیکردووە، بەڵام کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی پرۆژەکانیان دەبێ".

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 511 ) – دووشەممە 2018/7/2



## تورکیا داوای لێکۆڵینەوە لە هەڵبژاردنی کەرکووک دەکات

**ڕووداو – هەولێر**

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕاگەیێندراوێکی لەبارەی تەقینەوەکانی کەرکووک بڵاوکردەوە و داوایکرد ڕێوشوێنی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی پارێزگاکە بگیرێتەبەر. تەقینەوەکانی کەرکووک ئەو کۆگایانەی کردە ئامانج کە سندووقی هەڵبژاردنەکانی تێدا هەڵگیراوە. وەزارەتی دەرەوەی تورکیاش دەڵێت: "چاوەڕوانی ئەوەین بەرپرسانی عێراق بە زووترین کات و بەشێوەیەکی شەفاف لێکۆڵینەوە لەسەر دەنگۆی ساختەکاری لە هەڵبژاردندا لە دەنگەکانی کەرکووک بکەن". بەرەبەیانی ڕۆژی 2018/7/1 سێ تەقینەوە لە کەرکووک ڕوویاندا، تەقینەوەکان ئەو کۆگایانەیان کردە ئامانج کە سندووقی دەنگدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی تێدا هەڵگیراوە.

# ڕێککەوتنی سیاسی دەبێتە جێگرەوەی ژماردنەوەی دەنگەکان بەدەست

**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

زانا ڕووستایی، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی، کاتێک قسەی بۆ (ڕووداو) دەکرد، دوایین ڕۆژی خۆی لە نێو بینای پەرلەمان بە تەواوکردنی مامەڵەی ئەستۆپاکییەوە بەڕێ دەکرد و دەیگوت "چیدی من ئەندامی پەرلەمان نیم، لێرە بەدواوە چاودێریکردن لە عێراق نەما، ئیدی کۆمسیۆن و حکومەت هەرچی بکەن و هەر بڕیارێک بدەن، کەس نییە بڵێ نا"، ڕووستایی بە دووریشی نازانێ بەهۆی تەواوبوونی تەمەنی ئەم خولەی پەرلەمانەوە، ڕووداوی ناخۆشتر بەڕێوەبن بۆ عێراق.

بەشێک لە پەرلەمانتاران هەوڵی زۆریان دا بۆ ئەوەی تەمەنی پەرلەمانی عێراق درێژ بکەنەوە، بەڵام ڕێژەی یاسایی ئامادەبوونی پەرلەمانتارانیان لە هۆڵی کۆبوونەوە پێ تەواو نەکرا و هەوڵەکەیان شکستی هێنا.

ڕووستایی پێیوایە ڕێگری لە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان لە پێناوی ئەوەدا بووە کاتێک کۆمسیۆن دەست بە ڕێکارەکانی دەکات بۆ هەژمارکردنەوەی دەنگەکان، یان لایەنە سیاسییەکان ڕێگاچارەی دیکە دەدۆزنەوە بۆ دۆخی ئێستای عێراق، دەیانزانی پەرلەمان چاودێرییان دەکات و بە ڕێگای نایاسایی ڕازی نابێت، بۆیە ئێستا ئەو بەربەستەش نەما.

ئەو پەرلەمانتارەی پێشووی عێراق دەڵێت: "ئەگەر پەرلەمانی نوێ لەسەر بنەمای ئەم ئەنجامانەی ئێستا دروستبکرێ کە ڕاگەیێندراون، شەرعیەتی نابێ و بێ متمانە دەبێت و دوور نییە پشێویش لە چوار ساڵی داهاتوو بەردەوام بێ".

تاوەکو دواساتەکانیش، هەموو هەوڵەکان شکستیان هێنا بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان. ئێستا هەموو لایەنەکان چاویان لەسەر ڕۆژی سێی تەمووزە بۆ ئەوەی دەست بە ژماردنەوەی دەستیی دەنگەکان بکرێ. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەو ڕێکارانە کۆبوونەوە و گفتوگۆی ناڕاستەوخۆ و ژێربەژێریش بەردەوامن بۆ ئەوەی ڕێگای سێیەم بدۆزرێتەوە، بەرلەوەی عێراق لە نێو زۆنگاوی کێشە سیاسییەکاندا بچەقێ. ئەندامانی پەرلەمانی عێراق دەڵێن ئاگاداری ئەو هەوڵانەن، بەڵام هیوای زۆریشی لەسەر هەڵناچنن.

زانا ڕووستایی، پێیوایە هەژمارکردنەوەی دەنگەکان بەشێوەیەک بەڕێوەناچێ بڕوا بەلایەنەکان بهێنێ ئەنجامەکانی پەسەند بکەن، بۆیە باسی هەوڵێکی دیکە دەکات "ئیرادەیەکی سیاسی گەورەتر لە پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی کۆمار لە ئارادایە و دەیەوێ بە هەندێک دەستکاریی ئەنجامەکان هەموو لایەک ڕازی بکات و دەست بە گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەت بکەن".

ڕووستایی باسی وردەکاریی زیاتری ئەو هەوڵە دەکات و دەڵێ: "لە پارێزگاکانی ئەنبار و کەرکووک و سلێمانی و چەند شوێنێکی دیکە کە سکاڵای زۆریان لەسەرە، بەبێ هەژمارکردنەوەی دەنگەکان، ئەنجامەکان بە شێوەیەک دەستکاری دەکرێن کە لایەنەکان ڕازی بکات".

لە دوای 2003 وە یەکەمینجارە عێراق بکەوێتە بۆشایی یاساییەوە و حکومەت بێ چاودێری درێژە بە کارەکانی خۆی بدات. ئەمە بەرئەنجامی هەڵبژاردنی 12 ئایارە، ئەو لایەنانەی بە ئەنجامەکان ڕازی نەبوون، لە ڕێگای پەرلەمانەوە دەستیان بە گوشارخستنە سەر کۆمسیۆن کرد بۆ ژماردنەوەی دەنگەکان و دواجار بابەتەکە لە دادگای فیدراڵییەوە سەری دەرهێنا. لە نوێترین بڕیاریشدا دادگای فیدراڵی ڕایگەیاند، تەنیا ئەو بنکە و وێستگانە دەژمێردرێنەوە کە تانەیان لەسەرە.

فەرهاد قادر، پەرلەمانتاری پێشووی یەکێتی داوا دەکات هەموو لایەنەکان هاوکاری کۆمسیۆن و دادگای فیدراڵی بن بۆ یەکلاکردنەوەی تانەکان و ئەنجامەکان پەسەند بکرێن بۆ ئەوەی عێراق بۆ ماوەیەکی درێژ لە بۆشایی دەستووریدا نەمێنێتەوە "ئەو بۆشاییە دەستوورییەی دروستبووە، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی دادوەریش ناتوانن پڕی بکەنەوە".

لەبارەی ئەو هەوڵانەش کە دەیانەوێ بەبێ پەنابردن بۆ هەژمارکردنەوەی دەنگەکان و ئەنجامە نوێیەکان نەخشەی حکومەتی داهاتوو بکێشن، ئەویش بە دەستکاریکردنی ئەنجامەکان لەو پارێزگایانە، فەرهاد قادر دەڵێ: "ئەگەر بە ڕێکارەکانی کۆمسیۆن ڕازی نەبوون، دەبێ لایەنەکان لە ڕێگای ڕێککەوتنی سیاسی ژێربەژێرەوە چارەیەک بدۆزنەوە، بەڵام قورسە لایەنێک ڕازی ببێت دەنگەکانی کەم بکرێتەوە ئەگەر بەڕێککەوتنیش بێت، چونکە دەنگی خەڵکە و مافی خۆیەتی".

بەپێی زانیارییەکانی چەند سەرچاوەیەک کە بۆ (ڕووداو) قسەیان کردووە، تاوەکو ئێستا یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە لە کەرکووک دەنگەکانی کەم بکرێتەوە و لەبارەی سلێمانیشەوە، تەنیا بەوە ڕازی بووە ئەو سندووقانەی لایەنەکان تانەیان لەسەری هەیە، بژمێردرێنەوە. یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە کورسی خۆی بداتە گۆڕان. بەڵام عەرەفات کەرەم، سەرۆکی پێشووی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، وای دەبینێ هەموو ڕێگاکان لەوماوەیەدا تاقیکراونەتەوە وئەنجامیان نەبووە بە گفتوگۆی ژێربەژێری لایەنەکانیشەوە "تەنیا دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و ئێران ماوە کە بە ئاشکرا چارەسەرێک بخەنە بەردەم لایەنەکان بۆ ڕێککەوتن". عەرەفات کەرەم پێشبینی دەکات زیاتر لە سێ مانگ بۆشایی دەستووری درێژ ببێتەوە لە عێراق و دەڵێ "ئەم دۆخە دەرفەتە بۆ عەبادی بۆئەوەی بە ویستی خۆی هەڵسوکەوت بکات و دەسەڵاتی ڕەهای دەبێ و لەبەر ئەوەی چاودێریشی لەسەر نەماوە، گەندەڵی هەڵدەکشێ ئەگەر بە زووترین کات چارەسەر نەدۆزرێتەوە".

ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی دواهەمین ڕۆژی دانیشتنی پەرلەمانی عێراق دەکات بەر لە تەواوبوونی تەمەنی یاسایی کە لەو دانیشتنەدا زۆر بابەتی نهێنی کەوتوونەتە سەر بەرە "دەزگای هەواڵگریی عێراق پێش هەڵبژاردن لە ڕێگای کامێرای چاودێرییەوە بە دەنگ و ڤیدیۆ مامەڵەی ئەندامانی کۆمسیۆن و لایەنەکانی تۆمار کردووە لەسەر دەنگەکان". هەروەها دەڵێ "پەرلەمانتارێک گوتی بەڵگەی دروستم لایە پێش هەڵبژاردن کۆمسیۆن مامەڵەی لەگەڵ لایەنێک کردووە بۆ فرۆشتنی کورسی پەرلەمان و نرخی کورسییەکیش دوو ملیۆن دۆلار بووە".

عەرەفات کەرەم، لەبارەی هەوڵی ساختەکاری و دەنگکڕینەوە، بەشێک لە هەواڵەکان بەڕاست دەزانێ: "تاوەکو کۆمسیۆنی عێراق لەلایەن کوردەوە سەرۆکایەتی دەکرا، ئەم فەوزایە نەبوو، لایەنەکان بەو شێوەیە کۆمسیۆنیان تانەباران نەدەکرد و ئەو هەواڵە سەیر و سەرسوڕهێنەرانە لە ئارادا نەبوون".

هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە لەڕێگای سندوقی ئەلیکترۆنییەوە کراوە، لە کاتی ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆندا ببووە پرۆسەیەکی بێ لەکە و جوان و بەردەوام لایەنەکان پەسنیان دەدا، بەڵام دواجار هەر ئەوانەی پەسنیان دەدا، خەشم و قینیان بەسەردا ڕشت و سکاڵابارانیان کرد. موسەننا ئەمین، پەرلەمانتاری پێشووی عێراق دەڵێ بەدواداچوونیان کردووە و دەرکەوتووە کە پێش هەڵبژاردن کۆمپانیای ئەندرای ئیسپانی (ئەو کۆمپانیایەی سیستمی بایۆمەتری و پەنجەمۆری بۆ عێراق ڕێکخستووە) "داوایان لە حکومەتی عێراق کردووە ئەو سندووقە کۆرییانە نەکڕێ و گوتوویانە سیستمی ئێمە لەگەڵ ئەو سیستمە کۆرییە ناگونجێ و هەڵبژاردنەکە سەرکەوتوو نابێ. باڵیۆزی عێراقیش لە کۆریا بە نامەیەک حکومەتی ئاگادار کردووەتەوە کە گرێبەست لەگەڵ ئەو کۆمپانیا کۆرییە هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام هەردوو نامەکە فەرامۆشکراون".

> **کورسیی پەرلەمانی عێراق بە دوو ملیۆن دۆلار مامەڵەی پێوەکراوە**
> پەرلەمانتارێک

> **هەوڵێک هەیە بۆ ڕازیکردنی ناڕازییەکان دەستکاری ئەنجامی هەڵبژاردن بکرێ**
> زانا ڕووستایی



لە دوای 2003 وە یەکەمینجارە عێراق بکەوێتە بۆشایی یاساییەوە و حکومەت بێ چاودێری درێژە بە کارەکانی خۆی بدات (فۆتۆ: AFP)

# حیزبەکان لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی 30ی ئەیلول بەگومانن

**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

حیزبەکانی هەرێمی کوردستان بە ساردوسڕی و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیش بەشێوەیەکی گەرموگوڕ ئامادەکاری دەکەن بۆ تەواوکردنی ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنی 30 ئەیلولی داهاتوو.

هەرچەندە ململانێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ حیزبەکانی هەرێمی کوردستان دوو هێندەی هەڵبژاردنەکەی 12ی ئایاری ئەمساڵی پەرلەمانی عێراق گرنگ و چارەنووسسازترە، بەڵام هێشتا زۆربەی لایەنەکان چاویان لەوەیە ئەو هەموو تانەیە یەکلاببنەوە کە ناردوویانە بۆ بەغدا و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیان پێ ڕەتکردووەتەوە، بەرلەوەی بچنە نێو کێبڕکێی هەڵبژاردنێکی دیکەوە.

هاوژین عومەر، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی ڕەتیدەکاتەوە ئەوان بەدەم ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنەوە نەچن و بایەخی پێنەدەن و دەڵێ "دەزانین هەندێک لایەن حەزیان بەوە نییە هەڵبژاردن بکرێ، بەڵام هەرگیز ئەوە ئێمە نین نەمانەوێ هەڵبژاردن لە 30ی ئەیلول بکرێ". هاوژین عومەر دەڵێت ئەوان خۆیان ئامادە کردبوو کە هەڵبژاردن لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو بکرێ، بۆیە پێشوەختە بۆ هەڵبژاردنی 30ی ئەیلول ئامادەن و هیچ کێشەیان نییە، بەڵام دەڵێت "هەندێک لایەن خەریکی ئەوەن هەڵبژاردن دوابخرێ".

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە وادەی دیاریکراوی خۆی زۆر دواکەوت. پێشتر پارتی پێداگیری دەکرد لەسەر ئەوەی پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکرێ، بەڵام ئەوە سەرینەگرت و هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کرا. هەڵبژاردنێک کە لێکەوتەکانی، عێراقیان بە ئاڵۆزیی زیاتر گەیاند و وڵاتەکە کەوتە بۆشایی یاساییەوە، هەر بۆیە بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی، ئەو ساردوسڕییەی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەیە دەبەستێتەوە بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقەوە و دەڵێت: "تاوەکو ئێستاش هێزەکانی کوردستان، زیاتر ڕوویان لە بەغدایە تاوەکو بزانن دەنگەکانیان چی بەسەردێ، بۆیە هەڵبژاردنی کوردستان سارد دەردەکەوێ".

بەشێک لە حیزبەکان دەستیان بە ئامادەکردنی ناوی پاڵێوراوەکانیان کردووە، بەڵام بەشێکی دیکەیان هێشتا چاوەڕێن کۆمسیۆن بە فەرمی داوایان لێبکات. د. ڕێبوار کەریم، گوتەبێژی هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری دەڵێ ئەوان بەپێی ڕێوشوێن و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن بەردەوامن لە ئامادەکاری "لەگەڵ ئەوەین ماوەکە درێژکردنەوەی تێنەکەوێت و هەڵبژاردن لە 30ی ئەیلول بکرێ، بەڵام بەشێک لە حیزبەکانی دیکە پێیان باشە وادەکەی دوابخرێ".

حیزبەکان یەکدی تۆمەتبار دەکەن بەوەی نایانەوێ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 30ی ئەیلول بکرێ. بەرپرسێکی دیکەی هاوپەیمانی بە (ڕووداو)ی گوت "یەکێتی لەگەڵ ئەوەیە هەڵبژاردن ئەمساڵ نەکرێ، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ پارتی قسەی کردووە، بەڵام وەک ئێمە بزانین هێشتا پارتی ڕازی نەبووە". هەر بەپێی زانیارییەکان کە لە سەرچاوەی ئاگادارەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، بزووتنەوەی گۆڕانیش لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە لەبەر چەند هۆکارێک "دەیەوێ بابەتی کێشەکانی بەغدا یەکلایی ببنەوە و دوای ئەنجامی تانەکان و ژماردنەوەی دەنگەکان، قەبارەی ڕاستەقینەی حیزبەکان دەربکەوێ و لەلایەکی دیکەش دەیەوێ گەرەنتییەکی باشتر هەبێ بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان خاوێنتر بکرێ".

بەرپرسی ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان ڕەتیدەکاتەوە ئەوان بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ دواخستن یان ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن بن لەوادەی خۆیدا. زمناکۆ جەلال دەڵێ: "ئێمە ئامادەکاریی تەواویشمان کردووە و بەردەوام لەگەڵ ئەوە بووین هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بکرێ".

هەرچەندە زۆربەی حیزبەکان یەکێتی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە مەیلی بۆ هەڵبژاردن نییە لە کۆتایی مانگی ئەیلول، بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە دەڵێت وێڕای تێبینییەکانیان، بەفەرمی داوای دواخستنی هەڵبژاردنیان لەهیچ لایەک نەکردووە.

ئاسۆس عەلی، نایشارێتەوە لە دواهەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبەکەیدا، تێبینی و بۆچوونی جیاواز هەبووە لەسەر خودی هەڵبژاردنەکە کە ئاخۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکانی لەگەڵ بێت و دوابخرێ، یان بە تەنیا بکرێ و لەکاتی خۆیدا بێ "بەڵام بەفەرمی داوامان نەکردووە دوابخرێ و لایەنەکان لەگەڵ هەرچی بن، ئێمە ڕەتیناکەینەوە".

ڕۆژی 8ی ئایاری ئەمساڵ، واتە چوار ڕۆژ پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی 30ی ئەیلولی وەک ڕۆژی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دیاری کرد و داوای کرد کۆمسیۆن دەست بە ئامادەکارییەکانی بکات و دواتریش بودجەی پێویست بۆ کۆمسیۆن دابینکرا.

خەسرۆ گۆران، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی، دەڵێ ئەوان وەک پارتی کێشەیان لەگەڵ هەڵبژاردن نییە و ڕۆژانە بە ئامادەکارییەکانی خۆیانەوە سەرقاڵن: "لە ڕۆژی سێشەممەی داهاتووەوە دەست بە ئامادەکردنی ناوی پاڵێوراوەکانمان دەکەین، کۆمسیۆن هەر ڕێنماییەکی هەبووبێ جێبەجێمان کردووە".

بەرپرسێکی کۆمەڵی ئیسلامی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ساردبوونەوەی حیزبەکان لە هەڵبژاردن دەگێڕێتەوە بۆ یەکێتی و پارتی و دەڵێ ئێستا یەکێتی لەگەڵ ئەوەیە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەوێتە ساڵی داهاتوو. هەروەها دەڵێت "ڕاستە یەکێتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق خۆی بە براوە دەزانێ، بەڵام دەشزانێ ئەوە دەنگی ڕاستەقینەی خۆی نییە، بۆیە نایەوێ لە مانگی ئەیلول هەڵبژاردن بکرێت. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا، دیمەنەکان وا دەردەکەون کە هەڵبژاردن دوابکەوێ".

گوتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، گومانی لایەنەکان دەڕەوێنێتەوە لەبارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەوادەی خۆیدا و دەڵێ: "ئێمە بەردەوامین لە ئامادەکاری و وا کاردەکەین کە سەد لەسەت هەڵبژاردن لە 30 ئەیلول دەکرێ، چونکە حکومەت داوای لێکردووین و بودجەشی بۆ تەرخانکردووین. لە ئەمڕۆ دووشەممەوە بنکە لاوەکییەکان بۆ تۆماری ناوی دەنگدەران دەکەینەوە".

شیروان زرار، گوتیشی "بەڵام ئەگەر سەدلەسەدیش ئامادەبین و فۆرمی دەنگدانیش چاپ بکەین و حکومەت داوا بکات دوابخرێ، ئێمە دوایدەخەین". سەبارەت بە تۆمارکردنی ناوی پاڵێوراوانی قەوارەکانیش، گوتەبێژی کۆمیسیۆن گوتی "لەم هەفتەیەدا یەکلایی دەکەینەوە کەی داوای ناوی پاڵێوراوان لە حیزبەکان دەکەین".

> **لە سێشەممەوە دەست دەکەین بە تۆمارکردنی ناوی پاڵێوراوان**
> پارتی

> **تێبینیمان هەیە، بەڵام داوای دواخستنی هەڵبژاردنمان نەکردووە**
> بەرپرسێکی یەکێتی

> **یەکێتی لەگەڵ ئەوەدا نییە ئەمساڵ هەڵبژاردن بکرێ**
> بەرپرسێکی هاوپەیمانی



کۆمسیۆن: ئێمە وا کاردەکەین کە ڕۆژی 30ی ئەیلول سەت لەسەد هەڵبژاردنە

راپۆرت
رووداو
ژمارە (511) - دووشەممە 2018/7/2



## شاندێکی کوردستان بەشداری کۆبوونەوەی کۆمکاری عەرەبی دەکات

**رووداو – هەولێر**

رۆژانی 1-2018/7/5 لە قاهیرەی پایتەختی میسر گفتوگۆکانی یەکەم راپۆرتی خوولی عێراق بە پەیماننامەی عەرەبی بۆ مافی مرۆڤ دەکرێت و شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری تێدا دەکات.د.دیندار زێباری کە سەرۆکایەتی شاندە کوردییەکە دەکات رایگەیاند لە چوارچێوەی شاندی عێراقدا لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدارن. سەبارەت بە رۆڵی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆیانە،دیندار زێباری گوتی "لەم کۆبوونەوانەدا ئێمە چەندین تەوەری گرنگ دەخەینەروو وەک، بەشداریکردنی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنەکان، پێشوازیکردن لە ئاوارە و پەنابەران، پاراستنی مافی ئافرەتان، رۆڵی یاسا، ئازادی میدیا و رادەربڕین، مافی کرێکاران و کرێکارانی بیانی،مافی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان.....".

# هۆشداری لە بەئاگاهاتنەوەی شانە نووستووەکانی داعش دەدرێ

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو– سلێمانی**



هێرشەکانی ئەمدواییەی چەکدارانی داعش بۆ سەرگوندە کوردنشینەکانی دەوروبەری کەرکووک، دانیشتووانی نێو شاری کەرکووکی ترساندووە لەوەی پرۆڤەی ئەو رێکخراوە بێت بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی هێرشە لەناکاوەکانی و شانە نووستووەکانی بێدار بووبنەوە. بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی شارەکە دەڵێ :"داقوق و خورماتوو، ئامانجی یەکەمی چەکدارانی داعشن". بەڵام بەرپرسانی سەربازیی عێراق لە کەرکووک، مەترسی داعش لەسەر شارەکە رەتدەکەنەوە.

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک بارودۆخەکە بە "خراپ" ناودەبات و بە جددی دەڕوانێتە ئەو دڵەڕاوکێیەی لەنێو دانیشتووانی کەرکووک و دەوروبەری هەیە و دەڵێ "چەکدارانی داعش خۆیان رێکخستووەتەوە بۆ پەلاماردانی ناوچەکە. زانیاریمان لایە کە داعش ناوچەکەیان چۆڵ نەکردووە، بەشێوەیەکی بەرفراوان لە دۆڵی زەیتون لە ناحیەی رەشاد، دۆڵی زەرگە لەقەزای داقووق و دۆڵی ئەبوخانابر لە ناحیەی ریاز هەن".

بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک زانیاری زیاتر لەبارەی چەکدارانی داعش لەو ناوچانە ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "چەکدارانی داعش بە هاوکاریی کەتائیبی سەلاحەدین کە چەندین کوردیان تێدایە، لەگەڵ عەرەبە شۆڤینییەکان پەلاماری گوندە کوردنشینەکان دەدەن، بۆیە زۆربەی گوندەکانی کورد لە قەزای داقوق، دبس و خورماتوو چۆڵ بوون".

عەمید سەرحەد قادر، ئاماژە بە دیارنەمانی 12 کوردی نیشتەجێی ئەو شوێنانە دەکات جگە لەوانەی لەو ماوەیەدا کوژراون: "ئەوانەی کە رفێندراون، تاوەکو ئێستا هیچ ئاسەوارێکیان نییە و هیچ زانیارییەکیش لە بارەیانەوە نییە".

بەپێی ئامارەکانی پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک، تاوەکو رۆژی 16ی ئۆکتۆبەری رابردوو 265 تاوانبار لەسەر کاری توندوتیژی و هاوکاریکردنی گرووپە توندئاژۆکان سزدراون بە راگرتنیان لە بەندیخانە تاوەکو دەگاتە سزای لە سێدارەدان. 300 تۆمەتباریش دۆسیەکانیان یەکلایی بووەتەوە تەنیا بڕیاری حوکمەکانیان ماوە بۆیان دەربچێت، زۆربەی ئەوانەش نیشتەجێی سنووری پارێزگای کەرکووک بوون.

لە دوای رووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەری ساڵی رابردوو، ژیان بۆ دانیشتووە کوردەکانی ئەو ناوچانەی بە ناوچەی کێشە لەسەر ناودەبرێن، گەڕایەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم. هەڕەشەی گرووپە توندئاژۆکان و گەڕانەوەی عەرەبی هاوردە و تۆڵەی ئەو هێز و گرووپە جیاوازانەی لە گۆڕینی باری دیمۆگرافیای ناوچەکەدا و کەمکردنەوەی ژمارەی کورد لەوێ، هاوڕا و هاوبەشن.

حەسەن بارام، بەرپرسی دەڤەری کەرکووکی هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری دەڵێ چەکدارانی داعش، بە درێژایی زنجیرە چیای حەمرین بڵاوبوونەتەوە و خۆیان رێکخستووەتەوە "لە سێگۆشەی سوننە و بە زۆری ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان چالاکی دەکەن، ناوچە عەرەبنشینەکان بووەتە جێگەی گەشەکردنیان".

ئەو بەرپرسەی هاوپەیمانی، جموجوڵی داعش لەو ناوچانە بە مەترسییەکی گەورە دەبینێ و پێشبینی دەکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لەعێراقدا روودەدەن :"داعش پەلاماری چەند شارێک دەداتەوە". گوتیشی "بەپێی زانیارییەکان، داعش شانە نووستووەکانی خزاندووەتە نێو شارەکان و عەرەبە شۆڤینییەکان تێکەڵیان بوون لەپێناوی وەدەرنانی خەڵکی کورد لە ناوچەکانیان".

ئەو بەرپرسەی هاوپەیمانی، رەتیدەکاتەوە چەکدارانی داعش بەشێوەی هەڕەمەکی کاربکەن و گوتی "بە بەرنامە کاردەکەن و رەنگە لەو رووەشەوە هیچ گرفتیان نەبێت، لە رووی چەک و تەقەمەنییەوە هیچ گرفتیان بۆ دروست نابێت چونکە دەتوانن لە رێگەی پەلاماردانی سوپای عێراقەوە چەک بەدەستبهێنن وەک ئەوەی لەسەرەتای سەرهەڵدانی داعشەوە روویدا و چەک و جبەخانەیەکی زۆریان دەستکەوت".

بەڵام بەرپرسێکی یەکێتی لە کەرکووک، رەتیدەکاتەوە داعش ئەو تارماییە مەترسیدارە بێ کە باس دەکرێت. یاسین عزەدین، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک، توندوتیژییەکانی ئەم دواییە بۆ "عەرەبە شۆڤینییەکان" دەگێڕێتەوە نەک داعش و دەڵێ "بەهاوکاریی چەند وڵاتێکی ناوچەکە، دەیانەوێ لەو رێگەیەوە و بەناوی چەکدارانی داعشەوە سیاسەتی تەعریب جێبەجێ بکەن و خەڵکی کورد لە ناوچەکانیان راوبنێن و گوندەکانیان پێ چۆڵ بکەن".

> **هەندێک لە چەکدارانی داعش خۆیان خزاندووەتە نێو حەشدی شەعبی**
> کەمال کەرکووکی

ناوبراو پێیوایە "ئامانجی سەرەکی چەکدارانی داعش پەلاماردانی سوپای عێراقە". هەرچەندە ئەو بەرپرسەی یەکێتی ناوی هیچ وڵاتێک لەوانە ناهێنێ کە پێیوایە هاوکاریی گرووپە توندئاژۆکان دەکەن بۆ شێواندنی ناوچەکە، بەڵام پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەوەی روودەدات بەپشتیوانی وڵاتانی ناوچەکەیە و واز لەکورد ناهێنن و دەیانەوێ لەو رێگەیەوە کورد بەتەواوی لاواز بکەن، هاوکات باس لەوە دەکات ئەو هێزانەی پەلاماری گوندەکان دەدەن "هێزی راهێنراون".

جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک، هێندە دڵنیایە لە قسەکانی کە هەمووی زانیاریی دروستن و گوتی "هەنگاوی یەکەمی سیاسەتی تەعریب کردنەکە بە گوندەکان دەستپێدەکات، هەنگاوی دووەم شارۆچکەکانی داقووق و خورماتوو دەگرێتەوە".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی گلەیی لە هێزە عێراقییەکان هەیە و دەڵێت "بۆ لە ناوچەکانی شوان و ناوچەکانی دیکە لەسەر هەموو گردێک لەو دەشتە چۆڵانە بنکەی سەربازییان داناوە بەرامبەر بەهێزی پێشمەرگە کە هیچ مەترسییەک لەو ناوچانە نییە، بەڵام هەموو ناوچەکانی دیکەیان چۆڵکردووە، ئەمە وەک کردنەوە دەرگایە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی تەعریب".

کەمال کەرکووکی، بەرپرسی میحوەری رۆژئاوی کەرکووکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دڵنیایە لەوەی بارودۆخی کەرکووک لە مەترسییەکی گەورەدایە و دەڵێ :"ئێمە کەرکووک وەک سەربازگەیەکی هێزە هەمەلایەنەکانی حەشد دەبینین". هۆکاری تێکچوونی بارودۆخی ئەمنی کەرکووک دەگەڕێنێتەوە بۆ تێکچوونی ئەو سیستمە ئەمنییەی کە بۆ شارەکەیان دانابوو، بەڵام بەهۆی رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە ئەو هێڵی پاراستنە تێکچووە.

ئەو بەرپرسە سەربازییە هەروەها دەڵێ "دوای ئەوەی هێزەکانی عێراق و حەشدی شەعبی دەستیانگرت بەسەر شارەکەدا، خەڵکانێکی زۆری داعش خۆیان خزاندووەتە نێو حەشدی شەعبی لەو رێگەیەوە بەئاسانی چوونەتە نێو شارەکە، ئێستا کەسانێک هەن لەنێو پارێزگای کەرکووکدا، بەرپرسی ئەمنی پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکن، پێشتر کەسی دیاری نێو چەکدارانی داعش بوون و بەرپرسیارێتیان هەبووە لەنێو ئەو گرووپەدا، هەموو بەرپرسانیش باش دەیانناسن، ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ ئەوەی بارودۆخی شارەکە بکەوێتە مەترسییەوە".

وەک بەرپرسی میحوەری رۆژئاوی کەرکووکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان باسیدەکات، قسە کراوە لەگەڵ بەغدا بۆ گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ هەموو ئەو ناوچانە، تاوەکو بەهاوبەشی دۆسێی ئەمنی بەڕێوەبەرن، بەڵام ئەوان ئامادە نین بەو شێوە بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچانە تاوەکو بارودۆخەکە ئاسایی نەبێتەوە "دەبێت تەواوی ئەو هێزانەی هێنراونەتە ناوچەکە بەتەواوی بگەڕێنەوە ئەوکات بڕیار دەدەین، ئێمە پێشمەرگە نابەینەوە ئەو ناوچانە ئەگەر بە بەهێزی نەبێت، پێشمەرگە بەزەلیلی ناگەڕێنینەوە وەک ئەوەی ئێستا هەندێک هێزی پێشمەرگەیان زەلیل کردووە بەدەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی و بڕیار لەوان وەردەگرن".

# کوردی ئێزدی لە ئیسرائیل کۆرسی چارەسەری دەروونی وەردەگرن

**رووداو– هەولێر**

به هاوکاری وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل و رێکخراوێکی خێرخوازی بەریتانی، گروپێک لە کوردە ئێزدییەکانی باشووری کوردستان سەردانی ئیسرائیلیان کرد تاوەکو کۆرسی چارەسەری دەروونی وەربگرن. ئامانج لە کۆرسەکە ئەوەیە ئەم گروپە بتوانن بە کۆمەڵێک تەکنیکی تایبەت، جارێکی دیکە بزە بگەڕێننەوە سەر لێوەکانی منداڵە ئێزدییەکان.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (تایمز)ی ئیسرائیلی گروپە ئێزدییەکە لەو سەردانەدا کۆرسێکی تایبەتیان وەرگرتووە کە بە "مێدیکاڵ کڵاونینگ" ناسراوە و ئامانجەکەشی ئەوەیە خەندە بخەنەوە سەر لێوی منداڵە ئاوارە ئێزدییەکان لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە منداڵ و خێزانە ئێزدییەکان لەدوای هێرشەکانی 2014 ی داعشەوە بەدەست ترس و دڵەڕاوکێوە دەناڵێنن.

وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل لە بەیاننامەیەکی رۆژی یەکشەممەیدا رایگەیاند کە ئەم کۆرسە بە هاریکاریی رێکخراوی (Dram Doctors)ی بەریتانی و رێکخراوی خێرخوازیی (رێگا بەرەو ئاشتی)ی بەریتانی و نەخۆشخانەی حەداسە لە ئورشەلیم و وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل رێکخراوە.

وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە "بەشداربووانی کۆرسەکە راهێنانی تایبەتیان وەرگرت و بە ئامراز و تەکنیکی نوێ ئیسرائیلیان جێهێشت، تاوەکو بزە بخەنەوە سەر لێوی ئەو خەڵکانەی لە ناوچە جەنگییەکان دەژین، بێ ئەوەی بایەخ بە جیاوازی ئەتنیکی، ئایینی و رەگەزییان بدەن".

رێکخراوی (رێگا بەرەو ئاشتی) کە ئاسانکارییەکی زۆری بۆ ئەو گەشتە کردبوو، لە ساڵی 2014 دامەزراوە. ئەو رێکخراوە کار دەکات بۆ ئەوەی دۆستایەتی لە نێوان خەڵکی نیشتەجێی ناوچەکانی شەڕدا دروستبکەن و لەلایەکی دیکەوە بۆ چارەسەری پزیشکی منداڵە نەخۆش و بریندارەکان هاوکاری خەڵکی ناوچەکان دەکەن.

ئەو رێکخراوە بەمدواییە بنکەیەکی چارەسەری منداڵانی لە ناوچەی شنگال دامەزراندووە کە ساڵی بێکەر، بەڕێوەی دەبات. بێکەر خۆبەخشێکی هاوکارییە مرۆییەکان و بە رەچەڵەک جووە. گروپەکە لە نێو نەخۆشخانەی شنگال بنکەیەکی فریاکەوتنیان کردووەتەوە، بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەو بنکەیەوە هەم هاریکاریی دارایی بۆ خەڵکی ناوچەکە کۆبکەنەوە و هەمیش ئامێر و کەرستە پزیشکییەکان چاک بکەنەوە.

وەکو لە ماڵپەڕی گروپەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە بەشێک لەکارەکانی ئەو گروپە ئاسانکارییە بۆ گواستنەوەی ئەو نەخۆشانەیە کە لە عێراق و کوردستاندا چارەسەر ناکرێن.

ئەوە یەکەمجار نییە کوردە ئێزدییەکان سەردانی ئیسرائیل بکەن. ساڵی رابردووش نادیا موراد سەردانی پەرلەمانی ئیسرائیلی کرد، تاوەکو لە دۆخی نالەباری ئێزدییەکان ئاگاداریان بکاتەوە و داواشیان لێبکات تاوانەکانی دژی کۆمەڵگەی کوردی ئێزدی لەسەر دەستی چەکدارانی داعش بە جینۆساید بناسێن.

موراد کە باڵیۆزی نیازپاکی نەتەوە یەکگرتووەکانە، بە رۆژنامەی (تایمزی ئیسرائیل)ی گوت "جووەکان و ئێزدییەکان مێژوویەکی هاوبەش لە جینۆسایدمان هەیە کە بووە بە ناسنامەی خەڵکەکەمان، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە ئازارەکانمان بگۆڕین بۆ کردار".

ماڵپەڕی (هەواڵی نیشتمانیی ئیسرائیل) ئاشکرای کردووە ئەو گروپە بۆ ماوەی چەندین رۆژ لە ئیسرائیل ماونەتەوە، بەڵام بۆ خۆدوورگرتن لە جووڵاندنی هەستیاریی سیاسی بە شاراوەیی هێشترابووەوە، لەکاتێکدا حکومەتی عێراق هیچ پەیوەندییەکی فەرمی و نافەرمی لەگەڵ حکومەتی ئیسرائیلدا نییە، بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو گەشتە دەکرا کێشە بۆ تیمەکە دروستبکات.

لە کاتی هێرشەکانی داعش بۆ سەر ناوچەی شنگال دەیان هەزار کەس ئاوارەی سەر چیای شنگال بوون، هەزاران کەسیش لەلایەن چەکدارانی داعشەوە رفێنران یان کوژران. بە گوێرەی سەرچاوە حکومی و نێودەوڵەتییەکان لە نێوان 3000 بۆ 4000 کەس لە خەڵکی شنگال لەکاتی هێرشەکاندا کوژراون و زیاتر لە 6800 کەسیش رفێنراون، لەو ژمارەیەش یەک لەسەر سێیان تاوەکو ئێستاش بێ سەرو شوێنن. دەیان هەزار ئاوارەی کوردی ئێزدی لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستانن و بە هۆی وێرانبوونی ناوچەکەیان یان لە ترسی دانیشتووە عەرەبەکانی ناوچەکەیان ناوێرن بگەڕێنەوە شنگال. ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە ئێزدییەکانی ئەو کەمپانە بەهۆی ژیان لەژێر دەستی داعش یانیش نیگەرانیی لە دۆخی منداڵە بێ سەروشوێنەکانیان لە دۆخێکی دەروونی سەخت دان.

ژمارەیەکی زۆر لەوانەی داعش لە شنگال و دەوروبەری رفاندوونی، ئافرەت و منداڵن کە چارەنووسی هەندێکیان تاوەکو ئێستاش دیار نییە.

دیندار زێباری، رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند "پاش ئەوەی تیرۆریستانی داعش لە 3/8/2014 هێرشیان کردە سەر دەڤەری شنگال و ژمارەیەکی زۆری ئافرەت بوونە قوربانی، لەوانەش رفاندنی 3548 ئافرەت و دەستدرێژی کردنە سەریان". زێباری راشیگەیاند' بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوون لە کەیسی رفێندراوەکان نووسینگەی تایبەتی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رۆژی 25/11/2014 لیژنەیەکی تایبەتی دامەزراند وبودجەیەکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ رزگارکردنیان، دوای گەڕانەوەشیان حکومەت هەموو ئامادەکارییەک دەکات بۆ حەواندنەوەیان و دووبارەگەڕاندنەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا'.

بە گوتەی زێباری بەهۆی هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەت تارۆژی 23/5/2018 توانیویانە 3275 کەس رزگار بکەن لەوانە 1148 ئافرەت و (336) پیاو و (935) کچ و (956) کوڕ رزگار کراون، ئەوانەی تائێستا رزگار نەکراون ژمارەیان (3146) کەسە لەوانە (1465) ئافرەت و (1685) پیاو کە لە دەست داعش ماون".

زێباری ئاماژەی بەوەدا ئەو ئافرەتانەی کە رزگار دەکرێن تووشی جۆرەها رەفتاری دڕندانە و دوور لەهەموو عورف و دابونەریتێکی مرۆڤانە،لە فرۆشتن و کڕین و ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی و گۆڕینی ئایینەوە بگرە تا دەگاتە تاوانی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە. تاوەکو ئێستاش نزیکەی 100 ئافرەت لەو ئافرەتانەی رزگارکراون، رەوانەی ئەڵمانیا کراون بۆ چارەسەرکردن بەتایبەتی لەرووی دەروونییەوە.



کوردی ئێزدی لە ئیسرائیل فێر دەکرێن چۆن بزە بگەڕێننەوە سەر لێوەکانی منداڵە ئێزدییەکان

## بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن

# پارتە ئێزدییەکەی کوردستان چاوەڕێی کۆتای ئێزدییانە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- هەولێر**

لە هەرێمی کوردستان پارتێکی ئێزدی دادەمەزرێ و بارەگای سەرەکی پارتەکەش لە شاری دهۆک دەبێ، سەرۆکی پارتەکە دەڵێت مۆڵەتیان لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی لە هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، ئەگەر کورسیی کۆتا بۆ ئێزدییەکان لە پەرلەمانی کوردستان دابنرێ، بەشداری هەڵبژاردنی 30ی ئەیلول دەکەن.

ئەو پارتەی دامەزراوە ناوی پارتی ڕەوتی دواڕۆژی ئێزدییە و سەرۆکەکەشی عادل شێخ فەرمانە. دەستەی سەرکردایەتی حیزبەکە لە 23 کەس پێکهاتووە و ڕۆژی 10ی حوزەیرانی ئەمساڵ ناوی خۆی لە کۆمیسیۆن تۆمار کردووە و مۆڵەتی وەرگرتووە، ئێستا سەرقاڵی کردنەوەی ئۆفیسی سەرەکین لە دهۆک، دواتر لە شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان ئۆفیس دەکەنەوە.

عادل شێخ فەرمان، سەرۆکی پارتی ڕەوتی دواڕۆژی ئێزدییان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ساڵی 2013 ئەو حیزبەیان دامەزراندووە، دواتر لە ساڵی 2014 لە حکومەتی عێراق مۆڵەتیان وەرگرتووە، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە نەیانتوانیوە لە کوردستان وەکو پێویست کار بکەن، سەرەتای مانگی ڕابردووش پڕۆژەی خۆیان پێشکەش بە کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان کردووە، ڕۆژی 10ی مانگی ڕابردوو کۆمیسیۆن مۆڵەتی کارکردنی پێداون و ئێستا کار دەکەن بۆ کردنەوەی ئۆفیسی سەرەکی لە دهۆک و ئۆفیسێکیش لە هەولێر.

پێشتر چوار پارتی دیکەی ئێزدی دامەزراون، بەڵام سەرجەمیان خۆیان تەنیا بەئێزدی دەزانن و پێیانوایە ئێزدیاتی دین و نەتەوەیە، بەڵام عادل شێخ فەرمان، سەبارەت بە ناسنامەی حیزبەکەیان و حیزبەکانی دیکەی ئێزدی دەڵێت "ئەو چوار پارتەی دیکە هەموویان بە پشتگیریی حیزب و لایەنی عێراقی و وڵاتانی دراوسێ دروستبوون، هەموویان دەڵێن ئێزدیاتی نەتەوە و ئاینە، بەڵام ئێمە یەکەم پارتین کە خۆمان بە حیزبێکی کوردستانی دەزانین و ئاینەکەشمان بە ئێزدی، ئێمە دەڵێین ئێزدی کوردن و حاشا لە کوردبوونی ئێزدییان ناکەین. کەس ناتوانێ ئێزدیان لە کورد و کوردستان جیابکاتەوە".

دەستەی سەرکردایەتی ئەو حیزبە لە 23 کەس پێکدێن. بە گوتەی عادل شێخ فەرمان، هەر یەکێک لەو دەستەیە سەرپەرشتی مەلەفێک دەکات، بەڵام گرنگترین شت بەلای ئەوانەوە کە کاری لەسەر بکەن، جیاکردنەوەی ئاینە لە سیاسەت.

سەبارەت بە وەرگرتنی ئەندامی حیزب لە ئاین و ئاینزاکانی دیکەی کوردستان، سەرۆکی پارتی ڕەوتی پاشەڕۆژی ئێزدییان گوتی: "ڕەوتەکەی ئێمە ڕەوتێکی کراوەیە، هەر کەسێک لە هەر پێکهاتە و ئاینێکی کوردستان بێ، لە کوێی دونیا بێ، لەنێو پارتەکەی ئێمەدا جێگەی دەبێتەوە".

گوتیشی: "لەدەستەی دامەزرێنەری حیزبدا جگە لە ئێزدی، کریستیان و موسوڵمان هەن، چونکە ئامانجی ئێمە خزمەتکردنی سەرجەم پێکهاتە و ئاینەکانی کوردستانە، نەک بە تەنیا ئێزدییەکان".

لەبارەی ژمارەی ئەندامانیان، عادل شێخ فەرمان، ژمارەی ئەندامانیان ئاشکرا ناکات، بەڵام دەڵێت: "خەڵکی زۆر باش و بەتوانامان لەگەڵە. لە ئەڵمانیا و چەند وڵاتێکی دیکە لۆبییەکی بەهێزمان هەیە، جگە لە کوردستان، ئەندامانمان بەشداری هەڵبژاردنەکانی ئەڵمانیاش دەکەن و هەوڵ دەدەن بگەنە جومگەکانی دەسەڵات جا چ لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمەکان بێ، یان شارەوانییەکان".

لەگەڵ ئامادەکارییەکانی حیزبەکان و کۆمیسیۆن بۆ هەڵبژاردنی 30ی ئەیلولی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا دەنگێک لەنێو ئێزدییەکان هەیە کە هاوشێوەی پەرلەمانی عێراق، کۆتای ئێزدییەکان لە پەرلەمانی کوردستان هەبێ. لەو خولەی پەرلەمانی کوردستاندا تەنیا یەک کوردی ئێزدی لە پەرلەمانی کوردستانە، ئەویش لەسەر لیستی پارتی.

عادل شێخ فەرمان، پشتگیری بیرۆکەی دانانی کورسیی کۆتا بۆ ئێزدییەکان دەکات لە پەرلەمانی کوردستان و دەڵێت: "خۆمان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئامادە کردووە و لیست و کاندیدەکانیشمان ئامادەن، بەڵام ئێمە چاوەڕێی دانانی کورسیی کۆتا بۆ ئێزدیان دەکەین، ئەگەر کۆتا بۆ ئێزدیان لە پەرلەمانی کوردستان یەکلابووەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە لیستمان دەبێت، بەڵام ئەگەر کۆتا نەبوو، ئەوە بۆ ئەمجارە لیستمان نابێت، چونکە ژمارەی ئەو ئێزدیانەی لە کوردستان دەنگ دەدەن کەمن، نامانەوێت دەنگی ئێزدییەکان بسووتێن یان بۆ لایەنێکی دیکە بچن".

---

# شوێنەوارەکانی مەسیحی و جووەکانی مووسڵ لەبەردەم مەترسیدان

**کریس جۆهانس**
**ڕووداو- هەولێر**

لە هەڵمەتی ڕزگارکردنی پارێزگای نەینەوادا ژمارەیەکی زۆر شوێنەواری ئیسلامی، مەسیحی و جوو لەناوچوون. حکومەتی عێراق بە هاریکاریی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتە بیانییەکان لە هەوڵی بوژاندنەوەی کولتووری دێرینی ئەو پارێزگایەدان، بەڵام چاودێران نیگەرانن لەوەی لەو هەڵمەتەدا شوێنەوارە مەسیحی و جووەکان لەبیر بکرێن.

مانگی شوباتی ئەمساڵ، حکومەتی عێراق، ئیماراتی عەرەبی و ڕێکخراوی یونسکۆ پلانێکیان بۆ بنیاتنانەوەی "میراتی کولتووریی مووسڵ" ڕاگەیاند، فۆکەسی پلانەکە لەسەر مووسڵی کۆن دەبێت. بەڵام شاری مووسڵ و دەوروبەری بە یەکێک لە فرەڕەنگترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست لەڕووی ئایین و کولتوورەوە لەقەڵەم دەدرێ. چونکە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ناوچەکەدا بابلی، ئاشووری، جوو، عەرەب و کورد لە ناوچەکەدا گیرساونەتەوە، هەر بۆیەش ڕێچکەی ئایینی ئیبراهیمییەکان و ئاینی وەکو ئێزدی لەو ناوچەیەدا بەدی دەکرێ.

مانگی ڕابردوو (چاوی مووسڵ) کۆمەڵێک وێنەی بەردێکی نەخشداری لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاوکردەوە کە بە زمانی عیبری کۆمەڵێک ڕستەی لەسەر نووسرابوو. لە تویتەکەدا هاتبوو "هیچ کەسێک هەیە بتوانێ ئەم نووسراوە عیبریانەی سەر ئەو بەردانە وەربگێڕێ؟ ئەمەم لە یەکێک لە ماڵەکانی جووەکان لە مووسڵ دۆزیوەتەوە کە بەداخەوە بەر هێرشی ئاسمانی کەوتووە و تەنیا ئەمەی لێماوەتەوە". چاوی مووسڵ بلۆگێکە کە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی مووسڵ و دەوروبەری بۆ خەڵکی دەرەوەی ناوچەکان گواستووەتەوە.

(ڕووداو) بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەو نووسراوانە پەیوەندی بە یۆنا سابەرەوە کرد کە خەڵکی زاخۆیە و لە بەشی زمان و کولتووری ڕۆژهەڵاتی نزیک لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە شاری لۆس ئەنجلس شارەزای زمانەکانی عیبری و ئارامییە. بە بۆچوونی سابەر بەشی زۆری نووسراوەکان لە کتێبی گوتەکانی تەورات وەرگیراون.

سابەر بەم جۆرە نووسراوەکانی بۆ (ڕووداو) وەرگێڕا "خوا بەرەکەت بەسەر ئەنبارەکان و هەموو ئەو شتانەدا ببارێنێ کە دەستیان بۆ دەبەیت، ژیانێکی دوور و درێژ و ئارام و سەرکەوتن بێتە ڕێتان خوا بەرەکەتتان بەسەردا بڕژێنێ و گەنجینەی خۆی بەسەر ئێوەدا بکاتەوە".

یەکێک لە نووسراوەکانیش باسی ڕابی یەحیا دەکات کە کوڕی مەیر دادۆیە و ئەو بەردە نەخشنووسکراوەی پێشکەش بە باوکی کردووە. بەگوێرەی یەکێک لەو کتێبانەی عەزرا لانیادۆ لە 1981 لە حەیفا نووسیویەتی، دادۆ لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، موختاری کۆمەڵگەی جووی مووسڵ بووە.

لێکۆڵەرە زاخۆییەکە پێیوایە ئەو بەردە یەکەمجار لە پەرستگایەکی جووەکان بووە لە مووسڵ و دواتر بۆ ئەو خانووە گوازراوەتەوە. بەگوێرەی بەڵگە مێژووییەکان ئەو پەرستگایە بە پشتگیری دارایی یەحیا خۆی دروستکرابوو.

لە نێوان ساڵانی 1948 بۆ 1951 زیاتر لە 121 هەزار جوو عێراقیان بەرەو ئیسرائیل جێهێشت، دوای ئەوەی حکومەتی عێراق بەهۆی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، ڕێوشوێنی ئەمنی و سیاسی سەختی لەدژی کۆمەڵگای جووەکانی عێراق گرتەبەر.

مانگی ڕابردوو، موقتەدا سەدر، سەرۆکی ڕەوتی سائیرون و خاوەن زۆرترین دەنگ لە هەڵبژاردنەکانی عێراق، ڕایگەیاند کە جووەکان دەتوانن بگەڕێنەوە عێراق.

لە مانگی حوزەیرانی 2017، داعش مزگەوتی نووری و منارەی حەدبای تەقاندەوە، واتە هەر ئەو شوێنەی سێ ساڵ پێشتر خەلافەتەکەی خۆی تێدا ڕاگەیاندبوو. داعش پێشتر مزگەوتی نەبی یونسی لە مووسڵ تەقاندبووەوە کە گومان دەکرێ مەزارگەی یونس پێغەمبەر بووبێ.

لەدوای هێرشەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق لە 2003، ژمارەی دانیشتووە مەسیحییەکانی عێراق بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە. ساڵی 2003 ژمارەی مەسیحییەکانی عێراق نزیکەی 1.5 ملیۆن کەس بوو، بەڵام لە ساڵی 2013 بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە بۆ 500 هەزار و بەگوێرەی سەرچاوەی دیکەش بۆ 1.2 ملیۆن کەس دابەزیوە. هێرشەکانی داعش لە 2014 جارێکی دیکە ژمارەی مەسیحییەکانی عێراقی کەمکردەوە، بە تایبەتیش ئەوانەی لە دەشتی نەینەوا و مووسڵ دەژیان.

بەڵام هێرشەکانی داعش تەنیا زیانی گیانی و گۆڕانی دیمۆگرافیای ناوچە مەسیحییەکانی عێراقی بەدواوە نەبووە، بەڵکو میراتی کولتووری ئەوانیشی وێران کردووە. ژمارەیەک لەو شوێنەوارە مەسیحییانەی کە لە مووسڵ وێرانکراون بریتین لە ئوم ئەلعەید لە نێوەڕاستی مووسڵ، کەنیسەی مەریەمی پاکیزە و دێری قەدیس جۆرج. لە ماوەی شەڕی ڕزگارکردنی پارێزگای نەینەوا، داعش شوێنە ئاینییەکانی وەکو ناوەندی فەرماندەیی و شوێنی خۆحەشاردان بەکاردەهێنا.

بەگوێرەی وێنەیەک کە (چاوی مووسڵ) بڵاوی کردووەتەوە، بورجی کەنیسەی فەرمانی دۆمینیکی خەریکە بەتەواوەتی وێران دەبێ و ئەگەر بەخێرایی هەنگاوی نۆژەنکردنەوە نەنرێ لەدەست دەچێ. وێنەی کەنیسەکە عەلی باروودی گرتوویەتی کە مامۆستای زانکۆیە لە مووسڵ. باروودی لەبارەی هەوڵەکانی نۆژەنکردنەوەی میراتە کولتووری و ئاینییەکانی مووسڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هیچ کارێک بۆ شوێنەوارە ئاینییە کەمتر ناسراوەکانی مووسڵ نەکراوە. هیچ نەکراوە، نە بۆ شوێنەوارەکانی جووەکان و نە بۆ هی موسڵمانەکان. ئەوەی کراوە تەنیا ڕووپێوێک بووە و هیچی دی. گوایە بڕیارە یونسکۆ ئەرکی دروستکردنەوەی منارەی حەدبا و کەنیسەی کاتژمێر لە ئەستۆ بگرێ، بەڵام هەتا ئێستا هیچ نەکراوە".



یەکێک لە شوێنەوارەکانی جووەکان لە شاری مووسڵ

---

## لە 57 قوتابی پلە باڵاکان تەنیا یەکێکیان دهۆکی بوو

# بەهۆی دابەزینی ئاستی قوتابیانی دهۆک لیژنەیەک پێکدێت

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

ڕاگەیاندنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پۆلی نۆ و 12ی بنەڕەتی، بەرپرسانی پارێزگای دهۆکی تووشی شۆک کرد، کاتێک بۆیان دەرکەوت لە کۆی 57 قوتابی کە لەو دوو قۆناغە پلەی یەکەم تا پلەی سێیەمیان بەدەستهێناوە، تەنیا یەک قوتابی لە سنووری پارێزگای دهۆک بووە. ئێستا بەرپرسانی پارێزگاکە کەوتوونەتە خۆیان بۆ ئەوەی لە هۆکاری دابەزینی ئاستی زانستی لە سنووری پارێزگاکە بکۆڵنەوە.

ڕۆژی 27ی مانگی ڕابردوو ئەنجامی قوتابیانی قۆناغی نۆی بنەڕەتی و 12ی ئامادەیی لە لایەن وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنرا، لە کاتی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانیش ناوی ئەو قوتابیانە ئاشکرا کرا کە لە هەرجوو قۆناغەکە پلەی یەکەم تاوەکو سێیەمیان بە دەستهێنابوو کە ژمارەیان 57 قوتابی بوو، بەڵام تەنیا یەکێکیان لەو قوتابیانە خەڵکی پارێزگای دهۆک بوو.

> چەندین ساڵە ئاستی زانستی لە دهۆک دادەبەزێ، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی یەکەمەکانەوە دەرکەوت
>
> بەرپرسێکی پەروەردەی دهۆک

ڕێژەی دەرچوون لە دهۆک 19% بوو کە بەراورد بە سلێمانی زۆر کەمبوو لە کاتێکدا لە سلێمانی ماوەیەکی زۆر مامۆستایان بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کردبوو.

> کێشەی خراپیی ئاستی خوێندن لە دهۆک بە کۆنفرانس و لیژنە چارەسەر ناکرێ
>
> بەرپرسی گروپی دەنگی مامۆستایان

ژمارەکان هەر زوو بەرپرسانی ئیدارەی پارێزگای دهۆکیان هێنایە قسە. هەر ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان، فەرهاد ئەترۆشی لە باڵەخانەی پارێزگای دهۆک سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی کرد کە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە و ئەندامای لیژنەکانی پەروەردە لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگایی دهۆک، تێیدا ئامادەبوون، لەوێ بڕیار درا، ڕاپۆرتێک لەبارەی هۆکاری دابەزینی ئاستی خوێندن لە پارێزگاکە ئامادە بکرێ.

فەخری کەلەش، بەڕێوەبەری سەرپەرشتیاران لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوە چەند ساڵێکە ئاستی زانستی و خوێندن لە دهۆک ڕوو لە دابەزینە، بەڵام ساڵانی ڕابردوو لەنێو یەکەم و دووەم و سێیەمەکاندا قوتابیانی پارێزگای دهۆک هەبوون، بۆیە پێوەی دیار نەبوو، بەڵام وەکو ڕێژەی دەرچوون چەند ساڵە هەر لە دابەزیندایە، ئەمساڵەش چونکە تەنیا ناوی یەک قوتابی دهۆک لە نێو 57 یەکەمەکان دابوو، بۆیە کەلێنەکە دەرکەوت".

فەخری کە لە ساڵی 1980 لە دهۆک مامۆستا بووە و چەندین پۆستی ئیداری لە پەروەردەی گشتی دهۆک وەرگرتووە، باسی هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی زانستی قوتابیانی دهۆک دەکات و دەڵێت "هۆکار زۆرن، کەمی مامۆستا، کەمی باڵەخانەی قوتابخانە. بەپێی داتاکانی بەردەستی ئێمە لە پارێزگای دهۆک هەر مامۆستایەک 20 قوتابی بەردەکەوێ، بەڵام لە هەولێر هەر مامۆستایەک 14 قوتابی و لە سلێمانی 12 قوتابی بەر دەکەوێ، جگە لەوە لە دهۆک هێشتا سێ دەوامی ماوە، لە هەموو پارێزگای دهۆک تەنیا لە 10 قوتابخانە تاقیگە هەیە".

جومبەت شوکری، سەرۆکی لیژنەی پەروەردە لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، باسی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە دەکات و دەڵێت "چەند بڕیارێک دران، لەوانە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەسەر ئەنجامەکان، دواتر ئەنجامدانی وۆرکشۆپێکی زانستی لەسەر ئەو ئەنجامانە، جگە لەوە پێشنیازکرا لەسەر ئاستی وەزارەتی پەروەردە و لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانی کوردستانیش بەداواداچوونێکی جدی بۆ ئەو بابەتە بکرێ".

پێشتر گلەیی ئەوە دەکرا کە دابەزینی ئاستی زانستی لە دهۆک بەهۆی ئەوەیە کە پرۆگرامەکانی خوێندن بە شێوەزاری سۆرانییە، بەڵام ئەوە سێ ساڵە پەرتووکەکانی دهۆک بە شێوە ئاخاوتنی بادینان چاپ دەکرێن، بۆیە دەرکەوت کە هۆکارەکە شێوەزار و شێوەئاخاوتن نییە.

جومبەت شوکری "لیژنەکە دەستبەکار بووە و دەستمان بە کۆکردنەوەی داتا لە سەرجەم قەزاکانی دهۆک کردووە، سێی مانگ کۆبوونەوەی لیژنەیەکە، دواتر وۆرکشۆپێکی زانستی دەکرێ".

بەدەل عەبدولباقی کە 27 ساڵە مامۆستایە و سەرۆکی گروپی دەنگی مامۆستایانە دەڵێت: "لە کوردستان بە گشتی ئاستی خوێندن ڕوو لە دابەزینە، بەڵام لە دهۆک زیاتر دەرکەوتووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هێشتا کاریگەری حیزب لەسەر کەرتی پەروەردە هەر ماوە، هەموو شتێک لە کوردستان بە حیزبی کراوە". بەدەل پێیوایە کێشەی دابەزینی ئاستی زانستی و خوێندن لە دهۆک هێندە بەرچاوە "زەحمەتە بە دروستکردنی لیژنە و کۆنفرانس و ورۆکشۆپ چارەسەر بکرێ، چارەسەر ئەوەیە کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (511) - دووشەممە 2018/7/2

## دوو پەرلەمانتاری هەدەپە سەرکۆنەی پەکەکە دەکەن

**ڕووداو – هەولێر**

دوو پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان ( هەدەپە) لەبارەی کوشتنی هاووڵاتییەک بە ناوی مەولوود بەنگی کە پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە لە ئەستۆی گرت ڕایگەیاند، ئیدانەی ئەو ڕووداوە دەکەن و دژی دەوەستینەوە. ڕۆژی 2018/6/30، ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە)، لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاشکرایکرد، گەریلاکانی هەپەگە ئەو کەسەیان کوشتووە. ئەحمەد شک، پەرلەمانتاری تازەی پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە، لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی توویتەر کوشتنی مەولوود بەنگی شەرمەزار کرد و ڕایگەیاند. ئەم چالاکییانە نەک تەنیا سەرکۆنە دەکەم، بەڵکو بەردەوام دەبم لە دژایەتیکردنی ئەم چالاکیان. هاوکات پەرلەمانتارێکی دیکەی هەدەپە بەناوی بارش ئاتای، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی توویتەر دەنووسێت بەتوندی دژی ئەو ڕووداوە دەوەستینەوە و شەرمەزاری دەکەین.

### "لە تیرووپشکێکدا بۆ چەکدارێکی داعش دەرچووم"

# هیچ تۆمەتبارێکی داعش لەسەر کەیسی ئێزدییەکان دادگایی نەکراوە

بەڵگەی تەواومان لەسەر کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان لەبەردەست نییە

دادوەرەکان



لە دادگایی تۆمەتبارێکی داعشدا هیچ ئێزدییەک ئامادە نەبوو شایەتی بدات (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو – هەولێر**

حەیات، چوار ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ هەزاران ئافرەت و منداڵی دیکەی ناوچەی شنگال لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێنرا، ئەوکات تەمەنی 19 ساڵ بوو، بەڵام چەکدارەکان وایان مەزەندە کردبوو کە زۆر لەوە منداڵترە، خۆیشی بۆ ئەوەی نەیخەنە بازاڕەکانی فرۆشتنی کۆیلەوە، خۆی کەڕۆڵاڵ کرد. ئەم پلانەی حەیات چەند مانگێک کاری خۆی کرد و داعش ئەویان لە خێزانەکەی جیانەکردەوە و ڕەوانەی بازاڕەکانی فرۆشتن و کڕینی کۆیلە نەکرا. بەڵام هاوزمان و هاوئاینێکی خۆی پلانەکەی ئاشکرا کرد، کابووسی ژیانی حەیات لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد.

حەیات کە ئێستا تەمەنی 23 ساڵە، لەمبارەیەوە بە ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر) دەڵێت: "ئافرەتێکی ئێزدی کە لە خۆمان بوو، بە داعشی گوتبوو کە من درۆم کردووە و دەتوانم ببیستم و قسە بکەم. دوای ئەوە داعش من و ژمارەیەک ئافرەتی دیکەی بۆ بنکەیەک لە مووسڵ گواستەوە. سەرکردەیەکی داعش بەناوی ئەبو عەلی جلی پێدام و داوای لێکردم خۆم بشۆم. دوای ئەوە چەکدارێکی داعش ناوی منی لە تیروپشکێکدا بۆ دەرچوو".

حەیات کە ئێستا لە کەمپێکی ئاوارە ئێزدییەکاندا لە نزیک دهۆک دەژی، داوای کردووە ناوی ڕاستەقینەی ئاشکرا نەکرێ، ئەویش وەکو زۆربەی خەڵکی ناوچەی شنگال هێشتا هەندێک لە ئەندامانی خێزانەکەی شوێنبزرن و گومان دەکرێ لەژێر دەستی داعشدا مابن.

حەیات دەفتەرێکی بچووکی لایە کە وردەکاریی ژیانی لەژێر دەسەڵاتی داعش تێدایە و کاتێک پرسیاری لێدەکرێ، زوو زوو سەیری دەفتەرەکە دەکات. بەگوێرەی دەفتەرەکە، حەیات 13 جار کڕین و فرۆشتنی پێکراوە، وردەکاری هەموو ئەو پیاوانەشی لە دەفتەرەکەیدا نووسیوە کە هەتا تەمووزی 2017 دەستدرێژییان کردووەتە سەری و ئەشکەنجەیان داوە. بەدەم هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دەفتەرەکەیەوە دەڵێت: "ئەو پیاوانە لە مێشکم دەرناچن، ئەوان زۆر خراپ بوون لەگەڵم".

ئافرەتە ئێزدییەکە زانیارییەکانی نێو دەفتەرەکە و هەموو ئەو شتانەی کە بیری ماوە خستووەتە بەردەستی ڕۆژنامەنووسەکان، پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە کردووە و بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشی ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام هەست دەکات ئەو زانیارییانەی بەوانی داوە هیچ شتێکی لێ سەوز نەبووە.

بەهار عەلی، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی (ئێمە)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئاوارە ئێزدییەکان دوای چەندین ساڵ ژیان لەژێر دەسەڵاتی داعش و ڕووبەڕووبوونەوەی چەندین جۆر ئەشکەنجە و دەستدرێژی، ئێستا لەژێر چادرەکانی کەمپەکاندا ژیانێکی سەخت بەڕێ دەکەن. بەهار پێیوایە "بەشێک لە پرۆسەی چاکبوونەوەی ئەو قوربانیانە ئەوەیە تاوانباران سزای کارەکانی خۆیان وەربگرن، نەبوونی هیچ سزایەک بەمانای نەبوونی دادپەروەرییە".

دوور لە کەمپەکەی حەیات و لە یەکێک لە دادگاکانی دهۆک، دادوەرێک خەریکی خوێندنەوەی لیستی ئەو تۆمەتانەیە کە دراونەتە پاڵ چەکدارێکی داعش بەناوی ئەحمەد. ئەحمەدی تەمەن 26 ساڵ و خەڵکی ناوچەی شنگال، تۆمەتبارە بەوەی ئەندامی داعشە، چەکی پێشمەرگەی دزیوە و لە کۆمەڵکوژیی گوندی حەردان لە باکووری شنگال بەشدار بووە.

لە بەشێکی دادگاییەکەدا پرسیار لە ئەحمەد دەکرێ: "بەگوێرەی شایەتحاڵەکان، تۆ ئەندامی داعش بوویت و لەحەردان خەڵکت کوشتووە، ئایا تۆ ئەندامی داعش بوویت و خەڵکی ئەو شوێنەت کوشتووە؟". ئەحمەد سەری ڕادەوەشێنێت و دەڵێ: "نەخێر، هەموو تۆمەتەکان درۆن". کاتێکیش دادوەری دادگاکە داوای شایەت دەکات، هیچ شایەتحاڵێک لە دادگاکە ئامادە نییە. هەر بۆیە پاش 20 خولەک دادگاییەکە تەواو دەبێ و گومانلێکراوەکە ئازاد دەکرێ، بێ ئەوەی هیچ کوردێکی ئێزدی شایەتی دابێ و هیچ ئاماژەیەک بە ناوی ئێزدییەکان و کۆمەڵکوژییەکەیان کرابێ.

غازی خەلیل، دادوەرێکی دیکە لە پارێزگای دهۆک، چەندین کەیسی هاوشێوەی کەیسەکەی ئەحمەدی هاتووەتە بەردەست و پێیوایە لە کەیسەکەی ئەحمەددا بەڵگەی پێویست لەبەردەست نییە بۆ ئەوەی فەرمانی بەندکردن بۆ ئەحمەد دەربکەن.

غازی لەمبارەیەوە بە (ئەلمۆنیتەر)ی گوت: "ئێمە لەسەر ئەندامبوون لە داعش یان هاوکاریکردنی ئەو گروپە لێپرسینەوە لە تۆمەتبارەکان دەکەین، نەک لەسەر کەیسی جینۆساید، تاوەکو ئێستاشی لەگەڵ بێت ئێمە بەڵگەی تەواومان لەبەردەست نییە بۆ ئەوەی کەیسی جینۆسایدیان بۆ بکەینەوە، بۆ نموونە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی شنگال تاوەکو ئێستاش لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە، ئەگەر بشکرێ ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ، ڕەنگە ساڵانێکی زۆری بوێ".

پەری ئیبراهیم، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری دامەزراوەی ئازادی ئێزدی، دڵگرانە لەوەی دوای تێپەڕینی چوار ساڵ لە پەلاماری داعش، هەتا ئێستا یەک کەسیش لەسەر تاوانی دژی ئێزدییەکان دادگایی نەکراوە. پەری کە خۆی کوردی ئێزدییە، دەڵێت گرنگە ئێزدییەکان لە دادگاکاندا ئامادە بن. لەمبارەیەوە بە ماڵپەڕەکەی گوت "لە دادگاکانی عێراقدا زۆر کەس بە تاوانی ئەندامێتی یان هاوکاریکردنی داعش بڕیاریان لەسەر دراوە، بەڵام لەسەر تاوانەکانیان لەدژی ئێزدییەکان دادگایی نەکراون".

خەڵکی عێراق چەندینجار تووشی کۆمەڵکوژی هاتوون، بەڵام وەکو پەری ئیبراهیم ئاماژەی بۆ دەکات، هێشتا هیچ یاسایەک بۆ سزادانی جینۆساید لە عێراق نییە و یاسای تیرۆری عێراقیش کەم تا زۆر باسی دەستدرێژی و کۆیلایەتی سێکس ناکات. عێراق یاسای دەستدرێژی سێکسی هەیە، بەڵام ئەم یاسایە لەسەر گومانلێکراوانی کەیسی تیرۆر جێبەجێ ناکرێ، بەڵکو تەنیا هاووڵاتیانی مەدەنی دەگرێتەوە".

پەری ئیبراهیم و ڕێکخراوەکەی لە هەوڵی جدیدان بۆ ئەوەی ئەو چەکدارانەی بە پاسپۆرتی ئەورووپی هاتوونەتە سووریا و عێراق یان ئەوانەی گەڕانەوتەوە ئەورووپا لەسەر کەیسی جینۆسایدی ئێزدییەکان دادگایی بکرێن.

حەیات لە تەمووزی 2017 لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش ڕایکرد، بەڵام کابووسی سێ ساڵ ژیان لەسایەی داعشدا بەرۆکی بەرنەداوە و تاوەکو ئێستاش خەو بە دەستدرێژیکەرەکانەوە دەبینێ و ژانەسەری سەخت لێی دەدات. حەیات دەست بە سەری خۆیدا دەهێنێ و دەڵێ: "هەموو شتێکم تاقیکردەوە، بەڵام باشتر نابێ. وابزانم ئیدی دەبێ لەگەڵیدا بژیم و تەواو".

### ژمارەیان بەشێوەیەکی مەترسیدار دادەبەزێ

# ئەمریکا هاوکاریی مەسیحییەکان و کوردی ئێزدی دەکات



ئەمریکا چیدی ئامادە نییە کار بە "پرۆگرامە بێسوودەکان"ی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو– هەولێر**

حکومەتی ئەمریکا ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی دەیان ملیۆن دۆلار هاوکاری پێشکەش بە هەردوو کۆمەڵگای مەسیحی و ئێزدی عێراق و کوردستان بکات، ئێستاش ناوەندی پەیوەندیدار خەریکی دۆزینەوەی ڕێوشوێنی پێویستە بۆ ئەوەی ئەو هاوکارییانە ڕەوانە بکرێن. ئەم هاوکارییە لە ژێر گوشاری جێگری سەرۆکی ئەمریکادا ڕەزامەندییان لەسەر دراوە.

مارک گرین، بەرپرسی ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) بە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ڕاگەیاند کە 10 ملیۆن دۆلار بە دوو گروپ دەدرێت، یەکێکیان لەلایەن ناوەندی خزمەتگوزاریی هاریکاری کاتۆلیکییەوە سەرپەرشتی دەکرێت. 25 ملیۆن دۆلاری دیکەش بە "کۆمەڵگا چەوساوەکانی عێراق" دەدرێ، بەتایبەتیش مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا و ئێزدییەکانی شنگال.

ساڵی ڕابردوو ئیدارەی کۆشکی سپی ڕایگەیاند هاوکارییە مرۆییە دەرەکییەکان کەمدەکەنەوە، بەڵام هاریکارییەکانی ئەمجارە دەریدەخات پاراستنی مەسیحی و کەمینە ئاینییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تاوەکو ئێستاش لە بەرنامەی کاری حکومەتی ئەمریکادا ماوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (واشنتن پۆست) ئەوانەی لۆبییان بۆ ئەم هاریکارییە کردووە، هەمان ئەو گروپ و لایەنانە بوون کە لە ساڵی 2016دا داوایان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کردبوو تاوانەکانی داعش لەدژی کوردی ئێزدی و مەسیحییەکان وەکو جینۆساید بناسێ.

ئەو گروپانە نیگەرانیی خۆیان بە ئیدارەی ئەمریکا ڕاگەیاندووە کە خەریکە مەسیحی لە ناوچەکەدا نامێنێ، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتووە مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا لە ساڵی 2003ەوە نزیکەی یەک ملیۆن و 300 هەزار کەس دابەزیوە و گەیشتووەتە تەنیا 200 هەزار کەس، ژمارەی ئێزدییەکانی ناوچەی شنگالیش زۆر دابەزیوە و گەیشتووەتە 500 هەزار کەس. هەر ئەمەش وایکردووە واشنتن بایەخێکی تایبەت بەو دوو کۆمەڵگایە بدات، هەرچەندە هاوکارییەکانی (USAID) نابێ لەسەر بنەمای ئایین یان نەتەوە بن.

نینا شیا، سەرۆکی ناوەندی ئازادی ئایین لە پەیمانگای هۆدسن. بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ "ئەگەر ئەو تاوانانەی کراون بەپێی پەیماننامەکان جینۆساید بن، ئیدی بۆچی نابێ بەپێی ئەو پەیماننامانە هاوکارییان بکەین؟". شیا یەکێکە لەو کەسانەی پشتگیری هاریکاریی زیاتری ئەو دوو کۆمەڵگایە دەکات، چونکە پێیوایە "ئەوان ڕزگاربووی جینۆساید و قێزەوەنترین توندوتیژ و دەستدرێژین کە لە دژی مافەکانی مرۆڤ کرابێ. پاش هۆلۆکۆست (واتە کوشتاری جووەکان لەسەر دەستی نازییەکان) ئێمە بەڵێنماندا هیچ کات پاسیڤ نەبین و ڕێگە نەدەین کۆمەڵگایەک بەو شێوەیە لەناو بچێ".

لە یەکساڵی ڕابردوودا هاویکارییەکان هەم کەم ببوونەوە و هەم پرۆسەی ڕەوانەکردنیشیان خاوکرابووەوە، ژمارەیەک گروپی پشتیوانی لە کۆمەڵگە ئاینییەکان ئەو پرسەیان بۆ مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، بەرزکردبووەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکەی (واشنتن پۆست)، جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە مانگی تشرینی یەکەمی پارساڵەوە بەردەوام چاودێری هەوڵەکانی (USAID)ی کردووە، دواتریش بە گروپی (بەرگری لە مەسیحییەکان)ی ڕاگەیاند کە چیدی کار بە پرۆگرامە "بێسوودەکان"ی نەتەوە یەکگرتووەکان ناکەن، بەڵکو لە ڕێگەی (USAID)ەوە هاریکاری پێشکەش بە هەردوو کۆمەڵگەی مەسیحی و کوردی ئێزدی دەکەن.

ڕاپۆرتەکەی (پۆست) ئاشکرای دەکات لە مانگی کانوونی یەکەمی پارساڵ، (USAID) شەش ملیۆن و 600 هەزار دۆلاری بە سێ ڕێکخراوی ناحکومی داوە، تاوەکو یارمەتی ئاوارە گەڕاوەکانی دەشتی نەینەوا بدەن. هەر لە کانوونی یەکەمدا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش 10 ملیۆن دۆلاری پێشکەش بە کەمایەتییە ئاینییەکانی عێراق کرد.

لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵیشدا ئاژانسە ئەمریکییەکە 55 ملیۆن دۆلاری بۆ پرۆگرامی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) ڕەوانەکرد، ئەم پارەیە بەشێک بوو لەو 75 ملیۆن دۆلارەی کە ئەمریکا بە شێوازی قست پێشکەش بە پرۆگرامەکەی نەتەوەی یەکگرتووەکانی دەکات. ئەمریکا ڕایگەیاندووە ئامادە نییە 75 ملیۆن دۆلاری دووەم بە نەتەوە یەکگرتووەکان بدات، ئەگەر گەرەنتی ئەوە وەرنەگرێ پارەکە بە شێوەیەکی گونجاو خەرج دەکرێ. لەو کاتەوە ئاژانسە ئەمریکییەکە 4 ملیۆن دۆلاری دیکەی بۆ پێداویستییە تەندروستییەکان لە نەینەوا خەرج کردووە و ئێستاش بەدوای گروپ و ڕێکخراوی خۆجێییدا دەگەڕێ تاوەکو بۆ خەرجکردنی 35 ملیۆن دۆلاری دیکە هاوکاری بکەن.

حکومەتی ئەمریکا (UNDP) بەوە تۆمەتبار دەکات لە گەیاندنی هاریکارییەکان بۆ نەینەوا و شنگال خاو بووە. مارتا ڕۆیداس، جێگری نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هاریکارییەکانی ئەمریکا لە 340 پڕۆژەدا خەرجکراون، بەڵام پێویستییەکان لەو ناوچەیە زۆرن و هاوکارییەکانیش بەپێی پێویست نین. بانکی جیهانی و حکومەتی عێراق ڕایانگەیاندووە 88 ملیار دۆلار تەنیا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە پێویستن کە لەژێر دەسەڵاتی داعش دابوون.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (پۆست)، مایک پێنس لە کارەکانی (USAID) ڕازی نییە، بۆیەش داوای کردووە بەرپرسی ئاژانسەکە پێش کۆتایی ئەم مانگە سەردانی ناوچەکە بکات و ڕاپۆرتی کار بۆ ئۆفیسی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بنێرێ، یەکێک لەو شتانەش کە پێنس جەختی لەسەر دەکاتەوە خێراترکردنی هاریکارییەکانە، کە زۆرجار بە بیانووی کارە ئیدارییەکان کێشەیان بۆ دروستدەبێ.

بەرپرسێکی ئەمریکی ئاگادار لە کێشەکە بە (واشنتن پۆست)ی ڕاگەیاندووە کە جێگری سەرۆکی ئەمریکا ڕەخنەی لە (USAID) هەیە لەسەر ئەوەی نەیتوانیوە ئەولەوییەت بە مەسیحی و کەمایەتییە ئاینییەکان بدات، تەنانەت پشتگیری خۆیشی بۆ گۆڕینی ستافی بەرپرسیار لە هەوڵەکانیش دەربڕیوە.

دوو هەفتە لەمەوبەر، مایک پێنس لە کۆبوونەوەیەکی ساڵانەی گروپێکی مەسیحییەکانی تێکساس ڕایگەیاند "دەمەوێ بەڵێنی ئەوە بە هەمووتان بدەم، کە ئۆقرە ناگرین هەتا هاوکاریی پێویست بۆ هەڵسانەوە، ئاوەدانکردنەوە و خۆشکردنی ژیان پێشکەش بە هاوڕێ مەسیحییەکانمان و هەموو کۆمەڵگا چەوساوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەکەین".

تاوەکو ئێستا دیار نییە کام گروپ لە عێراق لە هاوکارییەکانی ئەمریکا بێبەش دەبێت، لەکاتێکدا جێگری سەرۆکی ئەمریکا سوورە لەسەر ئەوەی مەسیحییەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان بخرێنە ئەولەوییەتەوە. گروپەکانی پشتگیری لە مەسیحی و کوردە ئێزدییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا ئەو دوو کۆمەڵگایە لە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان بێبەشکراون.

بەرپرسی (USAID) پێیوایە ئەو بایەخەی ئاژانسەکەیان بە مەسیحی و ئێزدییەکانی دەدات، وەکو ئەو بایەخەیە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە موسڵمانەکانی میانماری دەدات کە بە گەورەترین گروپی چەوساوەی ئایینی لە جیهاندا لەقەڵەم دەدرێن. مارک گرین نیگەرانیش نییە لەوەی ئەم هەوڵەیان بەوە لێکبدرێتەوە کە لە نێوان گروپە جیاجیا عێراقییەکاندا جیاوازی دەکەن چونکە "ئاژانسی (USAID) لەگەڵ زۆر گروپی چەوساوەی ئایینی دیکەش کار دەکات و پشتیوانیان دەکات".

# دیوەخان.. دادگای سێبەر لە کوردستان



چارەسەرکردنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە یەکێک لە دیوەخانەکانی هەرێمی کوردستان

**دادوەر هەبووە کێشەی خۆی هێناوەتە لای ئێمە**

سەرهەد ئەنوەربەگی بێتواتە

**خەڵک زیاتر بڕوایان بە دیوەخان هەیە نەک دادگا**

دادوەر عەبدولباست فەرهادی

شکار ئەحمەد
رووداو- هەولێر

دیوەخانی سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکان جمەیان دێت لەوانەی کێشەی کۆمەڵایەتییان هەیە. ئەم دیوەخانانە بوونەتە دادگایەکی نافەرمی یان دادگایەک لە سێبەردا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکی. لە یەکێک لەو دیوەخانانە بیستمان کە تەنانەت دادوەر هەبووە بۆ چارەسەری کێشەیەکی خۆی پەنای بۆ ئەو دیوەخانە بردووە.

دیوەخان مێژوویەکی کۆنی هەیە لە کوردستان. هەموو ئاغا و شێخ و سەرۆک عەشیرەتێک دیوەخانی تایبەت بە خۆی هەبووە. دیوەخان جگە لە شوێنی کۆڕ و کۆبوونەوەی عەشیرەت، شوێنی چارەسەرکردنی کێشەکانی گوند بووە. ئەمڕۆ سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتێک بەناوی دەسەڵاتی دادوەری هەیە، هێشتا دیوەخانەکان کاران لە چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتیدا.

## سوڵحێک بە 300 هەزار دۆلار

سەرهەد ئەنوەربەگی بێتواتە کە کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیی ناسراوە، وەک خۆی دەڵێت نزیکەی 200 ساڵە دیوەخانیان هەیە و کێشەی خەڵکیان چارەسەر کردووە. سەرهەد بەگ باسی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە دیوەخانەکەی دەکات و دەڵێت: "سەرەتا ئەو لایەنەی تاوانەکەی کردووە کێشەی خۆی دەهێنێتە لای ئێمە. دواتر ئێمە تاوانلێکراوەکە دەبینین، هەردوولا لە دیوەخان کۆدەکەینەوە و ڕێکدەکەون، کۆنووسیان بۆ دەکەین و واژۆیان پێدەکەین، دواتر کۆنووسەکە دەبرێتە لای پۆلیس و دادگا و ئەو لایەنەی تاوانەکەی بەرامبەر کراوە تەنازول بۆ لایەنەکەی دیکە دەکات و دەڵێت سوڵحم کردووە لەسەر دەستی فلان و بە شاهێدیی فلان و تەنیا مافی گشتی دەمێنێ، ئەوەش پەیوەندی بەدادگاوە هەیە".

لەبارەی جۆری ئەو کێشانەی دێنە لایان، سەرهەد ئەنوەربەگ دەڵێت: "مانگانە نزیکەی 10 کێشەی جۆراوجۆر دێنە لامان، زۆرترینیان کێشەی ئافرەتن و ئەگەر زوو فریای نەکەوین کێشەکە گەورە دەبێت و خەڵکی تێدا دەکوژرێت، بۆیە زوو چارەسەری دەکەین و کێشەکە دەبڕێنینەوە".

سەرهەد ئەنوەر بەگ نایشارێتەوە کە هەندێک سوڵح هەن زۆر قورسن و دەڵێت: "سوڵحی وا هەیە بە سەدان هەزار دۆلار چارەسەر دەکرێت، بۆ نموونە کێشەیەک هێنرایە لای من کە دوو کەسی تێدا کوژرابوو، کێشەکە زۆر قورس بوو، بەڵام من توانیم بە 300 هەزار دۆلار چارەسەری بکەم".

سەرهەد ئەنوەر بەگ ڕەتیکردەوە کە ئەوان لەبەرامبەر چارەسەرکردنی کێشە پارە وەربگرن: "نەک هەر پارە وەرناگرین، بەڵکو زۆرجار پارەش دەدەین بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر ببێ، بەبێ ئەوەی لایەنەکان بزانن پارەمان داوە".

دادوەر پەنای بۆ بردوون

ئەگەرچی زۆربەی خاوەن کێشەکان لەبری دادگا روو لە دیوەخانەکان دەکەن، بەڵام سەرهەد ئەنوەر بەگ دەڵێت: "ئێمە لەجیاتی یاسا کار ناکەین و بەدیلی یاسا نین، بەڵکو یارمەتی یاسا و دادگا و پۆلیسیش دەدەین، واقیعی کوردستان وایە کە هەندێک کێشە هەیە بە دادگا چارەسەر ناکرێت".

ئەو ڕەخنەی لەو کەسانە هەیە کە بە خراپ باسی ڕۆڵی دیوەخانەکان دەکەن و پێیانوایە ڕۆڵی دادگایان لاواز کردووە: "ئەگەر میللەتی ئێمە هەمووی خوێندەوار بوو، ئەوکاتە با یاسا کاری خۆی بکات و کەس دەست لە کاروباریان وەرنەدات، بەڵام ئایا کۆمەڵگەی ئێمە وایە؟ نەخێر، بۆیە ئەگەر ئەو دیوەخانانە نەمێنن، کێشە کۆمەڵایەتییەکان نەک چارەسەر نابن، بەڵکو زۆرتریش دەبن. ئێستاش کە تاوان کەمترە، بەشێکی پەیوەندی بەم سوڵحە کۆمەڵایەتیانەوە هەیە".

سەرهەد ئەنوەربەگ نایشارێتەوە کە جار هەبووە دادوەریش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خۆی پەنای بۆ ئەوان بردووە و دەڵێت "حاکمێک کێشەی لەگەڵ بنەماڵەیەک هەبوو، تەلەفۆنی بۆ من کرد کێشەکەی بۆ چارەسەر بکەم، منیش چارەسەرم کرد و نەمهێشت کوشت و کوشتاری لێبکەوێتەوە".

سەرهەد ئەنوەر بەگ پێیوایە هۆکاری زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، نەمانی ئەو پەیوەندییە عەشیرەتییەیە کە پێشتر هەبووە و دەڵێت: "لە کوردستان بەدەیان حیزبمان هەیە. بەسەدان کوتلە پەیدابوون کە هەموویان چەکدارن و هیچیان دان بەوەی دیکەدا نانێن و حیساب بۆ یەکدی ناکەن، کەسێک کەسێکی دیکە دەکوژێت و دەچێتە سلێمانی و شوێنەکانی دیکە، لەوێ نایگرن و رادەست ناکرێتەوە، بۆیە یاسا وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێ و حکومەتیش بەتەنیا هیچی پێناکرێت، کەس یارمەتی حکومەت نادات، لەو هەولێرە پۆلیسێک تۆمەتبارێکی کوشت، چونکە لەبەردەستی هەڵات، کەسوکاری تۆمەتبارەکە هەڕەشەی کوشتنیان لێکرد و بەناچاری لە سوڵحێکی کۆمەڵایەتیدا خوێنی تۆمەتبارەکەی دا، ئەگەرنا دەیانکوشتەوە، بۆیە ئێستا پۆلیسێکی فەقیر ناوێرێت کاری خۆی بکات و ڕووبەڕووی تۆمەتبارێک ببێتەوە".

پێشتر لە سوڵحە کۆمەڵایەتییەکاندا ژن لەبری خوێن دەدرا، بەڵام سەرهەد ئەنوەربەگی بێتواتە دەڵێت: "من ئامادە نیم ئەو سوڵحانە بکەم کە لەبری خوێن داوای ژن دەکرێت، ئامادە نیم ژنێک بکەمە کۆیلە و بیدەمە لایەنی بەرامبەر، تەنانەت ئەگەر هەردوو لایەنیش رازی بن، من نایکەم".

## "بڕوایان زیاتر بە دیوەخانە"

دادوەرەکانیش دەزانن کە خەڵک هێندەی پەنا بۆ دیوەخان دەبەن، هێندە پەنا بۆ دادگا نابەن، ئەمە باری گرانی سەر شانی دادگاکانیشی سووک کردووە.

عەبدولباست فەرهادی، سەرۆکی دادگای تاوانی هەولێر، باسی هۆیەکانی کارایی دیوەخان دەکات لە کۆمەڵگای کوردیدا و دەڵێت: "واقیعی کۆمەڵگەی ئێمە وایە کە براگەورەیی و سوڵحی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە، خەڵک زیاتر بڕوایان بە دیوەخان و مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان هەیە وەک لە دادگا، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بەداخەوە دەیان کۆلێژی یاسامان هەیە، بەڵام ئاستی رۆشنبیریمان لە ساڵانی پەنجاکانیش نزمترە".

هەرچەندە دادگا هیچ پەیوەندییەکی فەرمی لەگەڵ دیوەخان و مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە، بەڵام عەولباست فەرهادی نایشارێتەوە کە ڕۆڵی دیوەخان و مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان "باشە" و زۆربەی کات هاوکاری دادگا بوون و "باری دادگا سووک دەکەن". بەڵام دەشڵێت "پێویستە ئەوانەی سوڵحەکان دەکەن، لایەنەکان تێبگەیەنن کە ئەو سوڵحە مانای ئەوە نییە کێشەکە کۆتایی دێت، چونکە ئەو تاوانە مافی گشتیشی تێدایە".

سەبارەت بە کارکردن بە کۆنووسی سوڵحی دیوەخانەکان لە دادگاکاندا، فەرهادی گوتی: "ئەو کۆنووسەی لەکاتی پێکهاتن و سوڵحە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنووسرێ و واژۆ دەکرێ، لەلای دادگا هیچ ئیعتیبارێکی نییە". گوتیشی: "هیچ پەیوەندییەک لەنێوان مەکتەبی کۆمەڵایەتی حیزبەکان و دادگاکاندا نییە، ئەوان لە دادگاکاندا بەشداری ناکەن".

بەپێی بەدواداچوونی (رووداو) ئەو کێشانەی لە دیوەخانەکان چارەسەر دەکرێن، لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازن، بۆ نموونە لە هەولێر زۆربەی کێشەکان لەسەر ژنانە، لە ناوچەیەکی وەکو گەرمیانیش لەسەر زەویوزارە.

هەڵکەوت ئەنوەر خەلیفە یونس، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتییە لە شارەزوور و چەندین ساڵە خەڵک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنا بۆ دیوەخانەکەیان دەبەن، ئەوان براگەورەیی ناوچەکەیان بە میرات بۆ ماوەتەوە و دەڵێت: "نزیکەی 170 ساڵە بنەماڵەکەمان بەوە ناسراوە کە لەپێناوی سوڵحی کۆمەڵایەتیدا هەوڵی زۆرمان داوە، لەسەر دەستی ئێمە سەدان کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەر کراون".

لەبارەی جۆری کێشە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی چارەسەرکردنیان، حاجی هەڵکەوت دەڵێت: "کێشەکان جۆراوجۆرن، کێشەی کوشتن و ئافرەت و ئۆتۆمبێل و زەویوزاریشی تێدایە، جاران کێشەکان زیاتر لەسەر کوشتن بوون، بەڵام ئێستا ئەمە زۆر کەم بووەتەوە و زۆرترین کێشە لەسەر زەویوزارن".

حاجی هەڵکەوت کە نزیکەی دوو ساڵ و نیوە ئەنوەری خەلیفە یونسی باوکی کۆچی دوایی کردووە و جێنشینی باوکیەتی لە دیوەخانەکەیان، گوتیشی "لەلای ئێمە کە هەردوولایەن بڕیاریان دا سوڵح بکەن، دەیکەن و جارێکی دیکە کێشەکە سەرهەڵناداتەوە، چونکە دوای ئەوەی کە هەردوولا رەزامەند بوون بە سوڵحەکە، کۆنووسێک ئامادە دەکەین و هەردوو بنەماڵەکە و ئێمەش واژۆی دەکەین و کێشەکە کۆتایی دێت".

## دژی دیوەخانە

هەرچەندە حاجی هەڵکەوت دەڵێ ڕێگر بوون لە گەورەبوونی چەندین کێشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نییە خەڵک لە جیاتی دادگا پەنا بۆ دیوەخان ببەن و دەڵێت: "من ئەمە بە باش نازانم، بۆ نموونە من کەسێک دەکوژم و دەڵێم فلانە کەس سوڵحم بۆ دەکات، ئەمە شتێکی خراپە و دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی تاوان، دەبێ حکومەت بڕیار یان ڕێنماییەک دەربکات هەر تاوانێک بەتایبەتی کوشتن کە بەئەنقەست بێت، هیچ مادده و دەقێکی یاسایی نەیگرێتەوە و لە 15 ساڵ کەمتر سزا نەدرێت، تەنانەت ئەگەر سوڵحی کۆمەڵایەتیشی بۆ بکەن، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە سوڵحی کۆمەڵایەتی پێویستە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە مافی تاوانلێکراویش وەربگیرێتەوە و پێش ئەوەی کەسی دیکە بکوژرێتەوە کۆتایی بە کێشەکە بێت".

ئایا دادوەرەکان پەنا بۆ دیوەخانەکان دەبەن؟ حاجی هەڵکەوت دەڵێ: "بەڵێ، بەڵام بە نافەرمی، بۆ نموونە بە هەندێک خاوەن کێشەیان گوتووە لەڕێگەی سوڵحی عەشایەرییەوە کێشەکانتان چارەسەر بکەن، جگە لەوە حاکم هەبووە تووشی کێشە بووە، بە ناڕاستەوخۆ داوای کردووە لەڕێگەی سوڵحی کۆمەڵایەتییەوە بۆی چارەسەر بکرێت".

**15**
**هەزار کێشەمان چارەسەر کردووە**
مەکتەبی کۆمەڵایەتیی پارتی

**فەرمانگەکانی حکومەت کێشەکانیان دێننە لای ئێمە**
مەکتەبی کۆمەڵایەتیی یەکێتی

**سوڵحی کۆمەڵایەتی دەستوەردانە لە کاروباری دادگا**
سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ

## "سوڵح لە دادگا باشترە"

فەرەیدون شێخ عومەر شێخ تەهای بێدەری، کە خەڵکی گوندی بێدەری سەر بە ناحیەی ئاخجەلەرە یەکێکە لەو کەسایەتیانەی چەندین کێشە لەڕێگەی سوڵحی کۆمەڵایەتی چارەسەرکردووە بە (رووداو)ی گوت "سوڵحی کۆمەڵایەتی لە دادگا باشترە، چونکە من گەورەترین کێشە بە هەفتەیەک چارەسەر دەکەم، بەڵام بۆ بچووکترین کێشە لە دادگا چەند ساڵێک هەر دەبێت بێت و بڕۆی و دادگاییەکە هەر دوادەکەوێت".

پارتی 15 هەزار کێشەی چارەسەر کردووە

جگە لە دیوەخانی سەرۆک عەشیرەت و ئاغا و بەگەکان، حیزبەکانیش مەکتەبی کۆمەڵایەتییان هەیە، بە تایبەتی پارتی و یەکێتی، ئەمە جگەی لەوەی زۆرجار پەنا دەبرێتە بەر بەرپرسی لق و مەڵبەندەکان بۆ چارەسەرکردنی هەندێک کێشە و ئاشتەوایی نێوان دوو بنەماڵە.

مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتی پارتی 24 ساڵ لەمەوبەر و پاش کۆنگرەی 11 دامەزراوە، کە لە شەش هۆبە پێکهاتووە و نزیکەی 150 کەس بە فەرمی کاردەکەن. لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانیش لقیان هەیە.

جیهاد ئاکرەیی، بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵایەتی گشتی هەولێر بە (رووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا زیاتر لە 15 هەزار کێشەمان چارەسەرکردووە کە زۆرترینیان بەتەواوی بنەبڕکراون و کەمترین کێشە سەریهەڵداوەتەوە". دەشڵێت "هەموو کێشەیەک پێش چوونی بۆ دادگا ئێمە دەتوانین بەشداری لە چارەسەرکردنەکەیدا بکەین، بەڵام کە چووە دادگا کێشەکە پەیوەندی بە ئێمەوە نامێنێ، بەڵام حاڵەتیش هەیە کێشەکە کۆمەڵایەتییە و تاوانی گەورە نییە، لە دادگا یەکلایی نابێتەوە و دادوەرەکان پێماندەڵێن ئێوە بەشداری تێدابکەن و چارەسەری بکەن".

لەبارەی ئەو کێشانەش کە دەبرێنە مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان، جیهاد ئاکرەیی دەڵێت "کێشەکان بە هەموو جۆرەکانەوە دێتە لامان، ئێمە تەنیا تەداخولی کێشەکانی قومار و تریاک ئەو کێشانەی لەسەر بێڕەوشتین ناکەین".

مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتیی یەکێتیش لە 10 ناوەندی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە، لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بەغدا و مووسڵیش ناوەندیان هەیە، ناوەندی کۆمەڵایەتی 4 لیژنەی هەیە کە لە کەسانی یاسایی و کادیری کۆمەڵایەتی و ئایینی پێکهاتوون. ناوەندی کۆمەڵایەتی یەکێتی لە سەردەمی شاخەوە هەبووە، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین ڕێکخراوە و لە هەموو شار و شارۆچکەکان دانراوە.

محەممەد عەلی کە ناسراوە بە حەمەی مام عەلی، زیاتر لە شەش ساڵە لێپرسراوی ناوەندی سلێمانی کۆمەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، گوتی "لەماوەی کارکردنم لەو ناوەندە زیاتر لە 2000 کۆنووسی چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتیم لایە و بەبێ دووبارەبوونەوەی هیچکام لەو کێشانە هەموویان چارەسەربوونە، لەکاتی چوون بۆ دادگا و ڕێکەوتنی ئەو دوو خێزانە دادوەر داوای ئەم کۆنووسە دەکات و بڕواپێکراوە".

پشتیوان محەممەد پارێزەر و راوێژکاری مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتییە لە سلێمانی، ئەو پێیوایە مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی بوونەت ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، ئەو دەڵێت "ئێمە سوڵح بۆ بکوژ ناکەین، بەڵکو بۆ کەسوکارەکەی دەکەین".

پشتیوان محەممەد، نەشیشاردەوە کە لایەنە ئیدارییەکانیش کێشەکانیان بۆ ئەوان دەنێرن و گوتی "زۆر کێشە لەلایەن لایەنە ئیدارییەکانەوە نێردراونەتە لای ئێمە بۆ چارەسەرکردن، بەتایبەت کێشەی زەویوزار".

## "دەستوەردانە لە کاروباری دادگا"

بەڵام زیا بترۆس، سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، پێیوایە سوڵحی کۆمەڵایەتی دەستوەردانە لە کاروباری دادگا و لاوازکردنی یاسایە. ئەو دەڵێت "هەر کێشەیەک کە مافی گشتی تێدا بێت، نابێت بە سوڵحی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەروەربوونی یاسا جێی خۆی نەگرتووە، خەڵک متمانەی بە یاسا نەماوە، بۆیە سوڵحی کۆمەڵایەتی شوێنی یاسای گرتووەتەوە، دروستکردنی مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان نیشانەی گەڕانەوەیە بۆ دواوە". زیا بترۆس گوتیشی "دوو ساڵە داوامان کردووە پۆلیسی کۆمەڵایەتی دابمەزرێت و کارەکانیان دیارییبکرێت، بەڵام کەس وەڵامی نەداوینەتەوە".

هەروەها ئاوات محەممەد، بەڕێوەبەری سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی مافی مرۆڤی پێیوایە پێویستە دادگاکان دەسەڵاتی خۆیان هەبێت و مافی گشتی بە یاسا زیادبکرێت. ئاوات دەڵێت "ئەگەر کۆمەڵگەیەکی مەدەنیمان هەبێت پێویستمان بە مەکتەبی کۆمەڵایەتی نابێت، بەڵام مەکتەبی کۆمەڵایەتی و دیوەخانەکان بەهۆی سەروەرنەبوونی دەسەڵات و لاوازبوونی دادگاکانی هەرێمی کوردستانە".

## داڵدەدانی تاوانباران

گرفتی سەرەکی خاوەن کێشەکان بە تایبەتی ئەوکێشانەی خوێنیان تێدا ڕژاوە، دەستگیرنەکردنی تۆمەتبارە کە زۆرجار پەنا بۆ سەرۆک عەشیرەت یان ئاغا، یان بەرپرسی سەربازی دەبەن.

رائید عەلی جەمال قدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، سەبارەت بە داڵدەدانی تۆمەتباران لە سنوورەکەیان دەڵێت "لە سنوورەکەمان هیچ کەسێک نییە فەرمانی دەستگیرکردنی هەبێت و دەستگیر نەکرابێت، بەڵام بەداخەوە خەڵکانێک هەن لە سنووری ئێمە تاوانیان کردووە و چوونەتە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و لەلایەن خەڵکەوە داڵدەدراون، بۆ ئەمەش ئێمە نووسراو دەکەین بۆ ئەو شوێنانە کە دەستگیریان بکەن، بەڵام بەداخەوە هەندێک لەو کەسانە هێشتا دەستگیر نەکراون و بەشێکیشیان هەڵهاتوونەتە خوارووی عێراق و دەرەوەی عێراقیش".

ئەگەرچی لە پارێزگای دهۆک زۆربەی بکوژەکان دەستگیرکراون، بەڵام هشیار محەممەد، بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسایی لە پۆلسی دهۆک بە (رووداو)ی گوت :"عەشیرەت و سوڵحی کۆمەڵایەتی بووەتە هۆکاری ئەوەی کە بەشێک لە تۆمەتباران خۆیان رادەستی پۆلیس نەکەن و دەستگیر نەکرێن".

هەر سەبارەت بە داڵدەدانی تاوانباران کە زۆرجار سەرۆک عەشیرەت و کەسایەتییەکان پێی تۆمەتبار دەکرێت، سەرهەد ئەنوەر بەگی بێتواتە دەڵێت "ڕووی ئەو کەسە ڕەش بێت کە تاوانیارێک دەیشارێتەوە و داڵدەی دەدات، هەر کەسێک ئەو کارە بکات شەریکی کابرای تاوانبار و پێویستە ئیجرائاتی توندی لەگەڵ بکرێ".

سەبارەت بە داڵدەدانی کەسانی بکوژ لەڕووی یاساییەوە، عەبدولباست فەرهادی، سەرۆکی دادگای تاوانی هەولێر گوتی "ئەو کەسەی داڵدەی کەسی بکوژ دەدات، ئەویش لەڕووی یاساییەوە بەگوێرەی جۆری تاوانەکە تۆمەتبار دەبێت".

## ماسی لە بەنداوی مووسڵ کەم بووە

**ڕووداو – دهۆک**

لە دهۆک زیاتر لە هەزار ماسیگری مۆڵەتدراو و بێمۆڵەت هەن، لەو ژمارەیە 400 ماسیگر ساڵانە لەناو بەنداوی موسڵدا کاریاندەکرد، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی کەمبوونەوەی ئاوی بەنداوەکە نزیکەی 80 ماسیگر ڕاودەکەن. بەپێی خەمڵاندنەکانی خۆیان، ساڵی ڕابردوو نزیکەی پێنج تۆن ماسییان لە بەنداوی موسڵ گرتووە و لە بازاڕەکانی دهۆک فرۆشتوویانە، بەڵام ئەمساڵ پێشبینی دەکەن تاوەکو دوو تۆن ڕاوبکەن. سەرەڕای گرتنی ماسی لە بەنداوەکان، لە دهۆک 166 پڕۆژەی بەخێوکردنی ماسی هەن. ساڵانە لەو پڕۆژانەدا حەوت تۆن ماسی بەرهەمدێن.



ئابووری
ڕووداو
ژمارە (511) - دووشەممە 2018/7/2

### لەمەودوا کار بە یاسای بریکارنامەی بازرگانی دەکات

# حکومەت دەیەوێ ڕێ لە هاوردەکردنی کاڵای ساختە بگرێ




هەر کۆمپانیایەک بۆی هەیە بریکارنامەی سێ کۆمپانیای بیانی وەربگرێ (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بۆ ڕێگرتن لە هاوردەکردنی کاڵای ساختە و کواڵیتی نزم، وەزارەتی بازرگانی داوای لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە یاسای بریکارنامەی بازرگانی لەسەر کۆمپانیا بازرگانییەکان بسەپێنێ، هەر کۆمپانیایەک بریکارنامەی بازرگانی نەبێت، ڕێگەی پێ نەدرێ کاڵا هاوردە بکات.

بریکارنامەی بازرگانی بریتییە لە بەخشینی بریکارنامەی بازرگانی لەلایەن کۆمپانیا یان کارگەی دایکەوە بە کۆمپانیا یان کەسێک بە ئامانجی فرۆشتن، دابەشکردن، ساخکردنەوەی بەرهەمێک یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە وڵاتێکی دیکە.

دڵزار ئیسماعیل، بەڕێوەبەری گشتی تۆماری کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان، لەوبارەوە دەڵێت: "داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە یاسای بریکارنامەی بازرگانی بسەپێنێ و هەر کۆمپانیایەک بریکارنامەی نەبێت ڕێگەی پێنەدرێ کاڵا هاوردە بکات".

بەجێبەجێکردنی ئەم یاسایە بازرگانان چیدی ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان کاڵای ساختە و کواڵیتی نزم هاوردەی هەرێمی کوردستان بکەن، چونکە بەپێی یاساکە هەر بازرگان و کۆمپانیایەک کە کاڵایەک هاوردە بکات، دەبێت بریکارنامەی بازرگانی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکەی هەبێت و بریکارنامەکەشی لە وەزارەتی بازرگانی پەسەند کرابێ.

یاسای ڕێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی لە عێراق لە ساڵانی شەستەکان دەرچووە، حکومەتی ئەوکاتی عێراق بۆ ڕێگەگرتن لە هاوردەکردنی کاڵای خراپ و کوالیتی نزم، یاساکەی دەرکردووە.

بەهۆی پێشکەوتنی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی عێراق لەگەڵ دەرەوە، یاساکە چەندین جارێک هەموار کراوەتەوە، دوایین جاریش لەساڵی 2000 هەموار کرایەوە. پەرلەمانی کوردستانیش لە ساڵی 2007 لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیران یاساکەی بەبێ دەستکاری پەسەند کرد، بەڵام وەک پێویست یاساکە جێبەجێ نەکراوە.

بەهۆی زیادبوونی جموجۆڵی بازرگانیی عێراق لەگەڵ وڵاتان، نەگونجانی هەندێ ماددەی یاسا کۆنەکە لەگەڵ ئێستای ئابووریی عێراق، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ساڵی ڕابردوو یاساکەی هەموار کردەوە و یاسای ژمارە 79ی ساڵی 2017ی ڕێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی دەرکرد. بەپێی یاساکە، کۆمپانیا بازرگانییەکان بۆ هەر کاڵایەک دەتوانن تا سێ بریکارنامە بەناوی خۆیانەوە تۆمار بکەن، دوای تۆمارکردنیش یاساکە مافیان دەپارێزێ، چونکە لە ماددەی 13ی یاساکەدا هاتووە ناکرێت هیچ کاڵایەک یان کەرەستەیەک یان بەرووبووم و خزمەتگوزاری کۆمپانیایەکی بیانی لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و گومرگەکانەوە ڕێ بە هاوردەکردنی بدرێت ئەگەر تۆمار نەکرابێت، بەهەمانشێوە لە بڕگەی یەکی ماددە 18ی یاساکەدا هاتووە هەر کەسێک بریکارنامەی بازرگانی نەبێت و کاڵایەک هاوردە بکات کە پێشتر بەناوی کەسێکی دیکە تۆمار کرابێت، بە 15 ملیۆن دینار سزا دەدرێ.

دڵزار ئیسماعیل دەڵێت: "یاساکە مافی بازرگان و بەکاربەر دەپارێزێت، بازرگان لەڕێگەی وەرگرتنی بریکارنامەی بازرگانی لە کۆمپانیای وەبەرهێن و تۆمارکردنی لای ئێمە، مافی ئەوەی دەبێت ببێتە خاوەنی مارکە و کاڵایەک کە هیچ کەس بۆی نەبێت بەبێ ڕەزامەندی ئەو هەمان کاڵا هاوردە بکات، بەکاربەریش لەڕێگەیەوە دەتوانێ کاڵای کواڵێتی بەرز و مارکەی دەستکەوێت".

دڵزار ئیسماعیل پێیوایە بەهۆی پشتگوێخستنی ئەم یاسایە زیانێکی گەورە بە ئابووریی کوردستان گەیشتووە، بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان پڕ بوون لەکاڵای کواڵیتی نزم و ساختە، چونکە بازرگانان بەئارەزووی خۆیان کاڵا و مارکە بەناوبانگەکان ساختە دەکەن و بەنرخی بەرز لە بازاڕەکاندا بەخەڵکی دەفرۆشنەوە.

> **100 تەنیا کۆمپانیا لە کوردستان بریکارنامەیان هەیە**

بەپشتبەستن بەیاسای ڕێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی ژمارە 51ی ساڵی 2000 ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان مۆڵەت دەداتە کۆمپانیا و بازرگانان بە تۆمارکردنی بریکارنامەی بازرگانی، بەڵام بەهۆی باش جێبەجێنەکردنی یاساکە، لەکۆی زیاتر لە 25 هەزار کۆمپانیای تۆمارکراو، تەنیا نزیکەی 100 کۆمپانیا بریکارنامەی بازرگانییان هەیە.

> **بەهۆی پشتگوێخستنی ئەم یاسایە زیانێکی گەورە بە ئابووریی کوردستان گەیشتووە**
>
> بەڕێوەبەری گشتی تۆماری کۆمپانیاکان

دڵزار ئیسماعیل دەڵێت: "دوای ئەوەی کۆمپانیاکان بۆیان دەرکەوت ئێمە جددین لە جێبەجێکردنی یاساکە، ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیاکان ڕوویان لە تۆمارکردنی بریکارنامەی بازرگانی کردووە، بۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی مۆڵەتی بریکارنامەی بازرگانی لەزیادبووندایە".

کۆمپانیای پاژن کە 14 ساڵە ماستی پاژنی ئێرانی هاوردە دەکات و یەکێکە لەو 100 کۆمپانیایەی بریکارنامەی بازرگانی لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان تۆمار کردووە، لەو ڕێگەیەوە توانیویەتی ڕێ لە هاوردەکردنی ماستی ساختەکراوی پاژنی ئێرانی بگرێت کە لەلایەن هەندێ بازرگانی هەرێمی کوردستانەوە هاوردە دەکرا.

عیمران میرئال خالند، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای پاژن دەڵێت: "دوای ئەوەی ماستی پاژن لە بازاڕ خواستی لەسەر پەیدا بوو، هەندێ بازرگان بۆ بەدەستهێنانی قازانج لەگەڵ هەندێ کارگەی ئێرانی ڕێکەوتبوون و ماستەکەیان تەقلید دەکرد و بەهەمان ناو و لۆگۆ هاوردەیان دەکرد. دوای بەدواداچوون بازرگانەکانمان دۆزییەوە و بەپشتبەستن بە یاسای بریکارنامەی بازرگانی، سکاڵامان لەسەر تۆمارکردن و توانیمان ڕێگری لە هاوردەکردنی ماستی تەقلیدکراوی پاژن بگرین".

عیمران گوتیشی: "دوای ئەوەی بازرگانەکان هاوردەکردنی ماستەکەیان ڕاگرت، خاوەن کارگەکە هەڕەشەی ئەوەی لێدەکردین، ئەگەر سکاڵاکەم لەسەر بازرگانەکان نەکشێنمەوە ئەوان لە ئێران ڕێگە بە ئۆتۆمبێلەکانمان نادەن بێنە هەرێمی کوردستان، بۆیە کۆمپانیای پاژنمان ئاگادار کردەوە، ئەوانیش توانییان ئەو کارگەیە بدۆزنەوە کە ماستی پاژنی بۆ هەندێ بازرگانی هەرێمی کوردستان تەقلید دەکرد، توانییان کارگەکە دابخەن و پارەیەکی زۆریش بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکان وەربگرن".

> **ناتوانین یاساکە جێبەجێ بکەین**
>
> بەڕێوەبەری گشتیی گومرگەکانی کوردستان

عمران پێیوایە ئەگەر یاسای بریکارنامەی بازرگانی بەتەواوی جێبەجێ بکرێت، سوودی زۆری بۆ ئابووریی هەرێمی کوردستان دەبێ و چیدی بازرگانان ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان کاڵای تەقلید و خراپ بهێننە کوردستان. بەڵام ساماڵ عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەی گشتیی گومرگی هەرێمی کوردستان پێیوایە جێبەجێکردنی یاساکە ئاسان نییە، لەبەرئەوەی هەزاران جۆر کاڵا بەناو و لۆگۆی نزیک لەیەکدی هاوردە دەکرێت و لە خاڵە سنوورییەکانیش سیستەمێکی ئەلیکترۆنی وا پێشکەوتوو نییە کە جگە لە خاوەن بریکارنامە بازرگانییەکان ڕێگە بەهیچ کۆمپانیا و بازرگانێک نەدات هەمان کاڵا هاوردە بکەن، بۆیە دەڵێت: "ناتوانین ئەم یاسایە پەیڕەو بکەین".

ساماڵ عەبدولڕەحمان ڕەتیکردەوە هیچ نووسراوێکیان بۆ جێبەجێکردنی یاساکە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ هاتبێت، ئەو دەڵێت هەر کاتێک فەرمانیان بۆ بچێ، حکومەت لەکەموکوڕیی سیستەمەکەیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە ئاگادار دەکەنەوە.

# ساڵانە 10 هەزار نەخۆش بۆ چارەسەری دەچنە دەرەوەی کوردستان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی مۆڵەتپێدراوی ناردنە دەرەوەی نەخۆش دەڵێت بەهۆی کەمیی خزمەتگوزاری تەندروستی و لاوازیی متمانەی خەڵک بە دەزگا تەندروستییەکان، ساڵانە نزیکەی 8 تاوەکو 10 هەزار کەس بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەر دەچنە دەرەوەی وڵات.

وەزارەتی تەندروستی ئامارێکی دروستی نییە لەبارەی ژمارەی ئەو نەخۆشانەی بۆ چارەسەر دەچنە دەرەوە، تەنیا ئاماری ئەو نەخۆشانەی هەیە کە لە ڕێگەی ئەوانەوە بۆ چارەسەر دەنێردرێنە دەرەوە و ساڵانە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی 400 نەخۆش.

دکتۆر خاڵس قادر، بەڕێوەبەری گشتیی دیوان و گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت: "ساڵانە ژمارەیەک لە تووشبووانی شێرپەنجە بەتایبەت ئەوانەی لێرە چارەسەریان نییە، دەنێرینە دەرەوە. جگە لەوە هەندێک نەخۆش بۆ هەندێک پشکنین دەنێرینە دەرەوە، بەڵام ساڵانە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش لە دەرەوەی پلانی ئێمە بۆ چارەسەری نەخۆشی دەچنە دەرەوە".

هۆکار زۆرن بۆئەوەی خەڵک بۆ چارەسەر ڕوو لە دەرەوەی وڵات بکەن، لەوانە توانای دارایی، بەردەستنەبوونی چارەسەر، زۆریی نۆرەی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە حکومییەکان، نەبوونی ئامێری پشکنین و دابەزینی بەهای تمەنی ئێرانی و لیرەی تورکی.

دکتۆر خاڵس دەڵێت: "بەشێکی زۆری بۆ ئەو ریکلامە زۆرە دەگەڕێتەوە کە کۆمپانیا بازرگانییەکان بۆ پزیشک و نەخۆشخانەکانی دەرەوەی دەکەن، تەنانەت ئەو ڕیکلامانە بەجۆرێک دەکرێن کە کاری لە لاوازکردنی متمانەی نەخۆش بە نەخۆشخانەکانی کوردستان کردووە".

وەزارەتی تەندروستی مۆڵەتی بە شەش کۆمپانیا داوە نەخۆش بۆ چارەسەر ببەنە دەرەوە، بەڵام ژمارەیەک کۆمپانیا لە دەرەوەی ڕێنماییەکانی وەزارەت نەخۆش دەبەنە دەرەوە، هەندێ خەڵکیش بە ئۆتۆمبێلی خۆیان بۆ چارەسەری سەردانی ئێران و تورکیا دەکەن.



تێچووی هەر نەخۆشێک لە دەرەوە لە 5000 دۆلارەوە دەستپێدەکات تاوەکو 150 هەزار دۆلار (فۆتۆ: ڕووداو)

دکتۆر خاڵس قادر دەڵێت: "ئێمە مۆڵەتمان بە شەش کۆمپانیا داوە نەخۆش بنێرنە دەرەوە، بەڵام ساڵانە ژمارەیەکی یەکجار زۆر نەخۆش لە دەرەوەی ئەو کۆمپانیایانە و بەبێ ئاگاداری ئێمە بەڕێگەی جیاواز بۆ چارەسەری نەخۆشیی قورس و سووک دەچنە دەرەوە".

دەستەی وەبەرهێنان تاوەکو ئێستا مۆڵەتی بە 912 پڕۆژە لە 13 سێکتەر داوە، بەڵام سێکتەری تەندروستی تەنیا 45 پڕۆژەی بە سەرمایەی 916 ملیۆن دۆلار بەرکەوتووە کە دەکاتە 2%ی سەرمایەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان.

دکتۆر خاڵس قادر دەڵێت: "جگە لە خەرجیی چوون و هاتن و مانەوە، نەخۆش ساڵانە پارەیەکی یەکجار زۆر بۆ وەرگرتنی چارەسەری لە وڵاتانی دەوروبەر خەرج دەکات کە لەوانەیە کۆی گشتی بگاتە ملیۆنان دۆلار. بۆ ڕێگەگرتن لە چوونە دەرەوەی ئەم پارە زۆرە، ئێمە پلانی پێشخستنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و دانانی بیمەی تەندروستیمان هەیە کە لەڕێگەیەوە قورسایی سەر شانی حکومەت و هاووڵاتی کەم دەبێتەوە، لە هەمانکاتیشدا بۆ پشخستنی خزمەتگوزاریی تەندروستی پێویستە حکومەت هانی وەبەرهێنەران بدات وەبەرهێنان لە سێکتەری تەندروستی بکەن".

کۆمپانیای ئەی کەی گلۆباڵ هێڵس بۆ خزمەتگوزاری پزیشکی و ناردنە دەرەوەی نەخۆش یەکێکە لەو شەش کۆمپانیایەی لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە ڕێگەی پێدراوە نەخۆش بباتە دەرەوە، کۆمپانیاکە لقی کۆمانیایەکی نێودەوڵەتی ئەمەریکییە کە لە 16 وڵاتی جیهان لقی هەیە و ساڵی 2013 لقی لە هەولێر کردووەتەوە، پێشتر لقی لە نەجەف و بەغدا و سلێمانی و دهۆکیش هەبووە، ئێستا تەنیا لقی هەولێری ماوە.

مومتاز جەلیل، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە دەڵێت: "لە ساڵی 2014 و 2015 گرێبەستێکمان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بۆ ناردنەدەرەوەی ئەو نەخۆشانە کرد کە پێویستیان بە چاندنی مۆخ هەبوو، 346 نەخۆشمان بردە دەرەوە، ئەمە جگە لەو نەخۆشانەی لەڕێگەی تایبەتەوە بۆ چارەسەری ناردوومانەتە دەرەوە، بەشێوەیەکی گشتی ساڵانە 300 تاوەکو 500 نەخۆش بۆ چارەسەری دەبەینە دەرەوە، ئەو نەخۆشانەی کە کەیسەکانیان تایبەتە و پێویستیان بەچاودێریی چڕ و مانەوەی زیاتر هەیە، زیاتر دەیانبەین بۆ هیندستان، چونکە خەرجی مانەوە و چارەسەری لەوێ هەرزانترە".

سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی بۆ چارەسەری دەچنە دەرەوە، مومتاز جەلیل گوتی: "بەپێی بەدواداچوونی ئێمە ساڵانە نزیکەی 8 تاوەکو 10 هەزار نەخۆش لەڕێگەی تایبەت و کۆمپانیاکانەوە بۆ چارەسەری دەچنە دەرەوەی وڵات". سەبارەت بە تێچووی گەشتەکانیشیان، گوتی: "خەرجی بەگوێرەی کەیسی نەخۆشەکان دەگۆڕێ، بەشێوەیەکی گشتی لە 5 هەزار دۆلارەوە دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە 150 هەزار دۆلار، هەندێ نەخۆشیش تەنیا بۆ پشکنینی سیتی سکان دەبەین کە تێچووەکەی نزیکەی 1200 دۆلارە".

> **"حکومەت لە ماوەی 5 ساڵدا 20 ملیۆن دۆلاری تەنیا لە چاندنی مۆخ بۆ نەخۆشانی تالاسیمیا خەرج کردووە"**

جگە لە خزمەتگوزاری ناردنە دەرەوەی نەخۆش، کۆمپانیای ئەی کەی گلۆباڵ هێڵس، نیازی هەبووە پزیشک لە دەرەوە بهێنێ و نەخۆشخانەیەک لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە، بەڵام وەک مومتاز جەلیل، دەڵێت "دوای هێرشی داعش بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق تێکچوو، بۆیە هیچ پزیشک و کۆمپانیایەک ئامادە نەبوو بێتە کوردستان و وەبەرهێنان لەم بوارە بکات".

مومتاز جەلیل دەڵێت حکومەت ساڵانە خەرجییەکی زۆر لە ناردنە دەرەوەی نەخۆش دەکات، بەشی زۆری ئەو خەرجیەش جێی خۆی ناگرێت. چونکە زۆر درەنگ بڕیاری ناردنە دەرەوەی نەخۆش دەدرێت. ئەو نموونە بە خەرجیی حکومەت بۆ چاندنی مۆخ بۆ نەخۆشانی تالاسیمیا دێنێتەوە و دەڵێت: "حکومەت لە ماوەی 5 ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 20 ملیۆن دۆلاری تەنیا لە خەرجی چاندنی مۆخ بۆ نەخۆشانی تالاسیمیا خەرج کردووە، بەو پارەیە تەنیا چارەسەری 350 تاوەکو 360 نەخۆش کراوە، ئەگەر حکومەت پلانی هەبووایە دەیتوانی بەو پارەیە نەخۆشخانەیەک دروست بکات بۆ ئەو جۆرە نەخۆشانە".

دکتۆر شوان قادر، سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پزیشکانی کوردستان، دەڵێت: "بەشێکی زۆر لە کۆمپانیاکان بۆ قازانجی خۆیان ریکلامی زۆر بۆ پزیشک و نەخۆشخانەکانی دەرەوە دەکەن، ئەمەش متمانەی نەخۆشی بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی حکومی و تایبەت کەمکردووەتەوە، بۆیە ژمارەی چوونە دەرەوەی نەخۆش چەند ساڵێکە زیادی کردووە".

بەگوتەی دکتۆر شوان قادر، بەشێک لە کۆمپانیا و نەخۆشخانەکانی دەرەوە فێڵ لە نەخۆش دەکەن، تەنیا بۆ ئەوەی خەرجی زیاتر بە نەخۆش بکەن و قازانجی زیاتریان دەستکەوێت نەشتەرگەری ناپێویست بۆ نەخۆش دەکەن "بەڵگەشمان بۆ ئەو قسە هەیە، چەندینجار نەخۆش بۆ ئەم مەبەستە سکاڵای بۆ ئێمە هێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نەخۆشەکە بەبێ پرسی وەزارەت و ئێمە چووەتە دەرەوە، نەمانتوانیوە هیچ شتێکی بۆ بکەین".

# نرخی نەوت دەگاتە 90 دۆلار؟



یادگار سدیق

تا کۆبوونەوەکەی حوزەیرانی ئەمساڵ، بەرهەمهێنەرانی نەوتی ئۆپێک و بەشێک لە وڵاتانی دەرەوەی ڕێکخراوەکە، هەوڵەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بە قەبارەی یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، نرخی نەوتی لە ژێر گوشارێکی بەهێزدا هێشتبووەوە، بە جۆرێک نرخی نەوت دابەزی، بەڵام دابەزینی خستنەڕووی نەوتی لیبیا و کەنەدا، پاشەکشەی بەردەوامی بەرهەمهێنانی نەوتی ڤەنزوێلا، گەڕاندنەوەی سزا ئەتۆمییەکان بۆ سەر ئێران، دووبارە نرخی نەوتیان بردە سەرێ.

دوای کشانەوەی لە ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێران، ئەمریکا هەوڵی گەڕاندنەوەی سزا ئابوورییەکانی سەر ئەو وڵاتە دەدات، دەیەوێت ئێران لە بازاڕی وزە دووربخاتەوە و لەو ڕێگەیەوە هەرەس بە کەرتی وزەی ئێران بهێنێ. ئەمریکا داوای لە هەموو وڵاتانی کڕیاری نەوتی ئێران کردووە، لە تشرینی دووەمی ئەمساڵەوە مامەڵە لەگەڵ ئێران نەکەن. پێش بڕیارەکەی ئەمریکا لەسەرەتای حوزەیرانی ئەمساڵ بەشێک لە پاڵاوگە گەورەکانی ئەورووپا ڕایانگەیاند، لە تشرینی دووەمی ئەمساڵ کارەکانیان لە ئێران ڕادەگرن. بەگوێرەی پێگەی تانکەر تراکەر، فەرەنسا لەماوەی سێ هەفتەی یەکەمی حوزەیرانی ئەمساڵ ڕۆژانە نزیکەی 155 هەزار بەرمیل نەوتی ئێرانی کڕیوە، ئیتاڵیا بە ڕێژەی 5.23% و ئیتاڵی بە ڕێژەی 4.66% کڕیاری نەوتی ئێران بوون، هەروەها چین کە گەورەترین کڕیاری نەوتی ئێرانە، ڕۆژانە 21%ی نەوتی ئێران دەکڕێ. دوای ئەویش هیندستان دێت بەڕێژەی 20.6%، ژاپۆن بە ڕێژەی 12.28%، کۆریای باشووریش بەڕێژەی 10.52%.

هەر چەندە دوای داواکارییەکەی ئەمریکا، ئەو وڵاتانە بڕیاری ڕاگرتنی نەوتی ئێرانیان نەداوە، بەڵام بەشێک لە پاڵاوگەکانی ئەو وڵاتانەش بەتایبەت پاڵاوگەکانی ژاپۆن و کۆریای باشور ڕایانگەیاندووە هەوڵی ڕاگرتنی کڕینی نەوتی ئێران دەدەن، ئەمەش دەرفەتی زیاتر بە نرخی نەوت دەدات تاوەکو ڕوو لە بەرزبوونەوەی زیاتر بکات، چونکە 2.5 ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی ئێران لە بازاڕەکانی جیهان نامێنێ.

بەرزبونەوەی بەردەوامی بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی لیبیا لە ماوەی ڕابردوودا نرخی نەوتی خستبووە ژێر کاریگەرییەکانی خۆی، بەڵام بەهۆی دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە لیبیا ئاستی هەناردەکردنی نەوتی ئەو وڵاتە 600 بۆ 700 هەزار بەرمیل پاشەکشەی کردووە و بۆ 400 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیوە. لەگەڵ ئەوەش ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کەنەدادا دابەزیوە، سەرەڕای بەردەوامی پاشەکشەی بەرهەمهێنانی نەوتی ڤەنزوێلا کە بەگوێرەی دواین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ئۆپێک بێت بۆ 1.39 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیوە.

سەرباری ترسی بازاڕەکان لە جەنگی بازرگانی و بەرزکردنەوەی بڕی خستنەڕووی نەوت لەلایەن وڵاتانی ئۆپێک و دەرەوەی ڕێکخراوەکە، تا دێت دامەزراوە داراییەکان پێشبینییەکانیان بۆ نرخی نەوت بەرز دەکەنەوە پێش کۆبونەوەی ئەمجارەی وڵاتانی ئۆپێک و دەرەوەی ڕێکخراوەکە کە لە حوزەیرانی ئەمساڵ لە ڤیەنا بەڕێوەچوو، بانکی گۆڵدمان ساکس ڕایگەیاند دووبارە نرخی نەوت بۆ سەرووی 80 دۆلار بەرز دەبێتەوە ئەگەرچی گۆڵدمان پێشبینیش دەکات تا کۆتایی ئەمساڵ بڕی یەک ملیۆن بەرمیل زیاتر بخرێتەڕوو دواتریش تا نیوەی دووەمی 2019 بڕی 500 هەزار بەرمیلی دیکەش بۆ بازاڕ زیاد بکرێ، بەڵام ڕایدەگەیێنێ پاشەکشەکردن و دابەزینی بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی بەشێک لە وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت بەتایبەت ڤەنزوێلا و ئێران دەتوانێت قەرەبووی ئەو زیاد خستنەڕوو بکاتەوە. هەروەها بە گوێرەی پێشبینییەکان (Bank of America Merrill Lynch) تاوەکو کۆتایی حوزەیرانی 2019 نرخی نەوت بۆ ئاستەکانی 90 دۆلار بەرزبێتەوە.

سەرەڕای بەرزبونەوەی بەردەوامی بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا بۆ 11 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا و بەرزکردنەوەی بڕی بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن وڵاتانی ئۆپێک و دەرەوەی ڕێکخراوەکە، ئەگەر لە ڕوانگەی گەشەی ئابووریی جیهانەوە خوێندنەوە بۆ بازاڕی نەوت بکەین، شرۆڤەکەمان جیاوازە بەتایبەت پێشبینییەکان بۆ خاوبوونەوەی گەشەی ئابووریی جیهان و هەوڵی بانکە ناوەندییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی سوودی بانکی کە بە شێوەیەکی خێرا دەستیان کردووە بەم سیاسەتە، دەتوانین ئەمە لە دوو خاڵدا ڕوون بکەینەوە:

### یەکەم: دابەزینی گەشەی ئابووری جیهان

دابەزینی گەشەی ئابووری جیهان بەتایبەت وڵاتە زەبەلاحەکانی بەکاربەری نەوت، لە ماوەکانی ڕابردوودا کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی خواست لەسەر نەوتی خاو دروستکرد، بەڵام دووبارە گەشەی ئابووری بووە پاڵپشتییەکی بەهێز بۆ بەرزبوونەوەی داواکاری لەسەر نەوت. سندوقی نێودەوڵەتی دراو پێشبینی دەکات ئابووری جیهان لەمساڵ و ساڵی داهاتوو تەنیا بەڕێژەی 3.9% گەشە بکات، بەڵام ئەو گەشەیە لە ساڵی 2016دا 3.2% بوو، ساڵی ڕابردووش بۆ 3.7 بەرز بووەوە. ئەم بەرزبوونەوە خێرایە بووە هۆی گەشەکردنی داواکاری لەسەر نەوت، بەڵام خاوبوونەوەی گەشەی ئابووری دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر نرخی نەوت دروست بکات بە تایبەت پێشبینییەکانی ڕێکخراوەکە بۆ گەشەی ئابووریی چین کە گەورەترین هاوردەکاری نەوتە لە جیهان، پێشبینی کردووە ساڵی داهاتوو گەشەی ئابووریی چین 6.4% پاشەکشە بکات، لە کاتێکدا ساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی 6.8% گەشەی کردبوو.

### دووەم: بانکە ناوەندییەکان

پاشەکشەی گەشە ئابووریی یەکێتیی ئەورووپا لە ماوەی ڕابردوودا، بە تایبەت دوای قەیرانی دارایی جیهان لە ساڵی 2008 و سەرهەڵدانی قەیرانی قەرزە سیادییەکانی ئەورووپا، خواستی ئەو یەکێتییەی لەسەر نەوت دابەزاند. ساڵی 2007 تێکڕای هاوردەکردنی نەوتی خاو لەلایەن وڵاتانی ئەورووپا 14.34 ملیۆن بەرمیل بوو لە ڕۆژێکدا، بەڵام بەهۆی قوڵبوونەوەی قەیرانی دارایی و دەرکەوتنی قەرزە سیادییەکانی ئەورووپا تا ساڵی 2015 بۆ ئاستەکانی 12 ملیۆن بەرمیل پاشەکشەی کرد، هەربۆیە ناوچەکە بەشداربوو لە دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، بەڵام دوای گرتنەبەری سیاسەتی دابەزاندنی ڕێژەی سوودی بانکی و جێگیرکردنی لە سفر و دەستکردن بە بەرنامەی ئاسانکاری (چاپکردنی زێدەتری یۆرۆ) بە تایبەت لە ساڵی 2015 خواستی ئەو وڵاتانی لەسەر نەوت بەرزکردەوە لە ساڵی 2017 ئاستێکی پێوانەیی نوێ تۆمارکرد بۆ 14.1 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەوە، هەر بۆیە بەرزبونەوەی خواستی ئەورووپا لەسەر نەوت، بۆ بازاڕی وزە گرنگ بوو هۆکارێک بوو بۆ بەرزبونەوەی نرخی نەوت، بەڵام لە دوایین دانیشتنەکانی بانکی ناوەندیی ئەورووپا، بانکەکە پلانی داناوە تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ کۆتایی بە ئاسانکاری چاپکردنی زێدەتری یۆرۆ بێنێت کە مانگانە 30 ملیار یۆرۆ لە ژێر ئەو بەرنامەیە دەخاتە بازاڕەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ڕایگەیاندووە ئەگەر ئابووڕۆیمان بەم شێوەیە بمێنێتەوە لە هاوینی ساڵی داهاتوو ڕێژەی سوودی بانکی بەرز دەکەنەوە، بێگومان ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر خواستی ئەورووپا بۆ کڕینی نەوت دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، گەنجینەی فیدراڵی ئەمریکاش دەیەوێت تەنیا لە ماوەی ئەمساڵ دووجاری دیکە ڕێژەی سوودی بانکی بەرز بکاتەوە، هەم دیسان دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی بازاڕەکان دروست بکات و بەشداریش بکات لە سەرهەڵدانی قەیرانێکی دارایی و ئابووری نوێی جیهان.

# ئێران لە نێوان گەمارۆکانی ئەمریکا و بڕیارەکەی ئۆپێکدا



کاردۆ کەمال

لە 22ی حوزەیراندا ئەندامانی ئۆپێک بە سەرۆکایەتی سعودیە لەگەڵ بەرهەمهێنەرانی دەرەوەی ئۆپێک بەسەرۆکایەتی ڕووسیا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت نزیکەی یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاد بکەن کە دەبێتە زیادبوونی خستنەڕووی نەوتی جیهان بەڕێژەی 1%. زیادبوونەکەش بەشێوەیەکی پلەبەندی بێت تاوەکو ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر بازاڕ نەبێت.

بڕیاری زیادکردنی خستنەڕووی نەوت لەدوای کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت هات لەلایەن هەریەکە لە ڤەنزوێلا و ئێرانەوە، لەدوای کۆبوونەوەکەی ئۆپێکیش نرخی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە بەرزبوونەوە کرد، ئەمەش بووە مایەی پرسیاری بەشێکی زۆر لە بازرگانان کە چۆن دەبێت لەکاتێکدا ئۆپێک ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت زیاد دەکات، نرخی نەوت بەرزبێتەوە؟

لەڕاستیدا چەند فاکتەرێک هەن کە بوونەتە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت. ئەگەرچی ئۆپێک بڕیاری زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی دا بە بڕی یەک ملیۆن بەرمیل، بەڵام لەڕاستیدا تەنیا 500 تا 600 هەزار بەرمیل ئامادەیە کە لە مانگی داهاتوودا بخرێتە بازاڕەوە و هەریەکە لە ئێران و نەیجیریا و لیبیا و جەزائیر کێشەیان هەیە لە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان.

بەپێی ئامارەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، قەیرانەکانی هەریەکە لە ڤەنزوێلا و لیبیا و ئەنگۆلا بڕی 2.8 ملیۆن بەرمیل نەوتی لە بازاڕدا کەمکردووەتەوە، ئەمەش خزمەتی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی کرد و بووە هۆکارێک بۆئەوەی یەک بەرمیل نەوتی برێنت بگاتە ئاستی 79 دۆلار. کێشە جیۆسیاسییەکان بوونەتە هۆکاری ناسەقامگیری لە بازاڕی نەوت، بەتایبەتیش داواکاریی ئەمریکا لە وڵاتان کە کڕینی نەوت لە ئێران تا مانگی نۆڤەمبەر کەم بکەنەوە و دواتریش بەهیچ شێوەیەک نەوت لە ئێران نەکڕن، ئەمە بووە هۆکاری دروستبوونی ناسەقامگیرییەکی زۆر نەک تەنیا لە خستنەڕووی نەوتدا، بەڵکو لە گەیاندنی نەوت بە کڕیاران و دروستبوونی گۆڕانکاری لە تێچووی گواستنەوەی نەوتدا.

فاکتەرێکی دیکە کە بووە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بریتییە لە ئاستی پابەندبوونی ئەندامانی ئۆپێک بە ڕێککەوتننامەی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتەوە، ئەگەرچی ئەندامانی ئۆپێک ڕێککەوتن لەسەر زیادکردنی خستنەڕووی نەوت بە بڕی نزیکەی یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەڵام پێش ئەو بڕیارە، ڕێژەی پابەندبوونی ئەندامانی ئۆپێک بە ڕێککەوتنەکەوە گەیشتبووە 147% هەربۆیە لە دوای بڕیاردان بە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان ڕێژەی پابەندبوونەکە لە 147% وە بۆ 100% دادەبەزی. ئەگەرچی ڕێژەکە دادەبەزێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە دەگەیەنێت کە ئەندامان بە ڕێژەی 100% پابەندی ڕێککەوتننامەی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانن، ئەمەش پاڵپشتی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی کرد.

بەپێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی زانیاری وزە، توانای ئەو کێڵگە نەوتییانەی کە هێشتا کاریان پێ نەکراوە و بەڵام لە ناکاودا دەتوانرێت بخرێنە کار، 3.4 ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا.

لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینی دەکرێت کە بڕی ئەم یەدەگە کەمببێتەوە، بەتایبەتیش کە ئێستا ئەندامانی ئۆپێک کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان دەکەن، سعودیە پلانی هەیە کە لەماوەی چەند مانگی داهاتوودا ئاستی بەرهەمهێنان بگەیەنێتە 10.8 ملیۆن بەرمیل، ئەمەش پڕکردنەوەی خواستی کڕیارانی نەوت دەگەیەنێت بەڕێژەی 40%.

هەنگاوێکی لەم شێوەیەی سعودیە، ڕێگری لە ئۆپێک دەکات کە نەتوانێت جارێکی دیکە بڕیار لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بدات، لەگەڵ زیادکردنی گوشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و ڤەنزوێلا، سعودیە سوودمەندی یەکەم دەبێت لە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت، گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر ڤەنزوێلا بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی ڕەوشی دارایی ئەو وڵاتە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خراپتر ببێت و کرێکارانی شارەزای کەرتی نەوت ئەو وڵاتە جێبهێڵن و ببنە پەناخواز و ئاوارە لە وڵاتانی دیکە، ئەمەش بووە هۆکارێک بۆ کەمبوونەوەی ئاستی توانای بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن ڤەنزوێلاوە بەڕێژەی 40%.

لەلایەکی دیکەوە خراپیی ڕەوشی لیبیا هۆکارێکی کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتە لەلایەن ئەو وڵاتەوە بە بڕی 400 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئەمەش بە دەرفەتێکی دیکە دادەنرێت بۆ سعودیە کە دەتوانێت ئاستی بەرهەمهێنانی بەرز بکاتەوە.

لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا چەند جارێک بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایانگەیاند کە ئەمریکا بە تەنیا کار لەسەر گەڕانەوەی گەمارۆکان بۆ سەر ئێران ناکات، بەڵکو کار لەسەر دابڕینی ئێران دەکەن لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئەمریکا کار لەسەر بڕینی سەرچاوەکانی داهاتی ئێران دەکات و ڕێگری دەکات لە چوونە ناوەوەی پارە بۆ ناو ئەو وڵاتە، تا ئەو کاتەی ئێران وای لێدێت دەستدەکات بە بەکارهێنانی یەدەگی بیانی، لەگەڵ کەمبوونەوەی یەدەگی ئەو وڵاتەش تمەنی ئێرانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهاکەی دادەبەزێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان لەو وڵاتە و گرانبوونی نرخی کاڵاو شمەک کە ئەمەش هەر لە ئێستاوە بووەتە هۆکاری تووڕەیی و خۆپیشاندانی نارەزایی لە ئێران.

لە مانگی نۆڤەمبەری داهاتوودا لەگەڵ ڕاگرتنی کڕینی نەوت لە ئێران، خستنەڕووی نەوت لەلایەن ئێرانەوە بە بڕی 1.5 ملیۆن بەرمیل کەمدەکات، ئەوکات کێشەکانی ناوخۆی ئێران قووڵتر دەبنەوە، بەم شێوەیەش ئەمریکا لەڕێی گەمارۆکانەوە ڕەوشی ئابووری و سیاسیی ئێران تێکدەدات.

سەبارەت بە نرخی نەوتیش کە ڕۆژی هەینی ڕابردوو یەک بەرمیل نەوتی برێنت لە ئاستی 78.85 دۆلار مامەڵەی پێوە دەکرا، بانک ئۆف ئەمەریکا پێشتر پێشبینی کردبوو کە لە چارەگی دووەمی ساڵی داهاتوودا نرخی برێنت بگاتە 90 دۆلار و UBS پێشبینی دەکرد کە لە چارەگی دووەمی ئەمساڵدا نرخی نەوت بگاتە 80- 85 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، هەردوو بانکەکەش پشتیان بە توانای بەرهەمهێنانی وڵاتان بەستبوو لە پێشبینییەکانیاندا، بەڵام ئەوەی کە بووەتە داینەمۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت گەشەکردنی خواستە لەسەر نەوت.

بەپێی پێشبینییەکانی ئۆپیک، لە چارەگی سێیەمی ئەمساڵدا خواست لەسەر نەوت بەرز دەبێتەوە بۆ 99.42 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا و لە چارەگی چوارەمی ئەمساڵیشدا دەگاتە 100.25 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.





لە چارەگی چوارەمی ئەمساڵدا خواست لەسەر نەوت بەرز دەبێتەوە و دەگاتە 100.25 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا

رووداو
هونەری
ژمارە (511) - دووشەممە 2018/7/2

## قوربانییەکانی رزگار خەڵات دەکرێن

**رووداو- هەولێر**

رزگار حوسێن، دەرهێنەری کورد، دوو خەڵات لە دوو فێستیڤاڵی جیهانی وەردەگرێ و بەشداری لە حەوت فێستیڤاڵی جیهانیش دەکات. رزگار حوسێن بە (رووداو)ی راگەیاند "فیلمی قوربانی، لە 13 مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی 12 مونت فیلم فێستیڤاڵ، خەڵاتی دووەمی فێستیڤاڵەکەی بەناوی "باشترین فیلمی ئێکسپریمانتاڵ وەرگرت. فیلمی قوربانی لە دەرهێنانی رزگار حوسێن و لە بەرهەمهێنانی یوسف حوسێن عەبدوڵڵایە. چیرۆکی فیلمەکەش، لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتییە، ئێستاش لە فێستیڤاڵی-جاگارتا- لە نیودەلهی بەشدارە .رزگار دەشڵێت "کورتەفیلمی منداڵانی تینوو، خەڵاتی باشترین کورتەفیلمی کەنداوی لە فێستیڤاڵی لینک لە بەریتانیا وەرگرتووە، بڕیاریشە بەشداری لە حەوت فێستیڤاڵی دیکەی جیهانی بکات".



## چۆپی فەتاح بۆ (رووداو):

# لە چۆپی دیزاینز کەس بە دەستی بەتاڵ ناچێتە دەرەوە



خانمە گۆرانیبێژی کورد چۆپی فەتاح، ئێستا لە هەولێر سەرقاڵی پەرەپێدانی کاری بازرگانیە و پەرە بە براندێک دەدات بەناوی "چۆپی دیزاینز". بەڵام دەڵێت کاری بازرگانی هەرگیز لە کاری هونەری دووری ناخاتەوە و ئێستا کلیپێکی گۆرانی ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە. (رووداو) لە شوێنی کارەکەی لە شاری هەولێر، ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ کردووە.

**هەڤپەیڤین: هیوا سلاّح**
**رووداو- هەولێر**

**رووداو: ئێستا سەرقاڵی براندێکی بۆ جلوبەرگی کوردی، ئەم بیرۆکەیە لە چییەوە سەرچاوەی گرت؟**

**چۆپی فەتاح:** بیرۆکەکەم بۆ هات، من نزیکەی 18 ساڵە کاری هونەری دەکەم، بۆ هەر کۆنسێرتێک و ئاهەنگێک چووبم، جلی کوردیم لەبەرکردووە. کەسێکم بەردەوام شانازیم بە جلی کوردییەوە کردووە. بۆیە ئەو بیرۆکەیەم بۆ هات و گوتم ئەگەر بتوانم رۆژێک لە رۆژان شتێک بکەم، ئەگەر بچووکیش بێ بۆ خزمەتی کۆمەڵگەی خۆمان، زۆر زۆر دڵخۆش دەبم. زۆر لە خانمان دەهاتنە لام دەیانگوت ئەو جلە جوانەت لە کوێ بوو؟ قوماشەکەیت لە کوێ کڕی؟ کێ دیزاینەکەی کردووە؟ ئیدی بەردەوام حەزم لە جلی کوردی بووە، ئێستاش بە هەلم زانی بەو شێوەیە خزمەتی کوردستان بکەم.

> بیرم لە دیزاینی جلی پیاوانیش کردووەتەوە

**رووداو: جۆری دیزاینەکە چۆنە؟ ئایا میکسێکی دیزاینە کۆنەکانی جلی کوردییە، یاخود بیرۆکەی تایبەتی خۆت تێکەڵ بە دیزاینەکان کردووە؟**

**چۆپی فەتاح:** میکسێکە لە هەموو ئەوانەی باستکردن. سەڵتەیەکم هەیە دایکم پێی داوم. هی نەنکی بووە. ئەوە زۆر دڵی خۆشکردم کە پارچە جلێکی وامان هەیە لە ماڵەوە. یەک شت کە لە دروستکردنی جلی کوردی تووشی کێشەی کردم ئەوە بوو من هەموو ژیانم هەر لە ئەوروپا بووم، لەوێ بە زەحمەت قوماش دەستدەکەوێ. من و دایکم شەونخونیمان کردووە، چ دیزاینێک بکەین؟ بۆ کۆنسێرتی هەفتەی داهاتوو چی لەبەر بکەم؟ بەڵام لە کوردستان ئەو زەحمەتییە نابینی. قوماش بەسەرتدا دەبارێ. من زۆر حەزم لە ستایلی کۆنی کوردەوارییە، وەکو ئەو سەڵتەیەی کە باسمکرد. ستایلی فۆلکۆریم پێ جوانە لەبەر ئەوەی مێژووم بیر دەخاتەوە. بۆیە ئەو ستایلەم بەکارهێناوە هەم لە رەنگ و هەم لە دیزاین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ جلەکە کەمێک مۆدێرن و عەمەلی بێ. ئێستا ئێمە لە وەرزی هاویندایین، نابێت شتێک بێ زۆر گەرم و قورس بێ و رەنگەکەی زۆر تۆخ بێ. ئیدی حیسابم بۆ ئەو چەند شتانە کردووە کە جلەکان میکسێک بن لە تازە و کۆن، بەڵام مێژووی خۆمان لەبیر نەکەین.

**رووداو: تاوەکو ئێستا خەڵک چۆپی وەکو گۆرانیبێژ ناسیوە، لەمەودوا حەز دەکەی وەکو دیزاینەر بناسرێی یان وەک گۆرانیبێژ؟**

**چۆپی فەتاح:** حەز دەکەم وەکو چۆپی بمناسن. من قەت لە کاری هونەری دانابڕێم. ئێستاش گۆرانییەک و کلیپێکم ئامادەیە و بەمنزیکانە بڵاودەبێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر حەزم لە جلی کوردییە. زۆر حەزم لە پێشکەشکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنە.

**رووداو: بۆچی ناوی چۆپیت هەڵبژارد بۆ براندەکەت؟**

**چۆپی فەتاح:** چونکە دیزانەکان هی خۆمن. بۆیە پێم جوان بوو ئەو ناوەی لێ بنێم.

**رووداو: ئێوە پێشەنگایەکتان کردووەتەوە، ئایا پێشانگاکە تەنیا بۆ فرۆشتنی قوماشە؟ یان دیزاین و دروینیش؟**

**چۆپی فەتاح:** بۆ هەموو ئەوانەی باست کرد. شوێنەکەمان لە دوو نهۆم پێکهاتووە، نهۆمی سەرەوە خەیات و کۆگایە. هەر کەسێک بێ بۆ شوێنی چۆپی دیزاینز هەست بە نامورتاحی ناکات کە هیچی دەستنەکەوتووە. هەموو شتەکانت بۆ دەکەین. جلی ئاهەنگمان هەیە، جلی بووکێنیمان هەیە، قوماشی جلی کوردیمان هەیە.

**رووداو: نرخی جلەکانتان چۆنە؟**

**چۆپی فەتاح:** شتی سادەمان هەیە، نرخی هەرزانە، شتیشمان هەیە نرخی لەسەرەوەیە. ئێمە قوماشی وامان هێناوە تاکە، جمکیان نییە، شەونخونیمان کردووە هەتا دەستمان کەوتووە. تەماشای بازاڕمان کردووە بۆ ئەوەی ئەو قوماشانە بهێنین کە لە بازاڕ نین.

**رووداو: بەهۆی چۆپی دیزاینزەوە چەند کەس هەلی کاری دەستکەوتووە؟**

**چۆپی فەتاح:** ستافەکەمان لە نزیکەی 30 کەس پێکدێت، زۆرتریش دەبێ، لەبەر ئەوەی نموونەی جلەکانمان بۆ برادەرانم ناردووە، لە ئێستاوە موشتەرییان زۆرە و پێویستمان بە ستافی زیاتر دەبێ.

**رووداو: بەنیاز نیت براندەکەت بنێریتە دەرەوەی وڵات؟**

**چۆپی فەتاح:** بەنیازین، بەڵام ئێستا فۆکەسی سەرەکیمان لەسەر کوردستانە.

**رووداو: موشتەرییەکانت خۆیان دیزاین هەڵدەبژێرن یان تۆ بۆیان هەڵدەبژێری؟**

**چۆپی فەتاح:** لە رۆژئاوا پەندێک هەیە دەڵێت: "کڕیار هەمیشە پاشایە"، بۆیە ئەو کەسانەی کە دێن بۆ ئێرە، حەز دەکەین دڵیان خۆش بکەین بەوەی کە هەمانە و ئەوەی لە مێشکی خۆیاندایە. بۆ نموونە کە دێنە ئێرە بیرۆکە لە دیزاینەکانی منیش وەردەگرن، بەڵام ئاهەنگێکیان هەیە پێی خۆشە جلوبەرگەکەی زۆر تایبەت بێ و کەس لەبەریدا نەبێ، ئەوکات پێکەوە دادەنیشین گوێ لە داخوازییەکانی دەگرین. دەتوانین لە سفرەوە هەتا سەت دیزاینێکی نوێی بۆ دروست بکەین.

> قەت لە کاری هونەری دانابڕێم

> دیزاینەکانم میکسێکە لە تازە و کۆن

**رووداو: لە کێ فێری دیزاین بووی، حەزێکی تایبەتی خۆت بوو، یان خوێندووتە؟**

**چۆپی فەتاح:** شەونخوونی زۆرم کردووە بۆ ئەوەی فێر ببم، نزیکەی ساڵێکە بەردەوام لەبارەی دیزاینەوە دەخوێنمەوە. بەڵام من دیزاین وەکو شتێک دەبینم، راستە پێش ئەوەی دەستپێبکەی هەندێک یاسای هەیە، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە یاسای نییە، چونکە فانتازیای ئەو مرۆڤە خۆیەتی کە دیزاینەکانی چۆن بن. بۆ نموونە ئەو سەڵتانەی لە دووکانەکەمن هەموویان بیرۆکەی خۆمن.

**رووداو: لەسەر ئاستی جیهان بە چ جۆرە دیزاینێک سەرسامی؟**

**چۆپی فەتاح:** بێگومان بە پلەی یەک شەنێڵ، چونکە شتەکانی زۆر راقین. هەروەها رۆبەرتۆ کەڤالیشم پێ زۆر جوانە.

**رووداو: هەست ناکەی ئیشکردن لە دیزاین، لە کاری هونەری دوورت دەخاتەوە؟**

**چۆپی فەتاح:** نەخێر بە پێچەوانەوە نزیکم دەخاتەوە. کلیپێکم کردووە. ئەو بیرۆکانەی هەمبوو بۆ دیزاینەکانم لەو کلیپەشدا بەکارمهێناوە. هەوادارانم دڵنیا دەکەمەوە لە کاری هونەری دوورناکەومەوە.

**رووداو: بیرت لە دیزاینی جلی پیاوانیش نەکردووەتەوە؟**

**چۆپی فەتاح:** بۆ نا، ئێستا هاوسەری ئەو ئافرەتانەی دێنە لامان دەڵێن جلی جوانتان هەیە بۆ ئافرەتەکانمان ئەی بۆ ئێمە؟ بێگومان ئەگەر داواکاری هەبێ بێگومان بیر لەو بوارەش دەکەینەوە.

## حەمەعەلی خان، ئەکتەری ناسراوی کورد بۆ (رووداو):

# چیرۆکی دوایین فیلمی من زۆر سەرنجڕاکێشە



حەمەعەلی خان، ئەکتەری ناسراوی کورد، هێشتا گەشبینە بەوەی درامای کوردی شوێن بە دراما بیانییەکان لەق بکات، بەو مەرجەی حکومەت ئاوڕ لە هونەرمەندان بداتەوە. بەڵام دەڵێت داوای هەر کارێک لە وەزارەتی رۆشنبیری بکەی، وەزیر دەڵێت قاسەکەمان بەتاڵە. حەمەعەلی خان پێیوایە درامای گەردەلوول دوایین درامای کوردی نابێت و درامای باش بەرهەم دێن. گلەییشی لە کەناڵە کوردییەکان هەیە و دەڵێت دەرگایان بەسەر درامای کوردیدا داخستووە.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاّح**
**رووداو - هەولێر**

**رووداو: ئایا بەمزووانە درامایەکی دیکەی وەکو گەردەلوول دەبینینەوە؟**

**حەمەعەلی خان:** بەدڵنیاییەوە دەبێت بیبینین، باوەڕ ناکەم هەروا دەستەوەستان بوەستین، چونکە ناکرێت هونەرمەندان بێ پارەو بێ پشت و پەنا بن، من دڵنیام و ئومێدم هەیە کە درامای باش بەرهەمدێت. رۆژێک چەند هونەرمەندێکی باکووری کوردستان بە منیان گوت دەبێت کەی گەردەلوولی ئێمەش بەرهەم بێت.

**رووداو: چۆنە مێندە گەشبینی، لە کاتێکدا بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان نائومێدن؟**

**حەمەعەلی خان:** من هەرگیز ناتوانم بێ ئومێد بم، قەت لەگەڵ نائومێدی رانەهاتووم، کاتێک کە هیچ شتێک نەبووە، من توانیومە فیلمێک بەرهەم بێنم و پێی چوومەتە دەرەوەی وڵات، نائومێدی پەکت دەخات، بۆیە باش نییە نائومێد بیت.

**رووداو: ماوەیەکە لە کوردستان شتێک نەماوە بەناوی درامای کوردی، ئێوە چی دەڵێن؟**

**حەمەعەلی خان:** چەند درامایەک بەرهەمهاتن، بەڵام ئاستیان زۆر باش نەبوو، چونکە ئێستا کەناڵە کوردییەکان دەرگایان بەسەر درامای کوردیدا داخستووە، سەرمایەدارەکانیش ئاوڕ لە هونەرمەندان نادەنەوە، لە دوای گەردەلوولەوە درامایەک نەبووە من کاری نواندنی تێدا بکەم.

**رووداو: نەبوونی درامای کوردی، هونەرمەندانی سارد نەکردووەتەوە؟**

**حەمەعەلی خان:** خەڵکێکی زۆر پەیوەندیم پێوەدەکەن و دەڵێن کە زۆر رقیان لە درامای تورکییە و دەیانەوێت درامای کوردی ببینن، ئەوان پێیانوایە درامای تورکی بێ رەوشتی و کاری خراپ فێری کۆمەڵگای کوردی دەکات، هێندەی کاری نابەجێ و ناشیرین لە نێو دراما تورکییەکاندا هەیە هێندە کارێکی بەسوودی تێدا نابینم، ئەوان کێشەیان نییە، چونکە دراماکە بە وڵاتانی عەرەبی و ئێمەمانان دەفرۆشنەوە، بۆیە ئەگەر حکومەت پاڵپشت و هاوکار بێت، دەکرێت چیرۆکی زۆر جوانی کوردی بکرێنە دراما.

**رووداو: وەزارەتی رۆشنبیری چی بکات بۆ ئەوەی درامای کوردی زیندوو بکاتەوە؟**

**حەمەعەلی خان:** لە وەزارەتی رۆشنبیری دەیان راوێژکار و پسپۆڕی سینەما و دراما و کاری هونەری هەن، بەڵام زۆرجار هاوکاریی گەنجێکیان کردووە بۆ دروستکردنی فیلم کە هیچ شارەزاییەکی لە دروستکردنی فیلمی سینەماییدا نییە، بۆیە گرنگە ئەو لیژنەیەی بڕیار لەسەر کارەکان دەدات بەشێوەیەکی وردتر کار بکات، دەبێت راوێژکردن و لێکۆڵینەوەی زیاتر لە کارەکان بکرێت، ئەوکات بڕیاری هاوکاری بدرێ، بەڕای من کێشەکە لە نێوان هونەرمەندان و راوێژکارانی حکومەتدایە، دەبێت بەجدی بیر بکەنەوە و بڕیار بدەن، ئێستاش هەرچی داواکارییەک لە وەزیری رۆشنبیری دەکەیت، دەڵێت قاسەکەمان بەتاڵە و هیچمان بۆ ناکرێت.

> ئەوەی ئێستا بەناوی کۆمیدیاوە دەکرێ کاری سەرپێییە
> •
> قاسەکەی وەزیری رۆشنبیری بەتاڵە

**رووداو: ماوەیەکە چەند کەناڵێکی کوردی زنجیرە تەلەفزیۆنی کۆمیدی پێشکەش دەکەن، کارەکانی ئەوان چۆن دەبینی؟**

**حەمەعەلی خان:** بەڕاستی من حەزم لەو ئیشانە نییە، چونکە پێموایە ئەمە ئیشی سەرپێییە، کارێک نییە لە نێو هەناوی هونەری کوردی هەڵقوڵابێت، خەڵک ئازادە دەچێت بۆ سەیرکردنیان، من رێگایان لێ ناگرم، بەڵام من بەو کەسانە دەڵێم تکایە ئاستەکانی ئەم کارانە بەرز بکەنەوە، لەبەر ئەوەی کۆمیدیا هەر ئەوە نییە خەڵک پێبکەنێت، هەڵوەستەی زۆر مرۆڤانە لە کۆمیدیادا هەیە، بەڵام ئەمانە لەنێو کارەکانیان هێندە سووکایەتی بەیەکدی دەکەن، ئاستی کارەکە نزم دەکەنەوە.

**رووداو: لەبەرجەستەکردنی کارەکتەری ملازم موحسین چەند رازی بوویت؟**

**حەمەعەلی خان:** لە کارەکتەری ملازم موحسیندا، بەشاهێدی هەموو هونەرمەندان زۆر سەرکەوتووانە توانیم هێندە بچمە نێو رۆڵەکەی، خەڵکی هەموویان رقیان لەمن دەبووەوە، بەڕاستی من هەوڵمدا لە ملازم موحسیندا وێنای سەددام نیشان بدەم و تەمسیلی کارەکانی سەددام لە رۆڵی ملازم موحسیندا بکەم، بۆیە هەموو ئەو خراپەکاریانەی ملازم موحسین لەگەڵ کورد دەیکرد، رۆڵە سەرەکییەکە دەگەڕایەوە بۆ سەددام، من هەمیشە بە جدی و وردی دەچمە نێو کارەکتەرەکانم، بۆیە لە هەموو کارەکتەرەکانم رازیم.

**رووداو: بەردەوام گلەیی کەمیی رۆڵی ئافرەت لە کوردستان دەکرێت، تۆش ئەو بۆچوونەت هەیە؟**

**حەمەعەلی خان:** من رەشبین نیم، پێموایە ئەکتەری ئافرەتی زۆر باشمان هەیە، بەڵام بەداخەوە ئاستی ئەکادیمی ئەکتەری ئافرەتی ئێمە کەمێک لاوازە، ئەوەی کە هەمانە کەمن.

**رووداو: بۆچی هونەر سەلیم و بەهمەن قوبادی رۆڵی ئافرەت لە فیلمەکانیان دەدەنە ئافرەتی بیانی، بۆ نموونە مۆنیکا بەللوچی و گوڵشیفتە فەراهانی؟**

**حەمەعەلی خان:** چونکە ئەو هونەرمەندانە ئیمکانیەت و توانایەکی زۆریان هەیە، ئەمە لە ئەکتەری کوردا زۆر لاوازە، گەورەترین کێشەی ئافرەتی کورد خۆڕۆشنبیرکردنە، بۆیە ناچێتە پێشەوە. من لە رۆڵی ئەکتەری کچ کەم ناکەمەوە، تاکوتەرا ئەکتەری باشمان هەیە، بەڵام لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن، بەڵام لە میسر چەند ئەکتەری ئافرەتی بە توانایان هەیە، ئێران و تورکیا چەند ئەکتەری ناودارییان هەیە؟ هەموویان بوونەتە ئەستێرەی جیهانی، بەڵام لە کوردا ئەمە نابینی.

**رووداو: دوایین پرۆژەت چییە؟**

**حەمەعەلی خان:** دوایین پرۆژەی من فیلمێکە بەناوی من و مریەم و جەنگ کە چیرۆکەکەی زۆر سەرنجڕاکێشە، پێموایە یەکێک دەبێت لە فیلمە باشەکان، زیاتر فیلمی فێستیڤاڵەکانی کان و بەرلین و ئەمانە دەبێت.

> کەناڵەکان دەرگایان بەسەر درامای کوردیدا داخستووە

## کۆچبەران بە ئیڤرۆسدا دەپەڕنەوە

**ڕووداو – هەولێر**

ڕووباری ئیڤرۆس لەنێوان هەردوو وڵاتی تورکیا و یۆنان، ڕێگایەکی تازەی کۆچبەرانە بەمەبەستی پەڕینەوە بەرەو وڵاتانی ئەورووپا، بەڵام ئەو ڕووبارە مەترسیی کەمتر نییە لە ئیجە. لە پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر لە 7000 کەس بەو ڕووبارەدا لە تورکیاوە پەڕیونەتەوە یۆنان، 12 کەس لە ڕووبارەکەدا خنکاون، یەکێکیان منداڵی خێزانێکی کوردە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆربەی ئەو کۆچبەرانەی لەو ڕووبارەوە دەپەڕنەوە خەڵکی عێراق، سووریا و ئەفغانستانن. کۆچبەران دوای پەڕینەوەیان لە ڕووباری ئیڤرۆس دەگەنە شارۆچکەی پیسیۆ لە یۆنان کە دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا.



تاراوگە
ڕووداو
ژمارە (511) - دووشەممە 2018/7/2

ناوی لەتەنیشت ئەنگێلا مێرکڵ هاتووە

# پرۆفیسۆرێکی کورد لە گرنگترین کەسایەتییەکانی ئەڵمانیایە

**مێمن عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- بەرلین**

موختاری گەڕەکەکەیان نەبوایە، لەوانە بوو ئێستا نەخوێندەوارێک بووایە و نەدەبووە ئەو زانا گەورەیەی لە ئینسکلۆپیدیای کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەڵمانیادا ناوی لەتەنیشت ئەنگێلا مێرکڵی ڕاوێژکاری ئەو وڵاتە بنووسرێت. لە باخچەی ڤێلاکەیدا لە بەرلین، پرۆفیسۆر یەحیا ڕەزا، چیرۆکی دیداری خۆی لەگەڵ نیکۆلای چاوچیسکۆی سەرۆکی پێشووی ڕۆمانیا و بەسەرهاتی یەکترناسینی لەگەڵ موعەممەر قەزافی، سەرۆکی پێشووی لیبیا، بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە. ئەو کە پەنجا ساڵە بەیەکجاری کەرکووک و کوردستانی بەجێهێشتووە، بۆ یەکەمجار چیرۆکی هەڵکشانی بەرەو لوتکە دەگێڕێتەوە.

لەسەر ناسنامەکەی نووسراوە کە ڕۆژی نەورۆزی ساڵی 1943 لەدایکبووە، بەڵام پرۆفیسۆر یەحیا بەپێکەنینەوە دەڵێ: "بەخوا نازانم ئەمە چەند ڕاستە". ئەوەی لێی دڵنیایە و دەیزانێ ئەوەیە کە لە ساڵانی چلەکاندا لە کەرکووک لەدایکبووە و لە گەڕەکی شۆڕیجە گەورە بووە. دایک و باوکی نەخوێندەوار بوون، بەڵام لە گەڕەکەکەیاندا موختارێکی لێبووە و ئەو بەزۆر وایکردووە ئەو یەحیایەی لێ دەربچێت کە لە ساڵانی دواتردا دەبێتە پرۆفیسۆر یەحیا و یەکێک لە بەناوبانگترین پزیشکەکانی ئەڵمانیا.

### هەڵاتن لە کەرکووک

تا کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، کەرکووکەکەی یەحیای گەنج شاری ئاشتی و پێکەوەژیان بوو. لەو ڕۆژانەدا هەرایەک لەنێوان کورد و تورکماندا ڕوودەدات و باجەکەی یەحیا و سێ لە هاوڕێ کوردەکانی دەیدەن. ئەوان لە ئامادەیی موسەڵڵا دەخوێنن و دڵیان بە خوێندنەکەیان خۆشە، بەڵام هەڕەشەیان لێدەکرێ کە ئەگەر کوردەکان ئامادەییەکە بەجێنەهێڵن، دەیانکوژن: "کە ئەمە ڕوویدا، مامۆستایەکمان هەبوو ئامۆژگاریی کردین کەرکووک بەجێبهێڵین و بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی بچینە سلێمانی. ئێمەش وامانکرد و چووین".

### یەحیا لە ڕۆژنامەی ژین

پرۆفیسۆر یەحیا چیرۆکێکی قەت لەبیرناچێت. هەمان ئەو باوکەی پێیوابوو هیچ سوودێکی نییە کوڕەکەی بچێ بخوێنێ، بە نەخوێندەواری ماوەتەوە، بەڵام یەحیای کوڕی لە قۆناغی ئامادەییدا زیرەکترین قوتابی هەموو کوردستان و یەکێک لە زیرەکترین قوتابییەکانی سەر ئاستی عێراقی لێدەرچووە: "وای لێهات موتەسەڕیفی ئەوکاتی سلێمانی لەبەر زیرەکییەکەم قاتێکی ڕێکوپێکی بەدیاری دامێ. ناو و وێنەکەشم لە ڕۆژنامەی ژیندا بڵاوکرایەوە کە ئەوکات لە سلێمانی دەردەچوو".

پرۆفیسۆر یەحیا بەپێکەنینەوە و بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵەوە دەڵێت: "کابرایەک کە باوکم دەناسێ، دەچێتە لای و ڕۆژنامەکەی بۆ دەبات و دەڵێ سەیرکە وێنەی کوڕەکەت لە ڕۆژنامەدا بڵاوبووەتەوە. باوکیشم دەڵێ بۆ کوڕەکەم چی کردووە؟ کابراش پێیدەڵێ هیچی نەکردووە، بە یەکەم دەرچووە. باوکیشم دەڵێ: دەی باشە مادام وایە". پرۆفیسۆر یەحیا دوای تێپەڕینی پەنجا ساڵ زیاتر بەسەر ئەو ڕۆژەدا، بە دڵگرانییەوە دەڵێت: "ئێستاشی لەگەڵدابێ باوکم دەستخۆشیی لێنەکردم".

### چیرۆکی تەکسییەکە

ئەو موختارەی یەحیای منداڵی نارده قوتابخانە و پشتیوانیی کرد، ماوەیەک لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی عێراقەوە دەستگیر دەکرێت و دەیبەنە زیندانێکی نێوەڕاستی عێراق. ڕۆژێک یەحیا و کوڕی موختارەکە لە تەکسییەکدا دەبن و بەڕێگەوەن بۆ سەردانی موختار لە زیندان، لەپڕ لە ڕادیۆوە گوێیان لە ناوی یەحیا دەبێت کە دەخوێندرێتەوە: "ناوم خوێندرایەوە و گوتی فلان ڕۆژ لە فلان شوێن ئامادە بە بۆ ئەوەی مامەڵەی ناردنت بۆ دەرەوەی وڵات بۆ بکرێت بۆ خوێندن. حەمەی هاوڕێم گوتی ئەوە ناوی تۆیە لە ڕادیۆ دەیخوێننەوە". ئەمە دەرگای دەرچوونی یەحیا لە کوردستان و عێراق دەکاتەوە و ماوەیەک لە لەندەن دەخوێنێ، بەڵام خوێندنەکەی بەدڵ نابێ و دەیەوێ پزیشکی بخوێنێ، بۆیە لەجیاتی ئەوەی بگەڕێتەوە، ڕوو لە کۆماری چیکۆسلۆڤاکیای ئەوکات دەکات. لەوێش ساڵێک دەمێنێتەوە و دوای ئەوەی نائومێد دەبێ لەوەی بتوانێ دەست بە خوێندنی پزیشکی بکات، دەچێتە ڕۆمانیا.

### دیداری سەرۆک

چیرۆکی مانەوەی یەحیا لە ڕۆمانیا بەوە دەستپێدەکات کە خوێندنی پزیشکی تەواو دەکات و بەدوایدا بڕوانامەی دکتۆراش بەدەستدەهێنێ. لەوێ لەگەڵ خانمێکی ڕۆمانی هاوسەرگیری دەکات و دەبێتە یەکێک لە پزیشکە سەرکەوتووە ناسراوەکانی ئەو وڵاتە. بەجۆرێک کە لە ساڵی 1968دا، زانکۆی بۆخارێستی پایتەختی ڕۆمانیا کتێبێک لەسەر سەتەمین ساڵیادی دامەزراندنی زانکۆکە بڵاودەکاتەوە و چوار وێنەی دکتۆر یەحیا لە کتێبەکەدا بڵاودەبنەوە.

ژیانی دکتۆر یەحیا دوای 11 ساڵ مانەوە لە ڕۆمانیا بەوە کۆتایی دێت کە حکومەتی ئەو وڵاتە پێشنیازی بۆ دەکەن وەڵاتینامەی ڕۆمانی وەربگرێ، بەڵام ئەو قبوڵی ناکات. بەر لەوە، شەوێک وەک ڕۆژنامەڤان چاوی بە سەرۆکی ئەوکاتی ڕۆمانیا نیکۆلای چاوچیسکۆ دەکەوێ.

### گلدانەوەی بڕوانامەکان

دوای دەرکردنی لە ڕۆمانیا، دکتۆر یەحیا دەچێتە لیبیا، ئەویش پاش ئەوەی باڵیۆزی لیبیا لە ڕۆمانیا هەواڵی دەرکردنەکەی دەبیستێ و نامەیەکی دەداتێ بۆ ئەوەی بچێت لە لیبیا کاربکات. دکتۆر یەحیا هاوڕێیەکی پزیشکی عەرەبی شیعەش لەگەڵ خۆی دەباتە لیبیا. چەند ساڵێک دواتر دکتۆر یەحیا دەبێتە سەرۆکی نەخۆشخانەیەکی گەورە لە لیبیا و بە ستافێکی تەواو ڕۆمانییەوە کاریان لەگەڵ دەکات. هەرچەندە گرێبەستێکی سێ ساڵەی بۆ کارکردن لەگەڵ حکومەتی لیبیا دەبێت، بەڵام دوای سێ ساڵەکە حکومەتی لیبیا دەست بەسەر تەواوی بڕوانامە و بەڵگەکانی دیکەیدا دەگرێ و پێیدەڵێن: "لەبەرئەوەی لیبیا پێویستی بە شارەزایی تۆیە، بۆت نییە لەم وڵاتە بڕۆیت".

### ڕزگارکردنی ئەڵمانەکان

لەو ماوەیەدا کە لە لیبیا سەرۆکی نەخۆشخانە دەبێت، ڕۆژێک بەهۆی ڕووداوێکەوە ژمارەیەکی زۆر کەسی ئەڵمانی کە لە لیبیا کاردەکەن، بەسەختی بریندار دەبن و دەیانگەیەننە نەخۆشخانەکەی دکتۆر یەحیا. بەرپرسی کارگێڕیی نەخۆشخانەکە ڕەتیدەکاتەوە بریندارەکان قبوڵ بکات و دەڵێت دەبێ ببردرێنە تەرابلوسی پایتەخت، بەڵام دکتۆر یەحیا ئەمە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ ئەوانە تا دەگەنە تەرابلوس دەمرن، بۆیە دەبێ وەربگیرێن و چارەسەری خێرا وەرگرن.

دوای ئەو ڕووداوە ئەڵمانەکان پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ دکتۆر یەحیا پەیدا دەکەن و لەکۆتاییشدا وای لێدێت کە دکتۆر یەحیا بگاتە وێستگەی سێیەمی ژیانی تاراوگەنشینیی خۆی کە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا دەبێت و دوایی دەبێتە کەسایەتییەکی ناسراوی ئەو وڵاتە. هەرچەندە سەرەتای جێگیربوونی دکتۆر یەحیا لە ئەڵمانیا قورس دەبێت: "چونکە لە سەرۆکی نەخۆشخانەیەکەوە ببوومەوە بە پزیشکێکی ئاسایی، بەڵام کۆڵم نەدا و بە کەم ڕازی نەبووم". ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت کە نەک هەر دەبێتە پرۆفیسۆر، بەڵکو ناویشی دەچێتە نێو ئەو ئینسکلۆپێدیایەی کە بۆ گرنگترین و کاریگەرترین کەسایەتییەکانی ئەڵمانیا دروست دەکرێ و لەوێ وەک تاکە کوردێک ناوی تۆمار دەکرێ. ئێستا



پرۆفیسۆر یەحیا ڕەزا پەنجا ساڵە کوردستانی بە یەکجاری جێهێشتووە

پرۆفیسۆر یەحیا ڕەزا لە ژمارەیەک زانکۆی دنیا وانەی تایبەت بەو پزیشکانە دەڵێتەوە کە دەیانەوێ لە بواری نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبووندا پسپۆڕێتی پەیدا بکەن. ئەو پەرەپێدەری چارەسەری کێشەیەکی دەگمەنە لە ژناندا کە دوای منداڵبوون تووش دەبن و بریتییە لە ڕانەگرتنی میز. لە زۆر وڵاتی وەکو یۆنان و دانیمارک و سوێد و بەریتانیا و نەرویج و ئەڵمانیا و تورکیا و وڵاتانی دیکە لە جڤینە زانستییە گەورە پزیشکییەکاندا، ئەو پرۆفیسۆرەی بەمنداڵی باوکی نەیدەویست بخوێنێ، ئێستا ڕای وەردەگیرێ و قسە و دۆزینەوەکانی لەلایەن پزیشکانەوە بەبایەخەوە دەنووسرێنەوە.

**• ڕۆژی چوارشەممە کاژێر دە و پێنج خولەکی شەو بەکاتی هەولێر، لە بەرنامەی بیگ ستۆریی تەلەڤزیۆنی ڕووداودا، دۆکیۆمێنتارییەک لەسەر ژیانی پرۆفیسۆر یەحیا ڕەزا ببینە.**

جێبەجێکردنی ئاسان نییە

# ئەوروپا ڕێککەوتنێکی لەرزۆک لەسەر کۆچبەران پەسەند دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

دوای 10 کاژێر کۆبوونەوە، دواجار سەرکردەکانی یەکێتیی ئەوروپا لەسەر ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەی کۆچبەران ڕێککەوتن، بەڵام ئەم ڕێککەوتنەش هاوشێوەی ئەوانەی پێشووی تایبەت بەم دۆسیە لاوازە و جێبەجێکردنی ئەستەمە. ڕێککەوتنەکەی ڕۆژی هەینی ڕابردوو، هەناسەیەکی وەبەر حکومەتی هاوپەیمانیی ئەڵمانیا و حکومەتە نوێیەکەی ئیتاڵیادا هێناوەتەوە، هەرچەندە بە کردەوە هیچ ڕێوشوێنێکی ئەوتۆی تێدا نییە کە وڵاتانی بەشدار پابەندی خاڵەکانی بکات.

حکومەتی ئیتاڵیا چەند کاژێرێک پێش کۆبوونەوەکە هەڕەشەی ئەوەی کردبوو کە کۆی پاکێجەکە ڤیتۆ دەکات ئەگەر وڵاتانی دیکەی یەکێتییەکە لە وەرگرتنی لێشاوی کۆچبەراندا یارمەتی ئیتاڵیا نەدەن. لەلایەکی دیکەوە پۆڵەندا، هەنگاریا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵات و نێوەڕاستی ئەوروپا ڕایانگەیاند کە ڕێوشوێنەکانی ڕێککەوتنەکە نابێت "ئیلزامی" بن. سەرئەنجام ناکۆکییەکانی ئەم دوو بەرەیە ڕێککەوتنێکی لاواز و نارۆونی هێنایە ئاراوە.

ڕۆژێک پێش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە ئانگێلا مێرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ڕایگەیاندبوو کە چارەنووسی یەکێتیی ئەوروپا بەستراوەتەوە بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسە جەوهەرییانەی بە هۆی لێشاوی کۆچبەرانەوە ڕووبەڕووی ئەوروپا دەبنەوە. لێدوانەکەی مێرکڵ دوای ئەوە هات کە هۆرست زیهۆفەر، وەزیری نێوخۆی ئەڵمانیا، هۆشداری دابوو ئەگەر تاوەکو 1ی تەمووز، یەکێتیی ئەوروپا لەسەر چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە ڕێکنەکەوێت، ئەوە ئەوانیش هەموو ئەو پەناخوازانە دەگەڕێننەوە کە پێشتر ناویان لە وڵاتێکی یەکێتییەکەدا تۆمارکراوە و سنوورەکانی ئەڵمانیاش دادەخەن.

زیهۆفەر، سەرۆکی پارتی یەکێتیی سۆسیالی مەسیحییە کە پارتێکی کۆنزەرڤاتیڤە لە هەرێمی باڤاریا و هەرێمەکەیان هەموو کات ڕوانگەیەکی دژبەرانەی بۆ پرسی کۆچبەران هەبووە. لە کاتی جێهێشتنی کۆبوونەوەکە، مێرکڵ ڕایگەیاند کە هێشتا ڕێگەیەکی درێژمان لە پێشە بۆ ئەوەی بتوانین ناکۆکییەکانمان چارەسەر بکەین. بە گوتەی مێرکڵ



یۆنان و ئیسپانیا ڕەزامەندییان لەسەر وەرگرتنەوەی ئەو کۆچبەرانە دەربڕیوە کە یەکەمجار لەو دوو وڵاتە ناویان تۆمارکراوە

یۆنان و ئیسپانیا ڕەزامەندییان لەسەر وەرگرتنەوەی ئەو کۆچبەرانە دەربڕیوە کە یەکەمجار لەو دوو وڵاتە ناویان تۆمارکراوە.

حکومەتی ئەڵمانیا کە بە سەرکردەی دیفاکتۆی یەکێتیی ئەوروپا دادەنرێ، دەیەوێ لە نێوان هێورکردنەوەی نیگەرانییە نێوخۆییەکان و پاراستنی بەها و سیما سەرەکییەکانی یەکێتیی ئەوروپادا هاوسەنگییەک ڕابگرێ. مێرکڵ دەزانێ داخستن یان توندوتۆڵکردنی سنوورەکانی ئەڵمانیا دەتوانێ ڕاستڕەو و کۆنزەرڤاتیڤەکان بێدەنگ بکات، بەڵام ئەم هەنگاوە کێشەی گەورە بۆ هاتوچۆی ئازادانەی نێوان وڵاتانی یەکێتییەکە دروستدەکات کە بە یەکێک لە گەورەترین دەستکەوتە سیاسی و بازرگانییەکانی ئەوروپا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لەقەڵەم دەدرێ.

لێدوانە دوولایەنەکەی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا گوزارشتێکی ڕوونە لە ناوەڕۆکی پڕ لە لێکدژیی ڕێککەوتنەکەی هەینی. سەرکردەکانی یەکێتیی ئەوروپا لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە باری سەرشانی ئیتاڵیا سووک بکەن و بەشێک لەو کۆچبەرانە وەربگرن کە لە دەریای نێوەڕاستەوە ڕوو لە کەناراوەکانی ئیتاڵیا و یۆنان دەکەن. ڕێککەوتنەکە هەروەها جەخت لەسەر "هەوڵی هاوبەش" دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان بەشدا باس لەوەش دەکرێ کە ئەم هەوڵە هاوبەشە دەبێ بە ڕەزامەندی وڵاتەکان خۆیان بێ و نابێ ناچارکردنی تێدا بێ.

لە بەشێکی دیکەی ڕێککەوتنەکەدا بۆ کۆنترۆڵکردنی لێشاوی کۆچبەرانی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا، داوای دروستکردنی ناوەندی ناونووسی کۆچبەران لە وڵاتانی باکووری ئەفریقا کراوە.

بەپێی ئەو بڕگەیە لە ڕێککەوتنە، بنکەی ناونووسکردنی کۆچبەران لە جەزائیر، میسر، لیبیا، مەغریب، نایجیر و تونس دەکرێتەوە. یەکێتیی ئەوروپا ئامادەییشی دەربڕیوە 500 ملیۆن یورۆ هاوکاری دارایی پێشکەش بەو وڵاتانە بکات کە قایلن بەوەی بێنە ناو ڕێککەوتنەکەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ وڵاتێک بەدەم ئەو داواکارییەوە نەهاتووە. ئەو بنکانە ڕۆڵی وڵاتی سێیەم دەگێڕن و کۆچبەرە تازە گەیشتووەکانی ئەفریقا بۆ ئەوروپا ڕەوانەی ئەوێ دەکرێن، بۆ ئەوەی لەوێ چاوەڕێی وەڵامی داواکەیان بکەن.

بەڵام ئاژانسی پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی (IOM) لە بەیاننامەیەکدا کە کۆپییەکی دەست ڕۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی کەوتووە داوا دەکەن یەکێتیی ئەوروپا مافی داواکردنی پەنابەرێتی بپارێزێ و ئەرکی سەرشانی خۆی (لە وەرگرتنی کۆچبەراندا) نەخاتە سەرشانی وڵاتانی دیکە.

یوجینیۆ ئەمبرۆسی، بەڕێوەبەری ئۆفیسی ئەوروپای (IOM) بە ڕۆژنامە بەریتانییەکەی ڕاگەیاندووە: "ئێمە بنکەی ناونووسی کۆچبەران لەدەرەوەی ئەوروپامان ناوێ، وەکو چۆن پشتگیری لە مۆدیلی ئوسترالیش ناکەین (واتە کردنەوەی کۆمەڵێک بنکەی دەستبەسەرکردن و بێزارکردنی کۆچبەران)".

### ئەوروپایەکی لاواز

هەموو لایەنە ناکۆکەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەکانی پێنجشەممە و هەینی بە دەستکەوتێکەوە بروکسلیان بەرەو وڵاتەکانی خۆیان جێهێشت. جارێ هاوپەیمانێتییەکەی مێرکڵ لەگەڵ کۆنزەرڤاتیڤەکانی باڤاریا پارێزراوە، کۆنتی دەتوانێ بە خەڵکی ئیتاڵیا بڵێ وڵاتەکەی چیدی لە هەڵگرتنی باری کۆچبەرانی دەریای نێوەڕاستدا تەنیا نییە و سەرکردەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و نێوەڕاستی ئەوروپاش دەتوانن بە خەڵکی خۆیان بڵێن وڵاتەکانیان ڕێککەوتنەکەیان واژۆکردووە، بێ ئەوەی خۆیان پابەند بن بەوەی یەک کۆچبەریش وەربگرن.

بەڵام لێکدژییەکی گەورە کە سەرکردەکانی ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ڕۆژهەڵات و نێوەڕاستی ئەوروپا لەگەڵ خۆیاندا دەیبەنەوە وڵاتەکەیان ئەوەیە کە هیچکامیان نازانن ڕۆژی هەینی لەسەر چی ڕێککەوتوون، لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنەکەی بروکسل هێندەی لە کۆمەڵێک پێشنیاز و داواکاری دەچێت، هێندە لە ڕێککەوتنێک ناچێت کە تێیدا ڕێوشوێنی پراکتیکی گیرابێتەبەر.

هەرچەند وڵاتانی ئەوروپی دەڵێن ڕێککەوتنەکە بۆ پاراستنی گیانی دەیان هەزار کۆچبەرە کە دەیانەوێ ڕوو لە ئەوروپا بکەن و هەروەها بۆ هەڵوەشاندنەوەی تۆڕی قاچاخچییەکانە، بەڵام کەشی گرژی کۆبوونەوەکان دەریدەخات مەسەلەکە پەیوەندیی بە سیاسەت و بەرژەوەندییە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتانەوە هەیە کە گوشاری کۆچبەرانیان لەسەرە کە لە هەندێکیاندا ڕاستڕەوە توندئاژۆکان هاتوونەتە سەرحوکم (وەکو ئیتاڵیا و نەمسا) و لە هەندێکیشیاندا ڕاستڕەوەکان و کۆنزەرڤاتیڤەکان هەڕەشەی گەورەیان لەسەر ڕێڕەوی سیاسی و ئیداری وڵاتەکان دروستکردووە.

دۆناڵد توسک، سەرۆکی ئەنجومەنی یەکێتی ئەوروپا ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند "ئێمە توانیمان لە ئەنجومەنی یەکێتیی ئەوروپا ڕێکبکەوین، بەڵام ئەگەر ڕاستیتان دەوێ ڕێککەوتنەکە (کە 10 کاژێر دانوستاندن و مشتومڕی توندی ویست) بەشی ئاسانی ئەرکەکەمان بوو، هێشتا بەشە قورسەکەمان ماوە کە چۆنێتی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەیە".



## ژنێکی تەمەن 37 ساڵ بێسەروشوێنە

**رووداو- ئاکرێ**

ژنێکی تەمەن 37 ساڵ بەناوی ناهیدە محەمەد سەعید کە دانیشتووی گوندی خەلیلکای سەر بە ناحیەی گردەسێنە لە قەزای ئاکرێ بێسەرشوێن بووە. بە گوتەی کەسوکاریشی، ژنەکە خاوەنی 7 منداڵە و باری دەروونی جێگیر نییە، دوای ئەوەی لە ماڵ دەرچووە، نەگەڕاوەتەوە. پێشتریش چەند جارێک لە ماڵەوە دەرچووە و ون بووە، بەڵام دواتر دۆزراوەتەوە. ئەگەرچی کەسوکاری ژنەکە دەڵێن لایەنە پەیوەندیدارەکانمان ئاگادارکردووە لە ونبوونی ناهیدە، بەڵام عەقید محەمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای ئاکرێ دەڵێت تائێستا هیچ کەسێک لەبارەی بێسەروشوێنبوونی ئەو ژنە لەلای ئێمە سکاڵای تۆمار نەکردووە.

# لەنێو گەرماوی چاکسازیی ئافرەتاندا خۆی خنکاند

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

کارمەندانی چاکسازی فریانەکەوتن دوو قسە لەگەڵ ئالا بکەن، بۆ ئەوەی لێی تێبگەن کێشەکەی چییە، هێشتا 48 کاژێری لە چاکسازییەکە بەسەر نەبردوو کاتێک لەنێو گەرماوی چاکسازییەکەدا بە لەچکەکەی، خۆی خنکاند.

تەنیا دوو ڕۆژ دوای خۆخنکاندنی ئافرەتێک لە گەرماوی خانەی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو لە سلێمانی، ئێوارەی ڕۆژی 2018/6/26 ئافرەتێک لەناو چاکسازیی ئافرەتان و نەوجەوانانی هەولێر بەهەمانشێوە بە لەچک لەناو گەرماودا خۆی خنکاند.

ئەو ئافرەتە کە ناوی ئالا بوو، تەمەنی 27 ساڵ بووە و دایکی دوو منداڵە. بە گوتەی سەرچاوەیەک کە ئاگاداری ڕووداوەکەیە و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئەو ئافرەتە لە ڕێگەی فەیسبووکەوە کوڕێکی خەڵکی کەرکووکی ناسیوە بەناوی (س.ع.ئا) کە تەمەنی 25 ساڵە و سەڵتە و پێشمەرگەیە.

ئەو سەرچاوەیە بە (رووداو)ی گوت: "ئالا باسی پەیوەندیی نێوان خۆی و (س)ی لەلای من نەکردبوو، بەڵام هەستم دەکرد کە هەڵسوکەوتی زۆر گۆڕابوو. ماوەی ساڵێک بوو هەمیشە خەمبار و بێتاقەت بوو، بەشێوەیەک کە هەستت پێدەکرد کێشەیەکی هەیە".

سەرچاوەکە پێیوایە هاوژینەکەی هۆکار بووە بۆ ئەوەی ئەو ژنە بیر لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کوڕە بکاتەوە. سەرچاوەکە گوتی: "ئالا، تەنیا گلەیی لە هاوژینەکەی دەکرد کە لەگەڵیدا بە هەست نییە و کەمتەرخەمە، بەڵام کە بیستم ناپاکی لە هاوژینەکەی کردووە تووشی شۆک بووم، چونکە ئالا کەسێکی زۆر پاک بوو، هەمیشە دژی خیانەتکردن بوو، ئەوەی بەسەری هات دەبێت بێ هۆکار نەبووبێ".

سەبارەت بە هۆکاری خۆکوشتنەکەشی، ئەو سەرچاوەیە گوتی: "بەدڵنیاییەوە ئالا لە ترسی کوشتنی لەلایەن کەسوکاری، پەنای بۆ خۆخنکاندن بردووە". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "بەگوتەی (س.ح)ی هاوژینی ئالا، کاتێک لەخەو بە ئاگا دێت، دەبینێ ئالا لەناو جێگاکەیدا نییە، کاتێکیش بۆی دەگەڕێ، دەبینێت لە سەربانی ماڵی خۆیان لەگەڵ (س.ع) پێکەوەن. گەنجەکە هەڵدێت و ئالاش لەلایەن هاوژینەکەیەوە ڕادەستی پۆلیس دەکرێ".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، دوای ئەوەی ئالا ڕادەستی پۆلیس دەکرێت، دادگا بەپێی ماددەی 377 کە تایبەتە بە خیانەتی هاوسەرگیری، فەرمانی بەندکردنی بۆ دەردەکات و دەبرێت بۆ چاکسازیی ژنان و نەوجەوانان لە هەولێر، دواتر (س.ع)ی هەڵاتووش دەستگیر دەکرێت و ئێستا لە زیندانی گرتن و گواستنەوەی هەولێرە.

دیمەن محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازیی ژنان و نەوجەوانان لە هەولێر وردەکاریی هێنان و دواتر خۆخنکاندنی ئالا بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "شەوی 2018/6/24 ژنێک بە فەرمانی دادوەر ڕەوانەی لای ئێمە کرا، تەنیا ماوەی دوو ڕۆژ بوو لەناو چاکسازی بوو خۆی خنکاند. ئێمە هەموومان بەداخین بۆ ئەو ڕووداوە و تووشی شۆک بووین، چونکە فریانەکەوتین وردەکاری کێشەکەی بزانین، تاوەکو توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانمان هاوکاری بکەن".

دیمەن محەممەد گوتیشی: "ئەو شەوەی کە هێنرایە لامان، بۆ بەیانییەکەی بردرا بۆ دادگا. دواتر کە هێنرایەوە بۆ چاکسازی، ئەو ڕۆژە فۆرممان بۆ پڕکردەوە، فریای هیچی دیکە نەکەوتین، چونکە تەنیا ڕۆژ و نیوێک بوو لەلای ئێمە بوو، بەو کاتە کەمە هیچمان دەربارەی نەزانی و تێکەڵی بەندییەکان نەببوو، تەنیا بەندییەکان گوتیان ڕۆژی دووەم زۆر گریاوە و هیچ قسەی نەکردووە، ئێوارە لەکاتی دابەشکردنی خواردن و سەرقاڵیی هەمووان بە خواردن وەرگرتن، ئەو چووەتە ناو گەرماوی ژوورەکەی و لەوێ لەچکەکەی سەری کردووە بە کەتیبەی پەنجەرەکەوە و خۆی خنکاندووە".

بە گوتەی بەڕێوەبەری چاکسازیی ژنان و نەوجەوانان لە هەولێر، ئەمە یەکەمین حاڵەتی خۆکوشتنە لەناو چاکسازییەکەیان ڕوودەدات. سەبارەت بە هەڕەشە لەسەر ژیانی ئالاش، دیمەن محەممەد گوتی "ئەو ئافرەتە ماوەیەکی زۆر کورت بوو هاتبووە لامان، هیچ کەسێک پەیوەندی پێوە نەکردووە و کەسیش سەردانی نەکردبوو، بۆیە نازانین ئەگەر لە دەرەوە هەڕەشە و مەترسی لەسەر بوو بێت".


ئالا بەپێی ماددەی خیانەتی هاوژینی دەستگیرکرابوو

## تاوانباربوونی خۆشەویستەکەی نەسەلمێنرا

# کەژاڵ لە ماڵی داڵدەداندا خۆی خنکاند

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

کەژاڵ لە گوندێک لەدایک بوو، خوشکی بچووکی چوار برا و دوو خوشک بوو، پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ پیاوێکی دراوسێیاندا هەبووە، بەڵام خۆشەویستەکەی سەرەڕای ئەوەی دووگیانی کردبوو، جێیهێشت. کەژاڵ بەپێی خۆی چوو بۆ ماڵی داڵدەدان، بەڵام لە تابووتێکدا لەژێر شانی برا و کەسەکانیدا گەڕێنرایەوە گوندەکەی و بەبێ قیژە و هاوار لە گۆڕ نرا، تەنانەت پرسەشی بۆ دانەنرا.

(کەژاڵ.ح)، 26 ساڵ، خەڵکی گوندێکی سەر بە قەزای کفری بوو، لەناو ماڵی داڵدەدانی سلێمانی لە گەرماودا بە لەچکەکەی خۆی خنکاند، کەژاڵ نۆ مانگ بەر لە ئێستا لە شەڵتەری گەرمیان بۆ ماوەی 10 ڕۆژ بەبڕیاری دادوەر مایەوە. لەوێ گوتوویەتی پەیوەندی لەگەڵ (ن.ف)ی تەمەن 32 ساڵ هەبووە. (ن) خاوەنی خێزان و سێ منداڵیشە، کەژاڵ باسی ئەوەی کردووە کە لە (ن) دووگیان بووە، (ن) بەڵێنی پێداوە بیکاتەی ژنی دووەمی خۆی، بەڵام بەمەرجی لەباربردنی منداڵەکەی، ئەویش بە مەرجەکەی ڕازی بووە و منداڵەکەی لەبار بردووە.

### بەڵگەی نەبوو

عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە گەرمیان بە (رووداو)ی گوت: " بەگوتەی کەژاڵ ئەو پەیوەندی لەگەڵ ئەو کوڕەدا هەبووە و لێی دووگیان بووە، دواتر بەفێڵ منداڵەکەی پێ لەناوبردووە، ماوەیەکی زۆر دەستی پێکردووە و پێیگوتووە مارەت دەکەم، ئەمیش هەر بێدەنگ بووە و چاوەڕێی بووە. هەرچەندە ئەو کوڕە بۆ ماوەیەکی زۆر ڕاگیرا، بەڵام کەژاڵ هیچ بەڵگەیەکی نەبوو ئەو پیاوەی پێ تاوانبار بکرێ، بۆیە ئەو کوڕە بە کەفیل لە زیندان دەرچوو".

بە گوتەی عەقید لەمیعە، کەژاڵ سەرەتا لە ترسی کوشتنی لەلایەن کەسوکارەکەی، باسی دووگیانییەکەی بۆ دادوەر نەکردبوو، پاشان بە دادوەری گوتبوو دوو شایەتی هەیە کە لەو پیاوە دووگیانە، یەکێکیان دایکی و ئەوەی دیکەش ئەو مامانە بووە کە منداڵەکەی لەبار بردووە. بەڵام مامانەکە لە دادگا نکۆڵی لەوە کرد کە منداڵەکەی کەژاڵی لەباربردبێ، بۆیە دادگا بڕیاری ئازادکردنی (ن)ی دا.

ئەو ڕۆژەی (ن) ئازاد دەکرێ، کەژاڵ زۆر بێتاقەت دەبێ، بۆیە خۆی دەخنکێنێ. سەردار مەحموود، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت: "ئەو ئافرەتە دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2018/6/24 لەناو ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو لە سلێمانی خۆی خنکاند، دواتر کەسوکارەکەی تەرمەکەیان وەرگرتەوە و بردیانەوە بۆ گەرمیان".


کەژاڵ نۆ مانگ لە ماڵی داڵدەدانی ژنان مایەوە

### "خوشکەکەم هەڵخەڵەتێنرا"

محەممەد برا گەورەی کەژاڵ، باسی خوشکەکەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی: "لە گوڵ کاڵترمان بە خوشکەکەم نەگوت، هەموو مرۆڤێک هەڵە دەکات و تووشی کێشە دەبێت، بەڵام خوشکەکەی ئێمە هەڵخەڵەتێنرا و لەو کوڕە دووگیان ببوو کە دراوسێمانە و لە هەمان گوندین. هەرچەندە ماڵ و منداڵیشی هەیە، خوشکەکەم لەگەڵ دایکم ئەمەیان لە ئێمە شاردبووەوە، منداڵەکەی لەلای مامانێک لە خانەقین لەباربردبوو. (ن) پێیگوتبوو دەتخوازم، بەڵام دوای ماوەیەک پێیگوتبوو نە دەتناسم نە دەمناسی، خوشکەکەشم ترسابوو، هەڵهاتبوو بۆ شەڵتەر، کاتێک بە ڕووداوەکەم زانی، خۆم چووم بۆ لای برا گەورەکەی (ن) و پێمگوت کاکە با خوێن نەڕێژرێت و ئابڕوومان نەچێت، با براکەی تۆ خوشکەکەم بهێنێت، تەنانەت من ئامادەم مارەییەکەشی بدەم، تەنیا یەک ئەڵقەی بۆ بکات، بەڵام ئەوان نکۆڵییان لە ڕووداوەکە کرد".

**دراوسێکەمان کەژاڵی دووگیان کردبوو نکۆڵیشی لێدەکرد**
براى کەژاڵ

محەممەد دەڵێت ئەوکاتەی خوشکەکەی لە شەڵتەر بووە، لەگەڵ باوکی چەندینجار سەردانیان کردووە و جلوبەرگ و پارەیان بۆ بردووە، تەنانەت چەند جارێک داوایان لێکردووە بگەڕێتەوە ماڵەوە و بەڵێنیان پێداوە لە گوڵ کاڵتری پێ نەڵێن.

محەممەد دەڵێت: "کەژاڵ دەیگوت دەبێت خۆم مافی خۆم وەربگرمەوە، تازە من ئابڕووم لەناو خەڵکدا چووە. هەموو جارێک پێمدەگوت ماڵی (ن) واستەیان هەیە و ئازاد دەبێت، بەڵام خوشکەکەم دەیگوت ئەگەر ئازاد بکرێت، خۆم دەکوژم. چەندینجاریش ئەم قسەیەی لەبەردەم هەمووان دووبارە کردەوە. ئەو ڕۆژەی (ن) ئازاد کرا، کەژاڵ پەیوەندی بە باوکمەوە کردبوو، پرسیبووی ڕاستە (ن) ئازاد کراوە؟ باوکم سەرەتا نکۆڵی لێکردبوو، دواتر پێیگوتبوو ماوەیەکە و دەستگیر دەکرێتەوە، بەڵام ئەو دوای چەند کاژێرێک خۆی خنکاندبوو، ئێمەش تەرمەکەیمان هێنایەوە و لێرە ناشتمان".

کەسوکاری (ن) حاشا لەوە دەکەن کە (ن) هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ کەژاڵ هەبووبێ و دەڵێن ئامانجی ئەو ماڵە بەدەستهێنانی پارە بووە لە ڕێگەی کەیسی کەژاڵەوە.

(گۆران.ف) برای (ن) سەبارەت بەو کەیسە بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە چەند ساڵێکە دراوسێی ئەو ماڵەین. هیچ کێشەیەکمان لەگەڵیاندا نەبووە، کاتێک ئەو ماڵە سکاڵایان لە دژی براکەم تۆمار کرد، من بە دەستی خۆم براکەم ڕادەستی پۆلیس کرد، چونکە بڕوام بە یاسا هەیە، ملکەچی یاسا بووین و لەگەڵ سوڵحی عەشایری نەبووین. براکەم لە دادگا بێئاگایی خۆی لەو ڕووداوە نیشاندا. هەرچەندە ئەوان سێ شایەتیان هەبوو، بەڵام شایەتەکان بێئاگایی خۆیان لە ڕووداوەکە نیشاندا، بۆیە دادگا بێتاوانیی براکەمیان بۆ دەرکەوت و ئازادیان کرد".

**براکەمان ئەو کارەی نەکردووە**
براى (ن)

گۆران ڕەتیکردەوە ئەوان ئامادە بووبن بەهۆی ئەو کەیسەوە کەژاڵ لە براکەی مارە بکەن، هەرچەندە نکۆڵی لەوە نەکرد کە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە پەنا براوەتە بەر پیاوماقوڵانی ناوچەکەیان.

گۆران گوتی: "دادوەریش پرسیاری لێکردم، بەڵام من سوێندم خوارد کە ئەو داوایە لە من نەکراوە، تەنیا جارێک لەسەر داوای ئەوان لەگەڵیان ڕۆیشتم بۆ لای سەرۆک عەشیرەتێکی گەرمیان، ئەویش گوتی پێویست ناکات کێشەکە گەورە بکرێت، با چارەسەر بکرێت. کەسوکاری کەژاڵیش گوتیان لە بەرامبەر ئازادکردنی (ن)دا ژنێکمان بدەنێ یان پارە، یان (ن) کچەکەی ئێمە بخوازێت، بەڵام من هەموو داواکانیانم ڕەتکردەوە و گوتم یاسا چی دەکات با بیکات، با دادگا ئەم کێشەیە یەکلایی بکاتەوە".

بەگوتەی گۆران، کەسوکاری کەژاڵ جارێکی دیکەش داوای پارەیان لێکردوون. ئەو گوتی: "دواجاریش برای کەژاڵ پێیگوتم دایکمان لەبەردەم دادگایە، ئەگەر 10 هەزار دۆلارمان بدەنێ، پێیدەڵێین بچێت بڵێ کچەم ڕاست ناکات، بەڵام (ن)ی برام گوتی من تاوانبار نیم".

سەبارەت بە چارەنووسی براکەشی دوای ئازادبوونی، گۆران گوتی: "براکەم کە ماوەی حەوت مانگ دەستگیرکرا ئازاد کراوە، ئێستا لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەی دەژیت و خێزانەکەشی زیز نەبووە، چونکە دڵنیابوو لەوەی بێتاوانە".

عومەر گوڵپی، بەڕێوەبەری گشتیی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی بە (رووداو)ی گوت: " (ک.ح) لەسەر داوای خۆی پەنای هێنابووە ماڵی داڵدەدان بۆ ئەوەی بپارێزرێت لەو هەڕەشەیەی کە لەسەر ژیانی هەیە بەهۆی دەوروبەرەکەیەوە". گوتیشی "ئەو ئافرەتە بۆ سەلماندنی سکاڵاکەی پێویستی بە بەڵگە هەبوو، بەڵام ئەو بەڵگانەی قوربانییەکە هەیبوون نەبوونە هۆی باوەڕپێهێنانی دادگا و سەلماندنی داواکەی، ڕۆژی 2018/6/24 کە ڕۆژی بەڕێوەچوونی پرۆسەیەکی دادگایی بوو، قوربانییەکە بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەنجامی دانیشتنەکەی دەکرد، بەڵام کاتێک بڕیاری دادگا لە بەرژەوەندی ئەو نەبووە، بووەتە هۆی بێهیواکردنی و تێچکوونی دەروونی، لەو کاتەشدا بەرپرس و ستافی ماڵی داڵدەدان هەوڵی تەواوی خۆیان داوە بۆ ئەوەی هێوری بکەنەوە و بڕوای پێبهێنن کە ئەوە کۆتایی کێشەکە نییە و داواکە تەمیز دەکرێتەوە".

ئەگەرچی ستافی ماڵی داڵدەدان وەکو گوڵپی ئاماژی پێدا توانیویانە هێوری بکەنەوە لەو کاتەدا، بەڵام ئەم هێورکردنەوەیە نەبووەتە هۆی ئەوەی ئەو پەرچەکردار و بڕیارەی هەیبووە بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆی، وازی لێبێنێ و لەو کاتەی هەلی دەستکەتووە، لە گەرماوی تایبەتی خۆیاندا لەدوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2018/6/24 کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

عومەر گوڵپی لەو باوەڕەدایە ئەو ئافرەتە هەڕەشە لەسەر ژیانی هەبووە، بۆیە پەنای بۆ ماڵی داڵدەدان بردووە. گوڵپی گوتی: "هەندێکجار خێزان و ماڵیش دەبێتە شوێنێکی مەترسیدار بۆ ژنان".

وەک بەڕێوەبەری چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی دەڵێت "بێگومان هیچ کەس پەنا ناباتە بەر ماڵی داڵدەدان ئەگەر هەڕەشەیەکی جدی لەسەر ژیانی نەبێت، چونکە لە بنەمادا ماڵی داڵدەدان تەنیا بۆ ئەو ژنانەیە کە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە، ئەگەر هەڕەشەکەش لە دەرەوەی خێزان بێت ئەوە خێزان شوێن و لانەیەکی باشە بۆ پاراستنی، بەڵام کاتێک هەڕەشە و مەترسییەکە فرەلایەن بێت یان سەرچاوەکەی بەشێک بێت لە خێزانەکە، ئەوە دەرفەتی مانەوەی ژنان لەچوارچێوەی خێزاندا نییە".

### دووەم حاڵەتە لە ماڵی داڵدەدان

لەبارەی حاڵەتی هاوشێوەش لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو، عومەر گوڵپی گوتی: "ئەمە یەکەمین حاڵەت نییە لە ماڵی داڵدەدان ڕوودەدات، بەڵکو بەدرێژایی ساڵ ستافی ماڵی داڵدەدان ڕووبەڕووی چەندین حاڵەت دەبنەوە کە تێیدا کەسێک هەوڵی زیانگەیاندن بە خۆی دەدات بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی دەوروبەری یان کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆی، بەڵام ستافەکانی ماڵ زۆر بە باشی توانیویانە ڕووبەڕووی هەموو ئەو حاڵەتانە ببنەوە و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە و هیوایان پێ ببەخشنەوە، بۆ ڕووداوی خۆکوشتنیش بەداخەوە ئەوە دووەمین جارە حاڵەتی وا ڕوودەدات، ساڵی 2013ـ ش ژنێک خۆی سووتاند".

## تەرمی منداڵێک لە رووباری سیرواندا دەدۆزرێتەوە



**رووداو – کەلار**

دوای چوار رۆژ لە ونبوونی، تەرمی مێردمنداڵێکی تەمەن 13 ساڵان بەناوی (کاوان کامەران فەتحوڵڵا) لەناو رووباری سیروان دۆزرایەوە. رائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە (رووداو)ی گوت "ئێوارەی رۆژی 2018/6/30 لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە تەرمی کامەرانی 13 ساڵان لە رووباری سیروان دۆزرایەوە، و بە مەبەستی ئەنجامدانی پشکنین بۆی، تەرمەکە رەوانەی پزیشکی دادوەری سلێمانی کرا. بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی بەو رووداوەوە دوو گومانلێکراو کە هاورێی کاوانن دەستگیرکراون". هەروەها گوتی "منداڵەکە داوای لە دایکی کردووە پارەی بداتێ بۆ ئەوەی بچێتە مەلەوانگە، بەڵام دایکی نەیداوەتێ، بۆیە گومان دەکرێت خۆی چووبێتە سەر رووبارەکە بۆ مەلەکردن".

# لە ماوەی 18 مانگدا

# 515 کەس لە کوردستان بە چەک کوژراون

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

بێجگە لە هێزە چەکدار و ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان کە دەتوانن چەکەکانیان لەگەڵ خۆیان ببەنەوە ماڵەوە، تەنیا لە ساڵی رابردوودا 3645 کەس لە کوردستان مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکیان لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە. بەرپرسێکی پۆلیس دەڵێت 80%ی ئەو چەکانەی لە ناوچەی گەرمیان تاوانیان پێکراوە مۆڵەتیان هەبووە، واتە زۆرینەی هەرەزۆری ئەو تاوانانە بە چەکی کارمەندانی سەر بە هێزی ئەمنی، یان چەکی پێشمەرگە، یاخود مۆڵەتدار لەلایەن حکومەتەوە کراون.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێمی کوردستان، ساڵی رابردوو 232 کەس بە چەکی جۆراوجۆر کوژراون، 112 کەسیش بە چەک خۆیان کوشتووە. لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 113 کەس بە چەک کوژراون و 58 کەسیش بە چەک خۆیان کوشتووە.. واتە لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا 515 کەس بەهۆی چەکەوە کوژراون.

لە هەرێمی کوردستان چەند بازاڕێکی کڕین و فرۆشتنی چەک هەن کە نایاسایین، بەڵام چەکفرۆشانی بازاڕەکە دەڵێن لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ئاسایشدان.

چەکفرۆشێکی بازاڕی چەکفرۆشان لە شاری هەولێر کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت: "ئاسایش بەشێوەیەکی فەرمی مۆڵەتی بە هیچ چەکفرۆشێک نەداوە بۆ ئەم کارە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە لەلای ئاسایش ناسراوین و لەژێر چاودێری و رێنمایی ئەوان کاردەکەین و هاوکاریانین، چاوپۆشیمان لێدەکەن، چونکە ئەگەر بازاڕی چەکفرۆشتن نەمێنێت، زۆر کێشە روودەدەن و کەسانێک دوور لە کۆنترۆڵ و بە نهێنی لە کۆڵانەکاندا مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی چەک دەکەن".

ئەو چەکفرۆشە لەبارەی مەرجی فرۆشتنی چەک دەڵێت: "ئەو کەسەی چەکی پێدەفرۆشین دەبێت ئاسایش، پێشمەرگە یان زێرەڤانی بێت، کەسەکە لەلایەن ئاسایشەوە وێنەی دەگیرێت و ناو و ناونیشانی دەنووسرێت، هەر تاوانێکیش بەو چەکە بکرێت، کەسەکە لێی بەرپرسیار دەبێ".

مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی چەک گەیشتووەتە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی نێو ئینتەرنێتیش. چەکفرۆشەکەی هەولێر لەبارەی پەیجەکان زانیاری بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "خاوەنی ئەو پەیجانە لە سلێمانین و سێ کەسی شەریکن، خۆیان لە سەنتەری بازاڕی چەکفرۆشانی سلێمانین و لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە چەک دەفرۆشن کە ئەمە رێگەپێدراو نییە، بەڵام چەند بەرپرسێک لەپشتی ئەوانەوەن، بۆیە کەس رێگرییان لێناکات، بەڵام لە هەولێر هیچ پەیجێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نییە بۆ کڕین و فرۆشتنی چەک و مامەڵەکردن پێوەی".

### سەرچاوەی چەکەکان

لەبارەی جۆری چەکەکان کە لە بازاڕەکە دەفرۆشرێن، چەکفرۆشەکە دەڵێت: "هەموو ئەو چەکانەی کە دێنە بازاڕەکەی ئێمە، چەکی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی و سەرۆک هۆزەکانن کە لەلایەن ئێرانەوە پێیاندەدرێت، ئەوانیش بێ بەرنامە و بێسەروبەرن و لە جەلەولا و سەعدیە و ناوچەکانی دیکە بە کوردی دەفرۆشنەوە و دەستاودەست دەگاتە ئێمە".



تەنیا لە ساڵی رابردوودا 3645 کەس لە کوردستان مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکیان وەرگرتووە

چەکفرۆشەکەی هەولێر لەبارەی نرخ و جۆری ئەو چەکانە کە زۆرترین کڕیاریان هەیە دەڵێت: "ئەگەرچی بەهۆی قەیرانی داراییەوە بازاڕی چەکیش کز بووە، بەڵام زۆرترینی ئەو چەکانەی دەفرۆشرێن دەمانچە و کلاشینکۆفن، جگە لە دەمانچەی بێدەنگ کە قەدەغەیە و بەدەستی هەر کەسێکەوە ببینرێت سزای قورس دەدرێ".

دەشڵێت: "هەرزانترین جۆری چەک ئێستا دەمانچەی تارقە کە نرخەکەی هەزار تاوەکو چوار هەزار دۆلارە".

عەمید خالید عەباس، بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆ لە پارێزگای هەولێر، لەبارەی ئەو کەسانەی چەکی بێ مۆڵەت هەڵدەگرن دەڵێت: "وەزارەتی ناوخۆ رۆژانە مەفرەزەی هەیە و ئەو کەسانە دەستگیردەکەن کە چەکی بێمۆڵەتیان پێیە، دواتر بەپێی ماددەی 21ـی چەک دەدرێن بە دادگا و چەندین حاڵەتی وامان هەیە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێرەوە جێبەجێ کراوە، دەست بەسەر چەکەکاندا گیراوە و دادگاش سزای خاوەنەکەی داوە".

سەبارەت بەو مۆڵەتانەی بە هەڵگرتنی چەک دراون، عەمید خالید گوتی: "ئێمە تاوەکو ئێستا 1740 مۆڵەتی چەکمان داوە، 129 مۆڵەتیان ئەمساڵ بووە".

بەڵام لە گەرمیان زۆرترین تاوان بەو چەکانە کراون کە مۆڵەتیان هەیە. رائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان لەبارەی ئەو تاوانانەی بە چەک کراون بە (رووداو)ی گوت: "ساڵی 2017 لە سنووری گەرمیان 80%ـی تاوانەکانی کوشتن و بریندارکردن بەو چەکانە کراون کە مۆڵەتیان هەبووە، واتە بە چەکی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش بوون کە مەرج نییە خۆیان تاوانەکەیان پێ کردبێ، بەڵکو لەوانەیە کەسوکاریان تاوانیان بەو چەکانە کردبێ".

### بازاڕەکانی چەکفرۆشتن نامێنن

لیوا بەختیار بابان، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی هەرێمی کوردستان بەوەکالەت سەبارەت بە بازاڕەکانی چەکفرۆشتن بە (رووداو)ی گوت: "ئەو بازاڕانەی بەناوی چەکفرۆشتن کراونەتەوە نافەرمی و نایاسایین، بۆیە لەڕێگەی لیژنەکانمان و لیژنە ئەمنییەکانی پارێزگاکانەوە کاردەکەین بۆ ئەوەی بە یاسا بازاڕەکانی چەک لە هەرێمی کوردستان نەهێڵین، ئەمەش پاش ئەوەی بەوردی دیراسەی بابەتەکە و لێکەوتەکانی دەکەین".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) زۆربەی ئەو چەکانەی کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرێت لە هەرێمی کوردستان مۆڵەتیان نییە. بەپێی ئاماری وەزارەتی ناوخۆی ساڵی 2017، لە هەرێمی کوردستان تەنیا 3645 مۆڵەتی چەکهەڵگرتن هەیە (1314 مۆڵەت لە هەولێر و 1077 لە سلێمانی، 612 مۆڵەت لە دهۆک و 531 مۆڵەت لە ئیدارەی گەرمیان، 93 مۆڵەت لە ئیدارەی راپەڕین و 18 مۆڵەتی چەکهەڵگرتنیش لە پارێزگای هەڵەبجە).

# لە چەمچەماڵ گەنجێکی 18 ساڵ خۆی دەکوژێت

**دیمەن بورهان**
**رووداو – هەولێر**

شیروان عەدنان، تەمەن 18 ساڵ و دانیشتووی چەمچەماڵ، لەناو هاوڕێ و کەسوکاری بە گەنجێکی هێمن و لەسەرخۆ و کاسب ناسرابوو، بەڵام دوای ئەوەی داوای گەردنئازایی لە دایکی کرد، سەرلەئێوارەی رۆژی 2018/6/23 بە چەکی کلاشینکۆف خۆی کوشت.

بنەماڵەی شیروان هێشتا لە شۆکدان و تا ئەمڕۆش بڕوایان بەوە نەهێناوە کە شیروان خۆی کوشتبێ، ئەو رۆژە شیروان دایک و باوکی دەگەیەنێتە بانی مەقان و خۆی دەگەڕێتەوە، دواتر بە گوللەیەکی کلاشینکۆف کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ.

مامۆستا باست کە ئامۆزای شیروانە، لەبارەی خۆکوشتنی ئامۆزاکەی بە (رووداو)ی گوت: "شیروان گەنجێکی لەسەرخۆ و هێمن و کاسب بوو، دووکانی لەفەفرۆشی هەبوو، هەمووممان سەرمان سوڕماوە لەو رووداوە، چونکە زۆر لەناکاو بوو، نازانین چۆن روویدا و بۆچی وای لە خۆی و لە ئێمەش کرد؟".

مامۆستا باست گوتیشی: "نەک تەنیا لەناو خێزانەکەی ئێمە، بەڵکو لەناو بنەماڵەکەشماندا ئەمە یەکەمین حاڵەتی خۆکوشتنە، بەتایبەت کە شێروان هیچ کێشە و نەخۆشیی دەروونی و جەستەیی نەبوو".

لەبارەی رۆژی رووداوەکەش، مامۆستا باست گوتی: "ئەو رۆژە دوای ئەوەی دایک و باوکی دەگەیەنێتە بانی مەقان، دەگەڕێتەوە و پەیوەندی بە خوشکێکیەوە دەکات و پێیدەڵێت من خۆم دەکوژم و تەنیا بە دایکم بڵێ با گەردنم ئازاد بکات، دوای ئەو قسەیە دەستبەجێ مۆبایلەکەی دادەخات و بە چەکی کلاشینکۆف کە هی ماڵەوەیانە فیشەکێک بە سەری خۆیەوە دەنێت، دوای کاژێرێک تەرمەکەیمان دۆزییەوە".

محەممەد یەکێک لە هاوڕێکانی شیروانە، بە (رووداو)ی گوت "هەمووممان نەخۆشین و ئاگامان لە خۆمان نییە تا رۆژێک خۆمان دەکوژین". محەممەد کە مەرگی هاوڕێکەی تەواو پەرۆش و بێتاقەتی کردووە، گوتیشی "من لە نزیکەوە دەمناسی، شیروان هیچ کێشەیەکی خێزانی نەبووە و لە بنەماڵەیەکی باش پەروەردە کراوە، ئەویش وەک زۆربەی گەنجانی ئەم وڵاتە بێزار بوو، بەڵام ئێمە رۆژێک لە رۆژان گومانی ئەوەمان لێنەکردووە و هەستمان پێی نەکردووە بیر لە کارێکی لەم شێوەیە بکاتەوە و خۆی بکوژێت، ئەو رۆژە دوای بردنی باوک و دایکی بۆ بانی مەقان، گەڕابووەوە، بڕیار بوو بچێت مریشک بۆ دوکانەکەی بهێنێ، بەڵام کەس نازانێ لەناکاو بۆ بڕیاری خۆکوشتنی داوە، هەمووممان شۆک بووین، هەر بیر لەوە دەکەمەوە کە بۆچی ئەم کارەی کرد".

سەردار مەحموود، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی سەبارەت بەو کەیسە بە (رووداو)ی راگەیاند: "سەرلەئێوارەی رۆژی 2018/6/23 گەنجێکی تەمەن 18 ساڵان بەناوی (شیروان عەدنان) لە قەزای چەمچەماڵ بە چەکی کلاشینکۆف فیشەکێک دەنێت بە سەری خۆیەوە و خۆی دەکوژێت".

گوتیشی کە هێشتا هۆکاری خۆکوشتنی گەنجەکە نەزانراوە و لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بەردەوامە، بەڵام بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە دەست بەسەر چەکەکەدا گیراوە کە لە جۆری کلاشینکۆفە.



## 25 هەزار دیناریان لەگەڵ پێچابوو

# مەلۆتکەیەک لەبەردەم نەخۆشخانەیەک فڕێدەدرێ



منداڵەکەی سۆران درایە خێزانێکی رواندزی

**تریسکە شێرزاد**
**رووداو – هەولێر**

مەلۆتکەیەکی تەمەن 25 رۆژی لەلایەن پاسەوانی نەخۆشخانەیەکی سۆران لەبەردەم نەخۆشخانەکە دۆزرایەوە و کەس خۆی لێ بە خاوەن نەکرد، بۆیە لە دادگا درایە ژن و پیاوێک کە منداڵیان نابێ.

ئەو مەلۆتکەیە کە کوڕە، کاژێر حەوت و سی خولەکی رۆژی 2018/6/19 لە پێش دەرگای نەخۆشخانەی زۆزاک لە شارۆچکەی سۆران، لەلایەن پاسەوانێکی نەخۆشخانەکە دۆزرایەوە و پۆلیسی لێ ئاگادار کردەوە. منداڵەکە لە نێو زەرفێکی گەورە دانرابوو، کاتێک پاسەوانەکە زەرفەکەی کردووەتەوە بینیویەتی منداڵێکی تازە لەدایکبووی تێدایە.

رێزان باڵەک، بەرپرسی راگەیاندنی نەخۆشخانەی لەدایکبوونی منداڵانی سۆران بە (رووداو)ی گوت: "کاژێر هەشتی بەیانی رۆژی 2018/6/19 ئاسایش ئاگاداری کردینەوە کە منداڵێکی تازە لەدایکبوویان دۆزیوەتەوە، منداڵەکەیان هێنایە نەخۆشخانە، دوای پشکنین دەرکەوت هیچ کێشەیەکی نییە، لە کاتی پاککردنەوەی منداڵەکەش 25 هەزار دینارمان لە نێو جلوبەرگەکانیدا دۆزییەوە".

سەبارەت بە تەمەن و رەگەز و تەندروستیی منداڵەکە، رێزان باڵەک گوتی: "هەر منداڵێک کە دەدۆزرێتەوە سەرەتا پشکنینی تەواوی بۆ دەکەین تا بزانین هیچ نەخۆشییەکی هەیە یان نا، منداڵەکە هیچ نەخۆشییەکی نەبوو، تەمەنیشی لە نێوان دوو هەفتە بۆ سێ هەفتە بوو، کێشی ئاسایی بوو، تەنیا تۆزێک زەرتکی گرتبوو، بۆیە بردمان بۆ ژووری منداڵە ناکامەکان بۆ ئەوەی چارەسەری زەردوورییەکەی بکەن".

رێزان باسی چارەنووسی منداڵەکەی کرد و گوتی: "دوای هێنانی بۆ نەخۆشخانە، زیاتر لە 20 خێزان پەیوەندییان پێوەکردین و ئامادەیی خۆیان نیشاندا کە منداڵەکە لەئەستۆ بگرن، بەڵام ئێمە بەبێ پرسی دادوەری دادگای نەوجەوانان ناتوانین هیچ منداڵێکی بێ خاوەن بدەینە کەس، ئەوە دەبێ دادگا بڕیار بدات منداڵەکە دەدرێتە کێ".

هەر سەبارەت بە دۆزینەوەی ئەم منداڵە، رائید هەوار ئەرگۆشی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە (رووداو)ی راگەیاند: "دوای ئەوەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش ئاگادار کراینەوە لە دۆزینەوەی منداڵێکی تازە لەدایکبوو، منداڵەکەمان گەیاندە نەخۆشخانەی لەدایکبوون، پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان کردەوە بۆ ئەوەی بەدوای خانەوادەی منداڵەکەدا بگەڕێین، سەیری کامێراکانی چاودێری دەکەین بۆ دۆزینەوەی خانەوادەی منداڵەکە. هەوڵدەدەین بە زووترین کات خانەوادەکەی بدۆزینەوە".

بە گوتەی هەوار ئەرگۆشی، ئەمساڵ ئەمە یەکەمین حاڵەتی دۆزینەوەی منداڵانە لە سۆران کە لە دۆسیەکانی پۆلیسدا تۆمار دەکرێ، ساڵی رابردووش تەنیا یەک حاڵەتی لەو شێوەیە تۆمارکراوە.

ئەرگۆشی باسی چارەنووسی منداڵەکەی کرد و گوتی: "دوای ئەوەی رێکارە یاساییەکان لەلای ئێمە و نەخۆشخانە تەواو دەبێت، منداڵەکە دەدرێتە دادگای نەوجەوانان لە هەولێر، لەوێ دادوەر بڕیار دەدات منداڵەکە بدرێت بە چ خانەوادەیەک. ئەگەر خانەوادەکەشی پەشیمان ببنەوە و داوای بکەنەوە، ئێمە منداڵەکەیان نادەینەوە و سزای یاسایی خۆیان وەردەگرن لەسەر فڕێدانی منداڵەکە".

دوای رێکارەکان، منداڵەکە گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانەی لەدایکبوون لە هەولێر، دوای دوو رۆژ درایە خێزانێک کە منداڵیان نییە.

شوان تەحسین، بەرپرسی راگەیاندنی نەخۆشخانەی لەدایکبوون لە هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "منداڵەکە دوای ئەوەی لە نەخۆشخانەی سۆرانەوە هێنایان بۆ لای ئێمە، دوو رۆژ لە نەخۆشخانەکە مایەوە و دادگای نەوجەوانان بڕیاری دا بیدات بە ژن و پیاوێک کە پێشتر ناویان تۆمار کردبوو بۆ وەرگرتنی منداڵێک لە نەخۆشخانە".

گوتیشی: "منداڵەکەمان دا بە ژن و مێردێک کە خەڵکی رواندز بوون، ئەوان ساڵانێکە هاوسەرگیرییان کردووە و منداڵیان نەبووە، بۆیە ناوی خۆیان لە دادگای نەوجەوانان تۆمار کردبوو بۆ وەرگرتنی منداڵ، ئەوان بەڵێنیان دا منداڵەکە وەک چاوی خۆیان بپارێزن و کە گەورەش بوو هەست نەکات ئەوان دایک و باوکی راستەقینەی نین".

## ڕەهەندەکانی ڕادەستکردنەوەی "عەلی بەشار"

# ڕوانینێک بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

زانا کەریم نەجم

ماستەر لە سیاسەتی نێودەوڵەتی

عەلی بەشار، گەنجێکی بیست ساڵانی پەنابەری کورد لە ئەڵمانیا و تۆمەتبار بە کوشتنی کچێکی چواردە ساڵانی ئەڵمانیایی، بەرەبەیانی ڕۆژی 2018/6/8 لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی پارێزگای دهۆکەوە لەسەر داوای پۆلیسی فیدراڵیی ئەڵمانیا، لە زاخۆ دەستگیر کرا و ڕۆژی 2018/6/9 لە هەولێر ڕادەستی حکومەتی ئەڵمانیا کرایەوە... ئەم ڕووداوە کاردانەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، هەرزوو وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی عێراق لەسەر زاری گوتەبێژی فەرمیی وەزارەتی دەرەوە (د. ئەحمەد مەحجوب) لە 2018/6/12 و لە لێدوانێکدا جەختی لەسەر نایاساییبوونی ڕادەستکردنەوەکە کرد و بە سەرپێچیی یاسای دانا. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە و هەڵوێستەی لەسەر دەکەین، سنووری دەسەڵاتی هەرێم و ڕەهەندە یاسایی و سیاسییەکەی ئەم ڕووداوەیە پەیوەست بە پێگە و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

***

گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی یار و نەیاری هەرێمی کوردستانی خستە بەرەیەکەوە و دژایەتی گشتپرسی بوو بە خاڵی هاوبەشیان، بەڵام لەخۆگرتن (استیعاب)ی لێکەوتەکانی گشتپرسی لەلایەن هەرێمەوە جارێکی تر ئەم بەرەیەی لەتکردەوە و تەرازووی هێزی بەلای هەرێمی کوردستاندا لاسەنگ کرد. لێرەوە گیروگاز (اشکالیە)ی پرسی ڕادەستکردنەوەی تۆمەتبارێک و مامەڵەی ڕاستەخۆی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کاربەدەستانی ئەڵمانیادا و شرۆڤەکردنی ڕەهەندە یاسایی و سیاسییەکانی ئەم پرسە دەکەین بە دەسپێکی ڕوانین لە هەڵکشانەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا و گریمانەی ئەوە دەکەین کە دژایەتی گشتپرسی و خەونی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان جیاوازە لە دژایەتی و بنکۆڵکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان و سڕینەوەی، هەر ئەمەشە جیاوازیی نێوان ئەو دوو بەرەیەی کە لەپاش ئەنجامدانی گشتپرسی بەرامبەر هەرێم گەڵاڵە بووە. ئامانجی ئەم وتارە پاسادانکردنی ئەو بۆچوونەی سەرەوەیە لەپێناوی پاراستنی شوێنگە و کاریگەریی هەرێمی کوردستان وەک بکەرێکی نادەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. لەم سۆنگەیەوە و لەچەند خاڵێکدا تاوتوێی ڕەهەندە یاسایی و سیاسییەکانی ئەم پرسە دەکەین و شەنوکەوی دەرەنجامەکانی دەکەین.

### سەرەتایەکی تیۆری

چالاکی و کاروکردەوەی تاکەکەس و کاریگەرییەکانی سنووری دەوڵەتی تێپەڕاندووە و تاک بووەتە بابەتێک لە کایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و یاسای گشتیی نێودەوڵەتیدا. ئەم کاریگەرییە بەجۆرێکە ڕۆڵی لە نەخشەڕێژکردنی ئاراستەی ڕووداوەکان و پەیوەندیی نێوان دەوڵەتاندا هەیە و چەندین و ڕێکاری سیاسی و بنەمای یاسایی ئافرێنراوە لەپێناوی پاراستنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە کاریگەریی هەڵسوکەوتە خراپەکانی تاک لەلایەک و پاراستنی مافەکانی تاک لەلایەکی ترەوە. لەم سۆنگەیەوە پرسی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران یاخود داواکراوان، وەک پرسێک کە ڕەهەندی یاسایی و سیاسی نێودەوڵەتی هەیە، لەپاڵ چەند پرسێکی تردا دێتە گۆڕێ.

ڕادەستکردنەوە extradition ی تاوانباران واتا دەستبەرداربوونی دەوڵەتێک لە کەسێک کە لە وڵاتەکەیدا دەژی، بۆ دەوڵەتێکی تر کە داوای ڕادەستکردنەوەی ئەو کەسە دەکات، بەمەبەستی دادگاییکردنی لەسەر تاوانێک کە دراوەتە پاڵی، یان جێبەجێکردنی سزایەک لەسەری کە لەلایەن دادگاکانی وڵاتی داواکەرەوە بڕیاری لەسەر دراوە. زۆربەی یاساناسان بە پێشین و هاوچەرخیانەوە، وێڕای جیاوازییان سەبارەت بە هەندێک ڕێسا کە پێویستە لەکاتی ڕادەستکردنەوەدا ڕەچاو بکرێت، پشتگیری لە ڕەوایی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران دەکەن[1] .

ڕادەستکردنەوەی تاوانباران شان لەسەر بیرۆکەی هاریکاریی نێودەوڵەتی لەپێناوی نەهێشتنی تاوان و چەسپاندنی دادپەروەری دادەدات و نەبوونی ڕێککەوتنێکی پێشوەختە لەو بارەیەوە لەنێوان دەوڵەتی داواکار و دەوڵەتی داوالێکراودا نابێتە ڕێگر. پێویستیی ڕادەستکردنەوە لەو ڕێسا گشتییانەوە سەرچاوەی گرتووە کە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان ڕێکدەخات و ڕێککەوتن ئەم پێویستییە ناهێنێتە بوون، بەڵکو تەنها چۆنێتی ئەنجامدانی ڕێکدەخات، هەروەک کۆڕی یاسای نێودەوڵەتی لە کۆبوونەوەیاندا لە ئۆکسفۆرد، ساڵی 1880 بڕیارێکیان بەم مانایە داوە و تێیدا هاتووە: "پەیماننامە بەتەنها ڕادەستکردنەوە ناکاتە کارێکی پشت بە یاسا بەستوو، بەڵکو کاری ڕادەستکردنەوە شیاوە تەنانەت ئەگەر هیچ پەیوەستەگیەکی پەیمانیش لە ئارادا نەبێت"[2].

شرۆڤەکاران لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی پەیماننامە و یاسا جیاوازەکانەوە هەندێک ڕێسای گشتییان تایبەت بە ڕادەستکردنەوەی تاوانباران هەڵێنجاوە و لە هەموو ئەو بارانەدا جێبەجێ دەکرێن کە ڕێککەوتنی تایبەتیان لەبارەوە نەکراوە. ئەم ڕێسایانەش: ئەو کەسانەی کە دەکرێت ڕادەست بکرێنەوە، ئەو تاوانانەی لەپێناویاندا تاوانبار ڕادەست دەکرێتەوە، ڕێوشوێنەکانی ڕادەستکردنەوە و شوێنەوارەکانی ڕادەستکردنەوە ڕوون دەکەنەوە. سەبارەت بە ڕێوشوێنەکانی ڕادەستکردنەوە (ڕا)ی چەسپاو ئەوەیە کە ڕادەستکردنەوە کارێکە لە کارەکانی پەیوەست بە سەروەریی گشتی و تەنها دەسەڵاتی جێبەجێکردنی دەوڵەتی داواکار و دەوڵەتی داوالێکراو بە ڕێگای ئاسایی دیپلۆماسی ئەنجامی دەدەن و لەهەر دەوڵەتێکیشدا بۆ زانینی ئەو لایەنەی کە داواکاریی ڕادەستکردنەوە دەپشکنێ، دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ یاساکانی ئەو دەوڵەتە خۆی، چونکە لەم خاڵەدا یاساکان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازن[3]

پێڕۆی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران سێ بنەمای یاسایی هەیە ئەوانیش: یاسای ناوخۆیی و پەیماننامەی نێودەوڵەتی و هاومامەڵەییە (واتە مامەڵەکردن هاوشێوەی مامەڵەی بەرامبەر).

### ڕەهەندی یاسایی پرسەکە

سەبارەت بە ڕەهەندە یاساییەکانی پرسی ڕادەستکردنەوەی تۆمەتبار عەلی بەشار وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، سێ بنەمای یاسایی هەیە: بنەمای یەکەم یاسای ناوخۆیە، یاسای "بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی عێراقی" ژمارە (23)ی ساڵی 1971 ی هەموارکراو لە مادەی 352 بەدواوە شێواز و چۆنێتی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی ڕوونکردووەتەوە، بە ڕەچاوکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی و سەرەتای هاومامەڵەیی. هەر بەپێی هەمان یاسا، داواکاریی ڕادەستکردن بە نووسراو و لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە پێشکەش بە وەزارەتی داد دەکرێت و بەڵگەنامەکانی لەگەڵدا هاوپێچ دەکرێت. هەرچی بنەمای دووەمیشە کە ڕێوشوێنەکانی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران بە ڕێککەوتن ڕێکدەخرێت و بەپێی یاسای ئاماژە بۆکراویش ڕەچاو دەکرێت، هیچ ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵی لەنێوان عێراق و ئەڵمانیادا لەو بارەیەوە نییە. بۆیە پێویستە هاومامەڵەیی و ڕێسا چەسپاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتیش، واتا بنەمای سێیەم لەم بارەدا ڕەچاو بکرێت، واتا چاو لە پێشینەی دەوڵەتی داواکار دەکرێت و ئەگەر پێشتر ئامادەبووبێت هاووڵاتیانی ڕادەستی دەوڵەتانی تر بکات بەمەبەستی دادگاییکردن، ئەوا دەوڵەتانی تریش بەهەمانشێوە مامەڵەی لەتەکدا دەکەن و هاووڵاتیانی خۆیانی ڕادەست دەکەن.

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا ڕادەستکردنەوەی داواکراو یاخود تاوانبار لەگەڵ کرۆکی ڕێسا و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و یاسا ناوخۆییەکاندا کۆکە، بەڵام شێواز و ڕێوشوێنەکانی ڕادەستکردنەوەکە گرفتئامێزە و لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵیدایە، چونکە بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی، ڕادەستکردنی تاوانبار کارێکە پەیوەست بە سەروەری. پێویستە داواکاریی ڕادەستکردنی تاوانباری هەڵاتوو لە ڕێگەی نوێنەری دیپلۆماسی دەوڵەتی داواکارەوە پێشکەش بە دەوڵەتی داوالێکراو بکرێت[4] و بەپێی برگەکانی یاسای "بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی" عێراقیش ئەم کارە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ناوەندیدایە هەروەک لە بەیاننامەی وەزارەتی دەرەوەی عێراقدا ڕوونکراوەتەوە و جەخت دەکاتەوە کە ئەم کارە کارێکی پەیوەست بە سەروەرییە و تایبەتە بە وەزارەتی دادی فیدراڵی. بۆیە پێویستە ئامانجەکانی یاسای نێودەوڵەتی و چەسپاندنی دادوەری بکرێتە بنەمای هەڵسەنگاندنی ئەم کارانە نەک ئەو ڕێوشوێنانەی کە ئامانجی سەرەکییان دەوڵەتسالارییە. لێرەدا گەڕان بەدوای بنەما یاساییەکانی ئەم کارە و وەڵامدانەوەی پرسیاری ڕەوایی و ناڕەوایی، بۆ دەقە یاساییەکان و شرۆڤەی یاساناسان جێدێڵین و دەگوازینەوە کایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و شرۆڤەی ڕەهەندی سیاسیی پرسەکە دەکەین.

### ڕەهەندی سیاسیی پرسەکە

ڕووداو و گۆڕانکارییە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکانی دوا دەیەی سەدەی ڕابردوو لەلایەک و تەوژمی جیهانگیری و لێکەوتەکانی شۆڕشی پەیوەندی و تەکنەلۆژی لەلایەکی ترەوە هۆکارێک بوون بۆ پاشەکشەی ڕۆڵی سەراپاگیرانەی دەوڵەت و هەڵکشانی ڕۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان (non-state actors) وەک بکەری کاریگەر لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی. هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دروستبوونیەوە وەک قەوارەیەکی باری ئارا de facto و دواتریش وەک هەرێمێکی دەوڵەتێکی فیدراڵ چەندین پاڵنەر و هۆکار کاریگەرییان هەبوو لەوەدا کە خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوان بێت و وەک بکەرێکی نادەوڵەت لەسەر سەکۆی نێودەوڵەتی ئامادەیی هەبێت[5].

هەرێمی کوردستان لەزۆر بوار و پرسدا خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوان و یەکلاکەرەوە بوو شانبەشانی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵ و وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی دەکرد. لەمەشدا ڕابردووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و هەڵکەوتەی جوگرافیی هەرێم، شکستخواردوویی دەوڵەتی عێراق و ڕەوشی تازە وەپێشهاتووی جیهان و پشتیوانیی هێزە جیهانییەکان سێ هۆکاری سەرەکی بوون. واتا هەرێم لە دۆخێکی دەڵەمەییدا کە زیاتر لە هەرێمێکی فیدراڵ و کەمتر لە دەوڵەتێک هەڵسوکەوتی دەکرد.

گشتپرسی هەنگاوێک بوو بە ئاراستەی بەدیهێنانی ئامانجی لەمێژینەی کورد و دەربازبوون لەو دۆخە دەڵەمەییە، بەڵام دەرەنجام و لێکەوتەکانی کارەساتاوی کەوتەوە و هەندێکی گەیاندە ئەو باوەڕەی کەوا هەرێمی کوردستان گەڕاوەتەوە چوارگۆشەی یەکەم. ئەوەشی وایکرد ئەم بۆچوونە پێڕەوکە بێت و سەرپێ بکەوێت کۆبوونەوەی یار و نەیارانی هەرێم بوو لە بەرەی دژی گشتپرسیدا و وەستانەوەیان بەڕووی سەربەخۆییدا، سەرباری کاردانەوە نەرێنییەکان. لەخۆگرتنی لێکەوتەکانی گشتپرسی و دارە دارەکردنی هەستانەوە، بەرەی دژە گشتپرسی دوولەت کرد و دەستبارێک بوو بۆ ڕاستکردنەوەی باری لاری پێگە و ڕۆڵی هەرێم. ئەو تەوژمەی بەرەی نەیار کە خواستیان بوو گشتپرسی بکەنە هەنجەتی سڕینەوەی قەوارەی هەرێم وردە وردە پاشەکشەی کرد و لەهەمبەر هەڵکشانی تەوژمی دووەمدا کاڵ بووەوە. تەوژمی دووەم کە دەتوانین بڵێین دژی سەربەخۆیی هەرێم بوون نەک قەوارە و بوونی هەرێم، تەوژمێکی ئارامتر و کراوەتر بوو بەڕووی هەنگاوەکانی هەرێمدا.

لەسایەی ئەوەدا کە باس کرا، باس لەو ڕەهەندەی پرسی ڕادەستکردنەوەی عەلی بەشار دەکەین کە سەرەڕای لایەن و ڕەهەندەکانی تری، دەتوانرێت ئەوەی لێبخوێنرێتەوە کە مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆی حکومەتی ئەڵمانیا لەگەڵ کاربەدەستانی هەرێم بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ، نۆبەرەی ئەو کارانەیە کە ڕەنگە هەرێمی کوردستان پەلکێشی ڕۆڵێکی هەڵکشاوتر بکات لە ئایندەدا. چونکە بەپێی سەرەتاکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، ڕادەستکردنەوەی تاوانباران کارێکی (سەروەری سروشت)ـە و لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی ناوەندایە نەک هەرێمەکان. هەروەها بەپێی یاسا ناوخۆییەکانی عێراقیش ئەو پرسە لە دەسەڵاتی وەزارەتی دادی فیدراڵیدایە و لەڕێگەی وەزارەتی دەرەوە و بە ڕێکاری دیپلۆماسی ئەنجامدەدرێت نەک لە ڕێگەی دەسەڵاتە هەرێمییەکانەوە، هەروەها ئەگەر زانیمان کە ڕێککەوتنی دوو قۆڵی لەنێوان عێراق و ئەڵمانیادا نییە سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی تاوانباران، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییە کەوا لە کایەی پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا یاسا جێگەی خۆی بۆ هێز (power) چۆڵ دەکات و ڕۆڵ و پێگەی هەرێم زیاتر پابەستی هێز و بەرهەمهێنان و وەگەڕخستنی هێزە.

### ئەنجامگیری

1. وێڕای لێکەوتە کارەساتاوییەکانی گشتپرسی، هەرێمی کوردستان خەریکە وەک بکەرێکی نا دەوڵەت پێگە و ڕۆڵی بەهێز دەبێتەوە.

2. پێگە و قەوارەی بکەرە نادەوڵەتەکان دەڵەمەییە و ئەگەری هەڵکشان و داکشانی وەکو یەک بەهێزە، بۆیە پاراستنی پێگەی هەرێم وەک بکەرێکی نادەوڵەت هەوڵ و بەتەنگەوەهاتنی زیاتری دەوێت.

3. هەموو ئەو بۆشاییە یاساییانەی لە عێراقدا هەن پێویستە هەرێم بە ئاڕاستەی پتەوکردنی پێگە و فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی سوودیان لێوەربگرێت و پێشینەی یاسایی دروستبکات.

4. پرسی ڕادەستکردنەوەی عەلی بەشار ئاماژەیەکە، هەرچەندە ئاماژەیەکی لاوازە بۆ سەرپێکەوتنەوەی هەرێم و چوونەوە سەر سەکۆی ڕووداوەکان.

5. ڕادەستکردنەوەی داواکراوان کارێکی تەبایە لەگەڵ ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتیدا و پێداویستی نەهێشتنی تاوان و چەسپاندنی دادپەروەری گرنگترە نەک گیروگازی شێوازی ڕادەستکردنەوەکەی کە ئایا هەرێم دەتوانێت پشتیوانی یاسایی بۆ ئەم کارە و کارە هاوشێوەکانی تر بدۆزێتەوە یاخود نا؟



عەلی بەشار کە کۆچبەرێکی کوردە تۆمەتبارە بە کوشتنی کچێکی ئەڵمانی (فۆتۆ: AFP)

(1) د. علی صادق أبو هيف، القانون الدولی العام (الاسکندریه: منشأه المعارف، ص -262 263.)
(2) هەمان سەرچاوە، لا 264.
(3) هەمان سەرچاوە، لا 265-271.
(4) جیرهارد فان غلان، القانون بين الأمم- الجزء الأول، ترجمه: عباس العمر(بيروت: دار الجيل ودار افاق الجديده، ص 268).
(5) بۆ زانیاری دەربارەی چییەتی بکەرە نادەوڵەتەکان و پێگەی هەرێمی کوردستان وەک بکەرێکی نادەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە: زانا کريم نجم، الفاعلون من غير الدول ودورهم فی السياسه العالميه: اقليم کوردستان العراق أنموذجا، رساله ماجستير غير منشوره، مقدمه الی کليه العلوم الأداريه والسياسيه، جامعه جرمو، اقليم کوردستان- العراق /2016.

# خواردنە هەرەباش و هەرەخراپەکان بۆ جگەری مرۆڤ

ڕووداو — WBMD

جگەر لە ئەندامە بنچینەییەکانی جەستەیە و بێ ئەو ژیان بەردەوام نابێت، بۆیە گرنگە بزانیت کامە خۆراک دڵخوازی ئەو ئەندامە گرنگەی جەستەیە و کامەیان نا:

**1 شوفان:** جگەر ئارەزووی لە خۆراکە پڕ ڕیشاڵەکانە، شوفان لەو خۆراکانەیە کە ئێجگار دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵی خۆراکی

**2 چەوری:** خواردنی سوورەوەکراو و هەمبەرگەر و هاوشێوەکانیان، مەترسیدارن بۆ جگەر. ئەمانە پڕن لە چەوریی تێر کە کاری جگەر زەحمەت دەکەن و تەنانەت دوور نییە زێدەڕۆیی لە خواردنی چەوریدا ببێتە هۆی تەمبەڵبوونی جگەر.

**3 برۆکلی:** دەرکەوتووە دژی کەڵەکەبوونی چەورییە لە جگەردا کە ئەگەر چارە نەکرێ دەبێتە هۆی پەککەوتنی جگەر. بەگشتی بەشێکی بەرچاو لە سەوزەکان ئەم کارەی برۆکلی دەکەن، بەڵام برۆکلی بە تایبەت گرنگە، چونکە بە چەندین دژە ئۆکسێنی جیاواز دەوڵەمەندە.

**4 قاوە:** دەرکەوتووە ڕۆژانە خواردنی 2-3 کووپ قاوە دژی ئەو مەترسییانەیە کە کحول و خۆراکە نادروستەکان لەسەر جگەر دروستی دەکەن. هەندێک توێژینەوە دەڵێن تەنانەت قاوە تووشبوون بە شێرپەنجەی جگەر کەمدەکاتەوە کە لە شێرپەنجە کوشندەکانە.

**5 شەکر:** بەشێکی ئەرکی جگەر گۆڕینی شەکری زیادی جەستەیە بۆ چەوری! بۆیە تاوەکوو شەکر زۆرتر بخۆی، جگەر چەوریی زیاتری لێ دروستدەکات کە بەشێکی هەر لە جگەردا کۆدەبێتەوە و دەبێتە مەترسی بۆی و دوور نییە بە پەککەوتنی جگەر کۆتایی بێت.

**6 چای سەوز:** لە چای سەوزدا دژەئۆکسێنی (کاتێچین) هەیە کە دژی تووشبوونە بە چەندین جۆر لە شێرپەنجە، لەوانە شێرپەنجەی جگەر.

**7 ئاو:** لە بری شەربەت و خواردنەوە گازییەکان هەمیشە پەنا بۆ ئاو ببە، ئەمە هەم کارئاسانی بۆ جگەر دەکات و هەم یاریدەی دابەزینی کێش دەدات، دیارە کە جگەر زۆر هەراسانە لە قەڵەویی خاوەنەکەی، چونکە قەڵەوی یەکێکە لە هۆکارەکانی نەخۆشبوون و ناچالاکیی جگەر.

**8 بادام:** بە ڤیتامین E دەوڵەمەندە کە توێژینەوەی زانستی دەریخستووە دژی تووشبوونە بە کەڵەکەبوونی چەوریی سەر جگەر و ئەوەش گرفتێکی باوی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە.

**9 خوێ:** توێژینەوەیەک دەریخستووە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕیشاڵبوونی جگەر بریتییە لە زۆر خواردنی خوێ. ڕیشاڵبوونی جگەر قۆناغی سەرەتایی سستبوونی جگەرە.

**10 سپێناخ:** دژە ئۆکسێنێکی بەهێزی تێدایە کە بە (گلوتاسیۆن) ناسراوە، یەکێک لە کارە گرنگەکانی بریتییە لە ڕێکخستنی کارەکانی جگەر.

**11 کحول:** جگەر دوژمنی سەرسەختی زۆر خواردنەوەی کحولە. بە تێپەڕینی کات، کحول ڕێگا خۆشدەکات بۆ بەمۆمبوون و پەککەوتنی جگەر، کە مەترسییە بۆ سەر ژیانی خاوەنەکەی.

**12 بەهارات:** ئەمانە بە پۆلیفینۆل و دژە ئۆکسێنەکانی دیکە دەوڵەمەندن کە دۆستی بێ چەندوچوونی جگەرن.

**13 چپس:** ئەمانە پڕن لە شەکر، خوێ و ڕۆنی شاراوە کە هەموویان دوژمنن بۆ جگەر. لە بری ئەمانە لەکاتی برسێتیدا پەنا بۆ سوکەژەمێکی تەندروست ببە، وەک پارچەیەک میوە، یان مشتێک چەرەس.



# 5 پرسیار لەبارەی خەوەوە

ڕووداو DW

جەستەی مرۆڤ چۆن پێویستی بە خواردن و خواردنەوەی تەندروستانەیە، خەوێکی تەندروستانەش گرنگە بۆ پاراستنی تەندروستی، بەڵام خەوی تەندروستانە چۆنە؟

## 1 بۆ دەبێ بخەوین؟

کاتێک دەڵێین سێیەکی ژیانمان خەوە، بەشێک لە خەڵکی ئەمە وەک بەفیڕۆدانی کات دەبینن! بەڵام لە ڕاستیدا لەکاتی خەویشدا جەستە لە گەرمەی چالاکیی خۆیدایە و ناوەستێ و کات بەفیڕۆ نادات. لەکاتی خەوی قووڵدا، جەستە هاوشێوەی ئامێرێکی کۆمپیوتەر زانیارییەکانی نێو یادەوەری ڕێکدەخات و دەچەسپێنێ! هەروەک هۆرمۆنەکانی گەشە دەردەدات و کۆئەندامی بەرگری چالاک دەکات. لەکاتی خەودا مێشک پێداچوونەوە بە زانیارییە وەرگیراوەکانی ڕۆژی پێشوو دەکات و هەوڵی دابینکردنی ڕووبەری بەشێک لە مێمۆری خۆی دەدات بۆ ئەو زانیارییانەی لەوانەیە سبەی وەربگیرێن! بەشێک لە پسپۆڕان دەڵێن خەون بینین لێکەوتەیەکی کارکردنی مێشکە بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکان.

## 2 چەندە بخەوین؟

ئەمە پەیوەندی بە تەمەنتەوە هەیە! کۆمەڵەی نیشتیمانیی بۆ زانستەکانی خەو لە ئەمریکا دەڵێن منداڵی تازەبوو 14-17 سەعات خەوی پێویستە، منداڵانی قۆناغی سەرەتایی پێویستیان بە 9 -10 کاژێر خەوە و کەسانی پێگەیشتووش وا باشە شەوانە 7- 9 کاژێر بخەون و پسپۆڕان ڕێنماییتان دەکەن شەوانە کەمتر لە شەش کاژێر نەخەون.

چەندین توێژینەوە دەریانخستووە خەوتن بۆ کەمتر لە شەش کاژێر یان زیاتر لە نۆ کاژێر زیانی هەیە و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن زیاد دەکات.

## 3 چی ڕوودەدات ئەگەر هەرگیز نەخەوی؟

تاوەکوو ماوەی نەخەوتن درێژ ببێتەوە، گرفتگەلێکی تەندروستی ڕوودەدەن و ڕوو لە زیادبوونیش دەکەن، وەکوو: بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، کەمبوونەوەی توانای سەرنجدان (تەرکیز)، گێژبوون و لەدەستدانی توانا هزری و مەعریفییەکان و کەمبوونەوەی توانای چالاکی و جموجووڵ.

## 4 چی خەومان دەزڕێنێ؟

ئێستا مۆبایل و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان هۆکارێکی سەرەکی خەوزڕانن، بۆیە دەبێ ماوەیەکی بەرچاو بەر لە چوونە نێو جێگای نووستن، واز لە بەکارهێنانیان بهێنین. ئەو تیشکە شینەی لە شاشەکانیانەوە دەردەچێ کار لە هۆرمۆنە خەوێنەرەکانی جەستە دەکات، چونکە چاو کاتێک ئەو تیشکەی پێدەگات، زانیاری دەداتە مێشک کە کاتی نووستن نەهاتووە!

کاتێک مێشک پەیامەکەی چاوی پێدەگات، هۆرمۆنی میلاتۆنین بە بڕی پێویست دەرنادات و بەوەش ئەو دیادە سرووشتییە ڕوونادات کە تێیدا شەوان خەواڵوو دەبین و ڕۆژانەش چالاک!

جگە لەمانە، خواردنەوەی کحول و ئەو خواردنەوانەی کافایینیان تێدایە لە شەواندا، بوونی ڕووناکی لە شوێنی خەو و نەبوونی کەشێکی بێدەنگ و ئارام، دەبنە هۆی خەوزڕان یان پچڕپچڕبوونی خەو.

## 5 چۆن بە باشی بخەوین؟

جگە لە دوورخستنەوەی مۆبایل و کوژاندنەوەی ڕووناکی و دروستکردنی کەشێکی ئارام و نەخواردنەوەی کحول و چاو قاوە لە شەواندا، پێویستت بەوەیە چالاکییەکانی ڕۆژانە و شەوانەت ڕێکبخەیت و لەکاتی خۆیان تەواویان بکەیت. دەبێ لە ئۆفیس کارەکانت تەواو بکەیت، لە ژووری دانیشتن سەیرکردنی تیڤی تەواو بکەیت، لە ژووری نانخواردن کاتی پێویست بدەیت بە ژەمەکانت و لە کۆتاییشدا بە دەروونێکی ئارام و لە کەشێکی ڕێکخراو و گونجاودا بچیتە ژووری نووستن.



# ئەو خۆراکانەی یارمەتی دابەزاندنی کێش دەدەن

ڕووداو- ئاژانسەکان

سەرەتا بیر لەوە مەکەوە خۆراکێک هەبێ ببێتە هۆی سووتاندن و تواندنەوەی چەوریی لەش، ئەوەی هەیە خۆراکێکی ئەوتۆ بخۆی کە وزەی زۆر نەبێ و بە ڕەگەزە خۆراکییەکان دەوڵەمەند بێ. کەمکردنەوەی کالۆرییەکان لە خواردنی ڕۆژانەدا تاکە ڕێگای بڕواپێکراوە بۆ دابەزاندنی کێش لە ڕێگەی خۆراکەوە. ئەمانە هەندێک خۆراکن کە هاوڕێیەکی دڵسۆزن لە گەشتەکەتدا بەرەو دابەزاندنی کێشی زیادەی جەستەت:

**1 ئەڤۆکادۆ:** بە چەوریيە تاکە ناتێرەکان دەوڵەمەندە کە وەک چەوریی تەندروستانە ناسراون. چەوری بە بڕی کەم پێویستە لە ژەمەکاندا هەبێ، چونکە هەستی تێری دەبەخشێ و وادەکات لەنێوان ژەمەکاندا هەڵپە نەکەی بۆ خواردنی زیادە. لەنێو چەورییەکانیشدا دەبێ زیاتر پەنا بۆ چەوریيە ناتێرەکان ببرێ.

**2 چای سەوز:** ئەگەر بەبێ شەکر بخورێ، ئەوە وزەیەکی ئێجگار کەمی تێدایە و پڕیشە لە دژە ئۆکسێن، ئاو بە جەستە دەبەخشێ، واتە بە وزەیەکی ئێجگار کەم، بڕێکی باش ماددەی دژەئۆکسێنت پێدەبەخشێ. بەڵام بە شەکرەوە بیخۆی بڕێکی زۆر وزە دەدات

**3 گۆشتی کەم چەوری:** پرۆتینی کواڵیتی بەرز دەبەخشێتە جەستە، بێئەوەی کالۆرییەکی زۆر بدات. بزانە کە گرامێکی پرۆتین تەنیا چوار کالۆری دەدات، بەڵام گرامێک چەوری 9 کالۆری وزە دەدات، ئەوە جگە لەوەی چەوریی ئاژەڵ چەورییەکی تێرە و وەکوو چەوریيە ناتێرەکان بەسوود نییە بۆ جەستە.

**4 هێلکە:** سەرچاوەیەکی باشی پرۆتینی کواڵیتی بەرزە، بەڵام بە کوڵاوی بیخۆ نەک هێلکەوڕۆن، چونکە هێلکەوڕۆن وزەیەکی زۆر دەدات.

**5 بیبەری سووری تیژ:** پرۆسەی زیندەپاڵ تاو دەدات، واتە هانی جەستە دەدات ئەو وزەیەی هەیەتی بۆ چالاکییەکانی جەستە بەکاری بهێنێ، نەوەک بەشێوەی چەوری هەڵیگرێ.

**6 سەوزە گەڵاپانەکان:** وەکوو کەلەرم و سلق و سپێناخ و کاهوو، ئەمانە وزەیەکی ئێجگار کەم دەدەن و پڕیشن لە دژەئۆکسێن و ڕەگەزی خۆراکیی گرنگ بۆ جەستە.

**7 پەتاتەی شیرین:** بە ڕیشاڵە خۆراکییەکان دەوڵەمەندە کە وادەکات هەست بە تێری بکەی بۆ ماوەیەکی درێژ و پەنا نەبەیتە بەر سووکەژەمی ناتەندروست. بەڵام دەبێ پەتاتەی کوڵاو بخۆی، نەوەک بیکەیتە ڕۆن، چونکە ڕۆنەکە کالۆری زۆر دەکات. بەگشتی پەتاتە نابێ زۆر بخورێت، چونکە زێدەڕۆیی لە خواردنیدا وزەی کەڵەکەبوو زۆر دەکات کە ئەگەری زۆرە بەشێوەی چەوری لە جەستەدا کۆببێتەوە، واتە پەتاتە بخۆ، بەڵام بە بڕی کەم.





# 6 سوودی پیاز

ڕووداو- مێڵسکۆم

زانا مرۆڤناسەکان دەزانن کە لانیکەم 5000 ساڵ پێش زایین مرۆڤ بە بایەخەوە تەماشای پیاز و سوودەکانی کردووە، لە زۆر کولتووریشدا بەشێک بووە لە دەرمانەکانی پزیشکی میللی.

زانستی پزیشکی مۆدێرنیش بە ئەزموون و توێژینەوە بۆی دەرکەوتووە پیاز ئەم سوودانەی هەیە:

## 1 پڕە لە دژە ئۆکسێن:

پیازێکی قەبارە مامناوەند پێنجیەکی پێویستیی ڕۆژانەی جەستە لە ڤیتامین C دابین دەکات کە یەکێکە لە ڤیتامینە دژە ئۆکسێنەکان.

هەروەک بە دژەئۆکسێنێکی دیکە دەوڵەمەندە کە بە (کویرسیتین) ناسراوە و دەرکەوتووە خاسیەتی دژە هەوکردنی هەیە لە جەستەدا. توێکڵەکانی دەرەوەی پیاز زۆرترین بڕی دژەئۆکسێنیان تێدایە.

دژە ئۆکسێنەکان بەوە ناسراون کە ڕێگا دەگرن لە پرۆسە زیانبەخشەکانی وەک شێرپەنجە، ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و زۆر لە نەخۆشییە بڵاوەکانی ئێستا.

## 2 دژە شێرپەنجەیە:

توێژینەوەیەکی زانستی کە لەسەر دانیشتووانی ئیتاڵیا و سویسرا کراوە، دەریخستووە ئەوانەی زۆرترین بڕی سیر و پیاز دەخۆن، تووشبوونیان بە چەندین جۆری شێرپەنجە کەم دەکات بەراورد بەوانەی کەمتر ئەم دوو خۆراکە دەخۆن.

## 3 ئێسک بەهێز دەکات:

توێژینەوەیەکی زانستی کە لەسەر خانمانی تەمەن 50 ساڵان کراوە، دەریخستووە ئەو خانمانەی زۆرتر پیاز دەخۆن چڕیی ئێسکیان زیاترە و بە ڕادەی 20%یش کەمتر تووشی شکانی ئێسکی ران دەبن.

## 4 یارمەتی کرداری هەرس دەدات:

ماددەیەک لە پیازدا هەیە کە بە (ئینولین) ناسراوە، ڕیشاڵی خۆراکییە، بەڵام هاوشێوەی پریبایۆتیک کاردەکات. پریبایۆتیک یارمەتی گەشەی بەکتریا سوودبەخشەکان دەدات لە ریخۆڵەدا. ئینولین هەروەها دژی قەبزییە و یارمەتی ڕێکخستنی شەکری خوێن دەدات و سووڕی خوێن ڕێکدەخات. دەریشکەوتووە یارمەتی هەڵمژرانی ڕەگەزە خۆراکییەکان لە ریخۆڵەدا دەدات.

## 5 چەوریی زیانبەخش دادەبەزێنێ:

توێژینەوەیەکی دیکە کراوە لەسەر ئەو خانمانەی فرەکیسی هێلکەدانیان هەیە و کراون بە دوو گرووپەوە، گرووپێک کە پیاز زۆر بخۆن و گرووپێکی دیکە کە کەم بیخۆن. پاش هەشت هەفتە، گرووپە پیازخۆرەکە ئاستی کۆلیسترۆڵی زیانبەخشی خوێنیان کەمتر بوو لەوانەی نایخۆن. توێژینەوەیەکی دیکە دەریخستووە خواردنەوەی شەربەتی پیاز ڕۆژانە بۆ ماوەی شەش هەفتە ئاستی کۆلیسترۆڵی زیانبەخشی خوێن دادەبەزێنێ و چێوەی کەمەریش باریک دەکاتەوە.

## 6 سوودەکانی تەماتە زیاد دەکات

لە زانستی خۆراکناسیدا ڕاستییەک زانراوە، هەندێک خۆراک پێکەوە سوودەکانی یەکدی زیاد دەکەن و هەندێکی دیکەش بە پێچەوانەوە. خۆراکناسان دەڵێن ماددە گۆگردییەکانی نێو پیاز، وادەکەن ماددەی بەسوود و دژە ئۆکسێنی لایکۆپینی تەماتە زیاد ببن. ماددەی لایکۆپین ڕەنگە ئاڵ و سوورەکە دەدات بە تەماتە و دەرکەوتووە دژی تووشبوونە بە شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی دڵ، هەروەک بۆ تەندروستیی مێشک، چاو و ئێسک بەسوودە.

# کریمیا.. سەرچاوە سەرەکییەکەی نانی سووریا

**ڕووداو- هەولێر**

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا هەناردەی گەنمی نیمچە دوورگەی کریمیا بۆ سووریا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، ئەمە لەلایەکەوە بازاڕێکی گەورەی بۆ گەنم و دانەوێڵەی زێدەباری نیمچە دوورگەکە خستووەتە بەردەست حکومەتی ڕووسیا و لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەیەکی گەورەی دابینکردنی گەنم و دانەوێڵەشی خستووەتە بەردەستی ڕژێمی سووریا.

بەگوێرەی ئەو داتایانەی دەست ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی کەوتوون، لە نێوان تەمووزی 2017 بۆ ئایاری 2018 زیاتر لە 10 هەزار باری گەنم بە کەشتی لە کریمیاوە ڕەوانەی سووریا کراوە، کۆی گشتی گەنمە هەناردەکراوەکە خۆی لە 170 هەزار تۆن دەدات. حکومەتی سووریا پشتیوانییەکی ماڵی زۆری لەسەر گەنم و ئارد داناوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیی سووری بە نرخێکی هەرزان نانیان دەستبکەوێ، ئەمەش لە کاتێکدایە کە بەرهەمهێنانی نێوخۆیی گەنم بەهۆی شەڕەوە بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، بۆیەش حکومەت ناچارە بۆ دابینکردنی گەنم پشت بە هاوردە ببەستێ.

هەم سووریا و هەم کریمیا گەمارۆی ئابووریی نێودەوڵەتییان لەسەرە. زۆربەی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا گەمارۆ و سزای ئابووریی قورسیان لەسەر حکومەتی سووریا داناوە. هەرچەندە گەمارۆکانی ڕۆژئاوا مادە خۆراکییەکان ناگرنەوە، بەڵام سڕکردنی داهاتی بەشێک لەو بازرگانانەی پێشتر مامەڵەیان لەگەڵ حکومەتی سووریا کردووە، ڕێگرە لەوەی بازرگانانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان ئازادانە کار لەگەڵ حکومەتی سووریا بکەن.

کریمیا لە ساڵی 2014ەوە بە زەبری هێزی چەکداری خراوەتە سەر ڕووسیا، لەو کاتەشەوە لە ژمارەیەکی زۆر لە بازاڕەکانی جیهان بێبەش کراوە، هەر ئەمەش سووریای کردووە بە هاوبەشێکی نموونەیی بۆ بازرگانی، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە سووریا لەبەرامبەر گەنمدا زەیتی زەیتوون پێشکەش بە کریمیا دەکات. گیۆرگی مورادۆڤ، جێگری سەرۆکوەزیرانی کۆماری کریمیا، بە ئاژانسە بەریتانییەکە دەڵێت: "ژمارەیەکی زۆر وڵات هەن کە ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵیاندا نییە. ئێمە سزا و گەمارۆمان لەسەر یەکدی دانەناوە، بۆیەش دەتوانین هاوکاری بازرگانیمان هەبێ".

ڕووسیا کە دووەم گەورەترین هەناردەکاری گەنمی جیهانە، لە ساڵی 2015ەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە شەڕی نێوخۆی سووریادا بەشدارە و پشتگیری لە بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا دەکات. بەڵام لە سێ ساڵی ڕابردوودا، مۆسکۆ گەنم و دانەوێڵەیەکی زۆریشی لە چوارچێوەی هاریکاریی مرۆییدا بۆ سووریا ناردووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ڕۆیتەرز)، حکومەتی ڕووسیا و سووریا لە ئەیلوولی 2017دا ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی لە سێ ساڵی داهاتوودا سێ ملیۆن تۆن گەنم لە ڕووسیاوە هەناردەی سووریا بکرێ، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ بارە گەنمێک لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەدا ڕەوانەی دیمەشق نەکراوە. ڕووسیا لەلایەکەوە نیگەرانە لەوەی بازرگانی گەنم و دانەوێڵە لەگەڵ حکومەتی ئەسەد مەترسی لەسەر کۆی بازرگانییە کشتوکاڵییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهاندا دروست بکات، لەلایەکی دیکەشەوە هاریکارییە خۆراکییەکانی ڕووسیا گوشارێکی زۆری لەسەر خەزێنەی حکومەتی مۆسکۆ دروستکردووە.

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا بەرهەمهێنانی گەنم و دانەوێڵەی کریمیا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەتەوە. بە گوتەی وەزارەتی کشتوکاڵی ڕووسیا، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا مۆسکۆ نزیکەی 2.4 ملیار ڕۆبڵ (38 ملیۆن دۆلار) بودجەی بۆ کەرتی کشتوکاڵی کریمیا تەرخان کردووە و تەکنەلۆژیای نوێ بۆ جووتیاران دابینکراوە، ئەمەش وای کردووە کریمیا نەک هەر پێداویستی نێوخۆیی دابین بکات، بەڵکو هەناردەشی هەبێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ڕۆیتەرز)، کریمیا ساڵانە نزیکەی 1.4 ملیۆن تۆن گەنم بەرهەم دەهێنێ، کە نزیکەی یەک ملیۆنی بۆ هەناردەکردن دادەنێ. ئەمەش گوشارە داراییەکان لەسەر مۆسکۆ کەم دەکاتەوە، لە کاتێکدا حکومەتی ڕووسیا سوورە لەسەر ئەوەی نیمچە دوورگەکەی سەر دەریای ڕەش بتوانێ خۆی بازرگانی بکات.

بەگوێرەی هەندێک داتای نیمچە فەرمی حکومەتی کریمیا کە دەست ئاژانسە بەریتانییەکە کەوتوون، حکومەتی کریمیا لە نیوەی دووەمی ساڵی 2017دا نزیکەی 428 هەزار تۆن گەنمی هەناردە کردووە، لە کاتێکدا لە نێوان 2016 بۆ 2017 تەنیا 228 هەزار تۆن گەنمی هەناردە کردبوو. بەگوێرەی داتاکان ژمارەیەکی زۆر لە کەشتییەکان ڕاستەوخۆ لە کریمیاوە دەچنە سەر بەندەرەکانی سووریا لەسەر دەریای نێوەڕاست، بە تایبەتیش بەندەری تەرتووس کە بنکەی دەریایی ڕووسیای لێیە. ژمارەیەک لە کەشتییەکانیش دەچنە بەندەرەکانی لوبنان و لەوێوە جارێکی دیکە لە کەشتی دیکە باردەکرێن و ڕەوانەی سووریا دەکرێن. لە نێوان مانگی تەمووز بۆ کانوونی یەکەمی 2017، لوبنان گەورەترین کڕیاری گەنم و دانەوێڵەی کریمیا بووە و 175 هەزار تۆن گەنمی لەو هەرێمە کڕیوە، لە ڕیزبەندی دووەمیش سووریا دێت کە لەو ماوەیەدا 75 هەزار تۆن گەنمی لە کریمیاوە هاوردە کردووە.

بەڵام پەیوەندییەکانی کریمیا و سووریا تەنیا لە گەنمدا کورت نابێتەوە و بەرپرسانی هەرێمەکە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە دەیانەوێ هێڵی پەیوەندی لەنێوان بەندەری تەرتووس و بەندری سێڤاستۆپۆڵی پایتەختی کریمیادا دروستبکەن. فلادیمیر بازارۆڤ، جێگری پارێزگاری سێڤاستۆپۆڵ، لە مانگی حوزەیراندا سەردانی بەندەری تەرتووسی کرد، لە دوای سەردانەکەش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە کۆتایی تەمووزی ئەمساڵەوە کار بۆ دروستکردنی ئەو هێڵی پەیوەندییە دەکەن.

بەگوتەی بازارۆڤ بەندەرەکانی کریمیا بەهۆی سزاکانەوە تەنیا 20% بۆ 30%ی توانای خۆیان بەکاردەهێنن، سووریا و پێویستییەکانی ئەو وڵاتە بە گەنم، کانزاکان و کەرەستەکانی بیناسازی دەتوانێ دەرفەتێکی نوێی بازرگانی بۆ ئەو بەندەرانە بکاتەوە. وا بڕیارە لە ماوەی یەک ساڵی داهاتوودا 200 هەزار تۆن گەنم لە کریمیاوە ڕەوانەی سووریا بکرێ.

کریمیا لە شوباتی 2014ەوە لەلایەن هێزێکی سەر بە ڕووسیاوە دەستی بەسەردا گیراوە، لە ئاداری 2014ش خەڵکی هەرێمەکە لە گشتپرسییەکدا دەنگیان بەوە دا هەرێمەکەیان ببێتە بەشێک لە فیدراسیۆنی ڕووسیا و لە ئۆکراینا جیابێتەوە.

ئۆکراینا پێیوایە گواستنەوەی کەرەستە و مادە خۆراکییەکان لە بەندەرەکانی کریمیاوە بۆ وڵاتانی دیکە دژی گەمارۆ ئابووری و بازرگانییەکانی ڕۆژئاوایە لەسەر کریمیا. هەر بەمە نەوەستاوە و سکاڵایەکی بۆ ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی دەریاوانی لە لەندەن بەرزکردووەتەوە، بۆ ئەوەی سزای تایبەت لەسەر ئەو کەشتی و کەسایەتییانە دابنرێ کە دەستیان لەو جۆرە بازرگانییەدا هەیە. جێگری سەرۆکوەزیرانی کریمیاش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوان دان بە سزا نێودەوڵەتییەکاندا نانێن.



کریمیا لە ماوەی 10 مانگدا 170 هەزار تۆن گەنمی بە سووریا فرۆشتووە

## تورکیای دوای هەڵبژاردن بەرەو کـ

# هاوپەیمانێتی ئـ
# پرسی کورد دەب



مامەڵەکردن لەگەڵ مەهەپە لەسەر ئاستی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی گەورەترین تەحەدای ئەردۆغ

**ڕووداو – هەولێر**

هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیرانی تورکیا چەند ئاماژەیەکی ڕوونی بۆ تورکیای دوای هەڵبژاردنەکان تێدابوو، لەوانەش ئاکپارتی چیدی ناتوانێ بە تەنیا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، هاوپەیمانێتییەکەی ئۆپۆزیسیۆن زۆر لەوە لاوازترە کە دوای هەڵبژاردنەکانیش بتوانێ درێژە بە خۆی بدات و ناسیۆنالیستە تورکەکان ناتوانن هاوبەشێکی بێ کێشە بن لە حکومەتی داهاتووی تورکیادا.

لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیادا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا، نەیدەتوانی لە هیچکام لە هەڵبژاردنەکاندا سەربکەوێ، ئەگەر پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی) لەگەڵ پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا (مەهەپە) یەکی نەگرتبا. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا ئاکپارتی 42.6%ی دەنگەکان و مەهەپە 11.7%ی دەنگەکانی هێنا. بەمجۆرە ئەم دوو پارتە دەتوانن پێکەوە زۆرینەیەکی پەرلەمانی دروستبکەن.

لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیشدا، دەوڵەت باخچەلی، سەرۆکی مەهەپە، داوای لە هەوادارانی پارتەکەی کردبوو دەنگ بە ئەردۆغان بدەن. هەموو ئەمانەش وادەکەن ئەردۆغان هەم هەست بە قەرزداری بکات بەرامبەر مەهەپە و هەمیش بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی 24ی حوزەیران کۆمەڵێک پۆستی سەرەکی حکومی بە پارتە ناسیۆنالیستەکە بدات.

سۆنەر جاکاپتای، شارەزای کاروباری تورکیا لە پەیمانگای واشنتن، دەڵێت "ئەگەر سەیری مێژوو بکەین، هاوپەیمانێتییەکەی ئاکپارتی و مەهەپە بۆ سەقامگیری تورکیا باش نابێت، چونکە هەموو ئەو حکومەتانەی مەهەپە پشتگیریی کردوون، لەناو قەیرانی گەورەدا هەڵوەشاونەتەوە"، لەوانەش شەڕی سەر شەقامی تورکیا لە ساڵانی 1977 بۆ 1979 (کە میلیشیاکانی مەهەپە، واتە گورگە بۆرەکان، ڕۆڵی گەورەیان تێدا هەبوو) و قەیرانە ئابوورییە گەورەکەی 2001 بۆ 2002 (کە دواجار خیانەتی مەهەپە لە حکومەتی هاوپەیمانی تورکیا و هەڵبژاردنی پێشوەختە و دواجاریش سەرکەوتنی ئاکپارتی لێکەوتەوە).

جاکاپتای جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێ وابزانین ئەو حکومەتانەی پارتەکەی باخچەلی تێیاندا بەشدارە بەرێکەوت تووشی ئەو دۆخە قەیراناوییە دەبن، بەڵکو ئەم ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مەهەپە پارتێکە ڕەگوڕیشەی لە مێژووی جەنگی ساردادایە، ڕوانگەیەکی ڕەگەزپەرستانە و سەربازی و سەرکوتکەرانەی بۆ سیاسەت هەیە و لەسەر دروستکردنی دووبەرەکی دەژین. ئەگەری زۆرە مەهەپە یەکێک لە پۆستەکانی جێگری سەرۆککۆماری تورکیا وەربگرێ، لەو حاڵەتەشدا کاریگەریی ئەو پارتە لەسەر پرسی کورد لە تورکیا زۆر دەبێ، لەبەر ئەوەی مەهەپە یەکێکە لەو پارتانەی تاوەکو ئێستاش کورد وەکو نەتەوەیەکی جیاوازی ناو تورکیا ڕەت دەکاتەوە. جاکاپتای چاوەڕێ دەکات مەهەپە داوای ڕێوشوێنی سەختتر لەدژی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد بکات، لەوانەش هەڵمەتی سەربازیی قورستر لەدژی پەکەکە و ڕەتکردنەوەی چارەسەری ئاشتیانە.

لێکۆڵەرە تورکەکە بەدووری نازانێ مەهەپە کێشە بۆ ڕێککەوتنەکەی نێوان واشنتن و ئەنقەرە لەبارەی مەنبجیش دروست بکات، چونکە مەودای مانۆڕی ئاکپارتی لەگەڵ ئەمریکا کەمدەکاتەوە. هەر بۆیەش مامەڵەکردن لەگەڵ مەهەپە لەسەر ئاستی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی گەورەترین تەحەدای ئەردۆغان و حکومەتەکەی دەبێ.

### هاوپەیمانێتیی ئۆپۆزیسیۆن لەق دەبێت

لە پێش هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕابردووی تورکیا، پارتە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەرەیەکی هاوبەشیان لەدژی ئەردۆغان پێکهێنابوو کە لە مێژووی تورکیای مۆدێرندا بێ وێنە بوو. بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەو هەڵبژاردنە هێندەی خستنی ئەردۆغان بوو، هێندە پلان و ئەجێندایەکی هاوبەش بۆ ڕۆژی دوای هەڵبژاردنەکان نەبوو. ئامانجی یەکەمی ئۆپۆزیسیۆن ئەوە بوو ئەردۆغان نەتوانێ لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا زیاتر لە 50%ی دەنگەکان بەدەستبهێنێ. هەموو شتەکانی دیکە بەبێ وەڵام بۆ ڕۆژی دوای هەڵبژاردنەکان جێهێڵرابوو.

بەڵام ئەو ئامانجەی ئۆپۆزیسیۆن سەری نەگرت

## لە سەت ساڵی ڕابردوودا لە هەشت گروپەوە بوونەتە 59

# ژمارەی گروپە جوداخوازەکان لە جیهاندا ڕوو لـ

**ڕووداو- هەولێر**

لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا، ژمارەی بزووتنەوە جوداخوازەکان لە سەرانسەری جیهاندا زیادیان کردووە، بەجۆرێک لە ساڵی 1915 دا تەنیا هەشت بزووتنەوەی لەو جۆرە هەبوون، کەچی ژمارەی ئەو بزووتنەوانە لە 2015 دا گەیشتووەتە 59 گروپ. ئەو گروپانە سەر بە ناوچەی جیاوازی جوگرافین کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە بۆ باکووری ئیسپانیا و لەوێشەوە بۆ کەنارەکانی باشووری زەریای ئارام درێژ دەبێتەوە.

هەرچەندە ژمارەی گروپە جوداخوازەکان ڕوو لە هەڵکشانە، بەڵام ژمارەیەکی کەم لەو گروپانە لەم چەند ساڵەی دواییدا پەنایان بۆ توندوتیژی و شەڕ بردووە. تانیشا فەیزڵ، شارەزای یاسای نێودەوڵەتی و گروپە جوداخوازەکان لە زانکۆی مینیسوتا لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە وتارێکدا لە گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز) دەڵێت یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو گروپانە دەزانن دوای سەرکەوتنی هەوڵەکانیان دەچنە ڕیزی وڵاتانی ئەندامی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بۆیەش دەبێ چاویان لەسەر ئەو ئاماژانە بێت کە لەو وڵاتانەوە بۆیان دێ، ئاماژەکانیش هانیان دەدەن شێوازی ئاشتیانە بگرنەبەر و پەنا بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەشێوەی تاکلایەنە نەبەن.

فەیزڵ ئاماژە بۆ نموونەی کوردستان، سۆماڵیلاند، کاتالۆنیا و سکۆتلاند دەکات کە تێیاندا بزووتنەوە سەربەخۆییخوازەکان پەنایان بۆ گشتپرسی بردووە، نەک ئەوەی تاکلایەنە سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، بەڵام "ئەم هەڵسوکەوتە باشە بێ پاداشت مایەوە". لە گەرمەی شەڕی داعشدا، ئەمریکا دژی باسوخواسی سەربەخۆیی کوردستان بوو، تاوەکو ئێستاش هیچ وڵاتێک سەربەخۆیی سۆماڵیلاند بە فەرمی ناناسێ و حکومەتی ئیسپانیاش (بە پشتگیریی ناڕاستەوخۆی یەکێتیی ئەورووپا) گشتپرسییەکەی ئۆکتۆبەری کاتالۆنیای بە نایاسایی لەقەڵەم دا و ئەنجامەکەشی پشتگوێ خست. ئەمەش لە کاتێکدایە کە وڵاتێکی تازە لەدایکبووی وەکو باشووری سوودان سەرەڕای پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ و پەنابردنە بەر توندوتیژی، لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دانی پێدانراوە.

لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە پێیوایە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گروپە جوداخوازەکانی تووشی کێشەیەکی گەورە کردووە، چونکە ئەوان نازانن "ئاخۆ باشترین ڕێگە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی ئەوەیە بە گوێی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەن یان ئەوە بکەن کە خۆیان دەزانن کاریگەریی لەسەر دۆزەکەیان دەبێ". ئەگەر جوداخوازەکان لە داهاتوودا بگەنە ئەو ئەنجامەی کە پابەندبوون بە ڕێساکان پاداشتێکی ئەوتۆی نییە، ئاکامی ئەم ئەنجامگیرییە خراپ دەبێت، واتە دەستبردن بۆ توندوتیژی.

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ژمارەی شەڕە نێوخۆییەکان لە هەموو جیهاندا زیادیان کردووە، بەڵام لەناو ئەو گروپانەی بەشداری شەڕە نێوخۆییەکانن، جوداخوازیش بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. بەگوێرەی ئەو داتایانەی تانیشا فەیزەڵ کۆی کردوونەتەوە، لە ساڵی 1899 هیچ گروپێکی بەشدار لە شەڕە نێوخۆییەکان داوای سەربەخۆیی نەدەکرد، بەڵام لە ساڵی 1999 نزیکەی 50%ی گروپە بەشدارەکان لە شەڕی نێوخۆیی داوای سەربەخۆیی دەکەن، یەکێک لە هۆکارەکانیشی ئەو قازانجە ئابوورییانەیە کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە دەوڵەتەکانی دەدەن و بنەمای مافی چارەی خۆنووسینیش پشتگیرییەکی نێودەوڵەتیی زیاتری لێدەکرێ.

بەپێی پەیماننامەی مۆنتیڤیدیۆی 1934 ، چوار مەرج بۆ بە فەرمی ناسینی دەوڵەتە نوێیەکان دانراوە کە بریتین لە دانیشتووی بەردەوام، جوگرافیایەکی دیاریکراو، حکومەت و توانای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە. بەگوێرەی وتارەکەی فەیزڵ، لە ساڵی 1934ەوە ئەو مەرجانە بەردەوام قورستر کراون. بۆ نموونە بەریتانیا جگە لەو چوار مەرجەی مۆنتەڤیدیۆ کۆمەڵێک داواکاری دیکەشی هەیە بۆ ئەوەی دان بە دەوڵەتێکی نوێدا بنێ، لەوانەش قەبووڵکردنی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بنەماکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، گەرەنتیکردنی مافی کەمینەکان، پابەندبوون بە پاکتاوی ژمارەیەک چەک و پاراستنی سەقامگیری ناوچەکە و پێشێل نەکردنی هیچ بڕیارنامەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان.

نووسەری وتارەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەوڵی ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)یش کێشەیەکی دیکەی سیاسییە بۆ بزووتنەوەی جیاخوازەکان، چونکە لەلایەکەوە UN پێی باشترە وڵاتە نوێیەکان یەکەمجار لە ڕێکخراوە ناوچەیی یان کیشوەرییەکانی خۆیاندا ببنە ئەندام و دواتر لەوێوە بێنە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە. جیا لەمەش هەر کام لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەتوانن داوای ئەندامێتییەکە ڤیتۆ بکەن، هەر ئەمەش وایکردووە کۆسۆڤۆ، فەلەستین و تایوان نەتوانن ببنە ئەندامی تەواوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

جوان هەڵسوکەوت بکە

هەرچەند ژمارەی گروپە جوداخوازەکانی ناو شەڕە نێوخۆکان بەردەوام زیاد دەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا ژمارەی گروپە جوداخوازە ئاشتیپارێزەکانیش ڕووی لە زیادبوونە. بەگوێرەی وتارەکەی (فۆرین ئەفەیرز) ژمارەیەکی زۆر گروپی جوداخواز دەرکەوتوون کە هەر لەسەرەتاوە ڕێگەی ئاشتییانەیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی خۆیان هەڵبژاردووە و ژمارەیەکی زۆری دیکەش وازیان لە میکانیزمی چەکداری هێناوە یان هەوڵدەدەن خەڵکی مەدەنی لە ڕێکارە سەربازییەکانی خۆیان بپارێزن.

فەیزڵ ئەوەش دەخاتەڕوو کە ژمارەیەکی زۆر لە گروپە جوداخوازەکان هەوڵدەدەن لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ لای بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن حکومەتە ناوەندییەکان و هەوڵەکانی خۆیان بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی مەدەنی ڕابکێشن. نموونەی ئەمەش هاوکاریی هێزە ئەمنییە کوردییەکانی سووریا و عێراقە بۆ ئێزدییەکان :"بەڵام ئەم هەوڵانە هیچ پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی بۆ دۆزەکەی ئەوان دروست نەکرد".

جیا لەمە، هەرچەند کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دژی ڕاگەیاندنی تاکلایەنەی سەربەخۆییە، بەڵام لە چەند دەیەی ڕابردوودا نموونەی زۆر



ئەوروپییەکان لە کۆبوونەوەکەی نێوان ترەمپ و پوتین نیگەرانن

## ڕۆژی 16ی تەمووز لە فینلاند کۆدەبنەوە

# ترەمپ و پوتین قەیرانی سووریا و جڵەوکردنی ئێران تاوتوێ دەکەن

**ڕووداو – هەولێر**

ڕۆژی 16ی تەمووز کۆبوونەوەی لوتکەی هەردوو سەرۆکی ئەمریکا و رووسیا لە هێلسینکی، پایتەختی فینلاند بەڕێوەدەچێ. لە کۆبوونەوەکەدا کێشەی سەروەریی ئۆکراینا، قەیرانی سووریا، هەژموونی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کێشەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناتۆ و کەمکردنەوەی چەکە ئەتۆمییەکانی هەردوو وڵات تاوتوێ دەکرێن. کۆبوونەوەکەی هەردوو سەرۆک لە کاتێکدا سازدەکرێ کە تاوەکو ئێستاش دۆسیەی دەستتێوەردانی رووسیا لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا کراوەیە.

### کاتی هەستیاری کۆبوونەوەکە

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، ڕۆژانی 11 و 12ی تەمووز لە برۆکسل دەبێ و بەشداری لە کۆبوونەوەی لوتکەی ڕێکخراوی پەیمانی ئەتڵانتیکی باکوور (ناسراو بە ناتۆ) دەکات و لەگەڵ 28 سەرکردەی دیکەی ئەمریکای باکوور و ئەورووپا کۆدەبێتەوە کە بەشی زۆریان جموجۆڵەکانی رووسیا بە هەڕەشەیەک لەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا دەزانن.

بۆ ڕۆژی دواتر ترەمپ سەردانی بەریتانیا دەکات و هەتا ڕۆژی 15ی حوزەیران لەوێ دەمێنێتەوە. دوایین ڕۆژی سەردانەکەی لە سکۆتلاند دەبێت و لەوێ لەگەڵ یاریزانێکی بەناوبانگی یاریی گۆڵف و ئەندامێکی خێزانی شاهانەی بەریتانیا یاری دەکەن. سەرۆکی ئەمریکا دوو مەیدانی یاریی گۆڵفی لە سکۆتلاند هەیە. حکومەتی بەریتانیا هەوڵ دەدەن ترەمپ و تیمی هاوڕێی لەگەڵ خۆپیشاندەرە بەریتانییەکان تێکنەگیرێن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (گاردیەن)ی بەریتانی لەوانەیە کۆبوونەوەی ترەمپ و تێرێزا مەی، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا لە دەرەوەی لەندەن و لەناوچەیەکی گوندی بەڕێوەبچێت. پەیوەندییەکانی رووسیا و بەریتانیا لە مانگی ئاداری ئەمساڵەوە تێکچوون، دوای ئەوەی حکومەتی رووسیا لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە تۆمەتبار کرا بەوەی دەستی هەبووە لە ژەهراویکردنی سێرگەی سکریپاڵ، سیخوڕی بەڕەچەڵەک رووسی لە دەزگای هەواڵگری بەریتانیا و کچەکەی.

کۆبوونەوەکەی 16ی تەمووز ڕۆژێک دوای تەواوبوونی یارییەکانی جامی جیهانیی 2018 بەڕێوەدەچێ، بەو پێیەش فلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا کاتی لەبەردەست دەبێ بۆ ئەوەی لە یاریی کۆتایی جامی جیهانی بەشدار بێ.

دۆناڵد ترەمپ لە کاتێکدا لەگەڵ هاوتا رووسییەکەی کۆدەبێتەوە کە دۆسیەی دەستتێوەردانی رووسیا لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا تاوەکو ئێستاش بە کراوەیی ماوەتەوە، ژمارەیەکی زۆریش لە ئەندامانی باڵای کەمپینی هەڵبژاردنەکانی ترەمپ لە 2016 تۆمەتبارن بەوەی پەیوەندیی ژێربەژێریان لەگەڵ رووسەکان هەبووە. ترەمپ هەردوو تۆمەتەکە ڕەتدەکاتەوە.

### هاوپەیمانە ئەوروپییەکان نیگەرانن

ئەوە یەکەم کۆبوونەوەی نێوان ترەمپ و پوتینە کە لە پەراوێزی کۆبوونەوەیەکی نێودەوڵەتیدا بەڕێوەنەچێت.

ئەوروپییەکان بە نیگەرانییەوە لەو دیدارە دەڕوانن. دیپلۆماتێکی ئەوروپیی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی دەڵێت دانیشتنەکە چ پێش کۆبوونەوەی ناتۆ بووایە و چ دوای ئەو کۆبوونەوەیە، لە هەردوو حاڵدا خراپە، چونکە ئەگەر پێش کۆبوونەوەی ناتۆ بووایە ئەوە دەکرا پێش کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردەی وڵاتانی ناتۆ کۆمەڵێک خاڵی بە پوتین دابایە، بەڵام ئێستاش کە دانیشتنەکە کەوتووەتە دوای کۆبوونەوەی لوتکەی ناتۆ، مەترسی ئەوە هەیە ناتۆ لەگەڵ ئاکامی کۆبوونەوەکە هیچی پێنەکرێ.

ترەمپ پێشتر لە کۆبوونەوەی وڵاتانی گروپی حەوتدا داوای کردبوو رووسیا بگەڕێتەوە نێو گروپەکە و وەکو جاران گروپی هەشت دروست بکرێتەوە، هەروەها پشتگیریشی لە دەستگرتنی رووسیا بەسەر نیمچە دوورگەی کریمیا کردبوو، چونکە لەو هەرێمەدا ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بەڕەچەڵەک رووس دەژین.

بەڵام نیگەرانییەکان هەر لە ئەوروپا نەماونەتەوە، بەڵکو شارەزا و دیپلۆماتە ئەمریکییەکانیشی گرتووەتەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ترەمپ لە کۆبوونەوەکەی مانگی حوزەیرانی ڕابردوو لەگەڵ سەرۆکی کۆریای باکوور کۆمەڵێک خاڵی بە پیۆنگیانگ دا، بێ ئەوەی لایەنی کۆری بە مەرجە سەرەکییەکانی ئەمریکا ڕازی بووبێ. مایکڵ مەکفۆڵ، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە مۆسکۆ، بە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ڕاگەیاند "ترەمپ پێیوایە هەر کۆبوونەوەکە خۆی دەستکەوتێکی دیپلۆماتیکیە، لەکاتێکدا کۆبوونەوەی باش بەو کۆبوونەوەیە دەگوترێ کە دەستکەوتی باشی هەبووبێ".

ژمارەیەک دیپلۆمات و شارەزای ئەمریکیش پێیانوایە سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا بەرامبەر رووسیا لەگەڵ لێدوانەکانی ترەمپ لەبارەی ئەو وڵاتە یەک ناگرنەوە.

نیکۆلاس بێرنز، دیپلۆماتی لەمێژینەی ئەمریکی دەڵێت: "ئەوەی سەرۆک دەیڵێ گرنگە. ئەوەی ترەمپیش لە هەموو ئەم ماوەیە گوتوویەتی بەتەواوەتی دژی سیاسەتی گشتیی کۆشکی سپی بووە".

### سووریا و ئێران نیگەرانن

دیپلۆماتە ئەوروپییەکان و بەرپرسانی کۆشکی سپی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن چارەسەریی قەیرانی سووریا و جڵەوکردنی فراوانخوازییەکانی ئێران دوو تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکەی نێوان ترەمپ و پوتین دەبن، کە گرێدراوی یەکیشن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و رووسیا بەشێوەیەکی کاتی لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون هێزەکانی ئێران 27 میل لە سنوورەکانی نێوان ئیسرائیل و ڕۆژئاوای سووریا دوور بوەستن. رووسیاش لەبەرامبەردا داوای داخستنی بنکەی سەربازیی ئەمریکا لە ئەلتەنف لەسەر سنووری نێوان سووریا، ئوردن و عێراقی کردووە. ئەو بنکە سەربازییە ڕێک لەو ناوچەیەیە کە ئێران دەیەوێ لە داهاتوودا وەکو خاڵی گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی بۆ چەکدارانی حیزبوڵڵای لوبنان و میلیشیا شیعەکانی دیکەی بەشدار لە شەڕی سووریا بەکاری بهێنێ. لادانی ئەو بنکەیە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئێران. ژمارەیەک بەرپرسی باڵای واشنتن بە (جورناڵ)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاریی ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی و ژمارەیەک بەرپرسی دیکەی ئەمریکی بەو ڕێککەوتنە کاتییە ڕازی نین و چاویان لەسەر ڕێککەوتنێکی بەرفراوانترە کە ئێران لە هەموو سووریا دەربکەن و نفووزی ئێران لەو وڵاتە تەواو کەم بکەنەوە. ئەمەش تەنیا داوای ئەمریکا نییە، بەڵکو ئیسرائیل و ئوردنیش هەوڵە دیپلۆماسییەکانی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە دەستپێکردووە. پرسیارەکە ئەوەیە ئەو سێ وڵاتە لەبەرامبەر ئەو داوایەدا چی بە رووسیا دەدەن و چییان بە دەستەوەیە؟

لیندسی گراهام، سیناتۆری کۆماری، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئێستا رووسەکان بە کەمترین خەرجی دەسەڵاتداری سووریان و ئەم واقیعەش لەداهاتوویەکی نزیکدا ناگۆڕێ، بۆیەش هێشتا ئەو ڕۆژە نەهاتووە کە رووسیا ئامادە بێ گفتوگۆیەکی جیدی لەبارەی سووریاوە لەگەڵ ئەمریکادا بکات.

---

ـــــوێ دەڕوات؟

# ـاکەپە و مەهەپە ـاتەوە دواوە



ـــــان دەبێ (فۆتۆ: AFP)

> دوور نییە مەهەپە کێشە بۆ ڕێککەوتنی نێوان واشنتن و ئەنقەرە لەبارەی مەنبج دروست بکات
>
> شارەزایەکی کاروباری تورکیا

و ئەردۆغان زیاتر لە 52%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. ئەم ئەنجامە نەک هەر درز و ناکۆکییەکانی نێوان گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تۆختر کردەوە، بەڵکو لە ناو هەرکام گروپەکانیشدا ناکۆکی گەورەی دروستکرد، گەورەترین نموونەی ئەمەش پارتی کۆماریی تورکیا (جەهەپە)یە کە دووەم گەورەترین هێزی سیاسی ئەو وڵاتەیە و لە هەڵبژاردنەکانی مانگی حوزەیرانیشدا بە دۆڕاوی یەکەم لەقەڵەم دەدرا. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیادا پارتی کۆماری تەنیا 22.6%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. موحەڕەم ئینجە، کاندیدی پارتەکە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی، زیاتر لە 30%ی دەنگەکانی بردووە.

دوای شکستەکەی هەفتەی ڕابردوو، ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی جەهەپە داوای دەستلەکارکێشانەوەی کەمال کلیچدارئۆغلو، سەرۆکی پارتەکە، دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش داوای بەستنی کۆنگرەیەکی نوێی پارتەکەیان دەکەن کە تێیدا سەرۆک پارت و سەرکردایەتییەکی نوێ بۆ ئەو پارتە هەڵبژێرن.

ئینجە بەڵێنی داوە سەردانی هەموو 81 پارێزگاکەی تورکیا بکات، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری خۆی دەبرێ، بەڵام لە کاتی گەشتەکەیدا ئینجە ئەوەی لەبیرە کە ژمارەی دەنگەکانی ئەو لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تورکیا لە ژمارەی دەنگەکانی پارتەکەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی زیاتر بووە. بۆیەش ئامبرین زەمان، لێکۆڵەر لە ناوەندی ویلسنی ئەمریکی، بەدووری نازانێ ئینجە بەنیازی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکایەتی جەهەپە بێت.

ئینجە پێش هەڵبژاردنەکان سەردانی سەلاحەدین دەمیرتاش، کاندیدی پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە)ی کرد و جەختی لەوەش کردەوە پرسی کورد "پرسێکی سیاسییە" ئەمەش هیوای ئەوەی دروستکرد کە ئۆپۆزیسیۆنی غەیرە کوردی تورکیا دواجار دانی بەوەدا ناوە کە دەبێ چارەسەرێکی سیاسی بۆ کورد بدۆزنەوە کە 20%ی دانیشتووانی تورکیا پێکدەهێنن.

زەمان پێیوایە ئینجە دوای هەڵبژاردنەکانیش لەو هەڵوێستەی خۆی پاشگەز نابێتەوە، چونکە ئەو زۆر پێش هەڵبژاردنەکان دژی پارتەکەی خۆی وەستایەوە، کاتێک جەهەپە پشتگیری لە پرۆژەکەی ئاکپارتی کرد بۆ لادانی پارێزبەندی یاسایی لەسەر ئەندام پەرلەمانەکانی هەدەپە. بە بۆچوونی ئامبرین زەمان "ئینجە پەی بەوە بردووە کە گەشەکردنی [ئەجێندای] جەهەپە بە مانای گەشەکردنی ئەو پارتەیە لە ناوچە کوردییەکان".

### دۆخی ئاوارتە درێژ ناکرێتەوە؟

ڕۆژی پێنجشەممەی هەفتەی ڕابردوو، ئەردۆغان و باخچەلی لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ماوەی دۆخی ئاوارتەی تورکیا، کە لە کۆتایی مانگی تەمووز کۆتایی دێ، درێژ نەکەنەوە. دۆخی ئاوارتە لە دوای هەوڵی کودێتای 2016 ڕاگەیەندرا و لەو کاتەوە هەموو سێ مانگ جارێک درێژ کراوەتەوە.

بەڵام لەدوای سەرکەوتنی ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکەی مانگی حوزەیراندا، ئەردۆغان چیدی پێویستی بە دۆخی ئاوارتە نامێنێ، چونکە بەشی زۆری دەسەڵاتەکانی تورکیا لە ئۆفیسەکەی خۆیدا چڕ دەبنەوە و دەسەڵاتی پەرلەمان بۆ نزمترین ئاستی خۆی لە تورکیای مۆدێرندا دادەبەزێ. بەو پێیەش ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیران، دۆخی ئاوارتەی تورکیای بۆ هەتاهەتایە درێژکردەوە.

---

# ـــــە هەڵکشانە



بانگەشەی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان 2017/9/25 (فۆتۆ: ڕووداو)

هەبوون کە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەو شێوازە توانیویەتی ئاکامی باشی بۆ بزووتنەوەکان هەبێ، نموونەی ئەمەش ئەو دەوڵەتانەن کە لە یۆگسلاڤیای پێشوو جیابوونەتەوە کە هەموویان تاکلایەنە سەربەخۆییان ڕاگەیاند و سەرەڕای نارەزایەتیی سەرەتای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پاش ماوەیەک بوون بە دەوڵەت و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان. فەیزڵ جەخت لەوە دەکاتەوە کە "بەداخەوە هەڵسوکەوتی جوان ئەنجامێکی دڵخوازی نەبووە بۆ ئەو بزووتنەوە سەربەخۆییخوازنەی پەیڕەوییان لە یاسا نێودەوڵەتییەکان کردووە". ئەزموونی سێ دەیەی ڕابردووش دەریخستووە کە بۆ پشتگیریی نێودەوڵەتی ئەوەی گرنگە پشتیوانێکی بەهێزە، نەک ڕەفتاری جوان. لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە ئاماژە بە نموونەی هەرێمی کوردستان و سۆماڵیلاند دەکات، کە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیان حوکمڕانییەکی باشتریان هەیە. لەکاتێکدا حکومەتەکانیان هەم باج کۆدەکەنەوە، هەم خزمەتگوزاریی پزیشکی پێشکەش بە دانیشتووانی خۆیان دەکەن و هەمیش لە ئاستێکی دیاریکراودا پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا هەیە، بەم حاڵەشەوە هیچکام لەو دوو حکومەتە دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی ئەوتۆیان نییە، هەر بۆیەش زۆر خزمەتگوزاری هەیە ئەوان ناتوانن پێشکەشی بکەن، لەوانەش دەرکردنی ڤیزا یان کۆدی پۆستی.

### ئەلتەرناتیڤ چییە؟

تانیشا فەیزڵ پێیوایە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاسان بۆ کێشەی جوداخوازەکان کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی "جوداخوازەکان پەیوەندییەکی ئاڵۆزیان لەگەڵ چەمکی سەروەریدا هەیە کە بناغەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە". ئەو گروپانە لەلایەکەوە بڕوایان بەو چەمکە هەیە، چونکە خۆیان دەیانەوێ ببن بە دەسەڵاتێکی خاوەن سەروەریی سیاسی، ئیداری و ئابووری، بەڵام بۆ ئەوەی بەو ئامانجەی خۆیان بگەن دەبێ سەروەری وڵاتێکی دیکە تێکبدەن.

لێکۆڵەرەکە ئاماژە بۆ کۆمەڵێک ئەلتەرناتیڤ دەکات کە هەم ڕێگرە لەوەی بزووتنەوە جوداخوازەکان لە داهاتوودا ڕوو لە توندوتیژی بکەن و هەمیش سەروەریی وڵاتەکان دەپارێزێ. یەکێک لەو ئەلتەرناتیڤانە فراوانکردنەوەی سنووری ئۆتۆنۆمیی ناوچەکانە، بۆ ئەمەش دەبێ ڕێگە بەو جۆرە بزووتنەوانە بدرێ لە ڕێکخراوە جیهانییەکانی وەکو سندوقی نێودەوڵەتیی دراو، یەکێتیی پەیوەندییە تەلەفۆنییە نێودەوڵەتییەکان و بانکی جیهانیدا ببنە ئەندام، چونکە بێ ئومێدکردنی بزووتنەوە جوداخوازە ئاشتیخوازەکان واناکات ئەو گروپانە دەست لە دۆزەکەیان هەڵگرن، بەڵکو تەنیا ناچاریان دەکات بیر لە گۆڕینی میکانیزمەکانی گەیشتن بە ئامانجەکەیان بکەنەوە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# چارەنووسی کورد لە تورکیا

ئەگەر بەقووڵی بچیتە ناو مێژووەوە، بە چاوێکی وردتر لە خوێندنەوەی ئاسایی ڕووداوەکانی هەڵبسەنگێنی، شەنوکەوێکی دوور لە لایەنگری بۆ ڕووداوەکانی بکەیت و ئەگەری جۆراوجۆر بێنیتە پێشچاو، دەگەیتە قەناعەتێک کە زۆرجار ڕووداوێکی بچووک ئاراستەی مێژووی گۆڕیوە. ڕێڕەوی ڕووداوەکانی بە ئاقارێکدا بردووە کە ئەگەر ئەو ڕووداوە نەبووایە، یان جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوێکی دیاریکراو بەو جۆرە نەبایە، مێژوو بە جۆرێکی تر دەبوو. یان ڕووداوەکان بە ئاراستەیەکی تردا دەڕۆیشتن.

ئەگەر ئەمە بۆ ڕووداوەکانی مێژووی گەلانی تر دروست بێت، ئەوە بۆ مێژووی گەلی کورد ڕاستیی زیاتری تێدایە، چونکە خاوەن دەوڵەت و دامەزراوەی دەوڵەتی نەبووین و هەمیشە میزاجی کەسایەتییەکانی ناو مێژوومان کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان و ئاراستەکردنیان هەبووە. بۆیە دووربینی و توانای خوێندنەوەی ئایندە بۆ کەسانی خاوەن بڕیار، مەرجێکی گرنگی خەسڵەتەکانی سەرکردەیە، هەڵوێست و جۆری مامەڵەکردن لە چرکەساتی ڕووداوەکاندا، داهاتوو دیاری دەکات. ئەوەی وایکردووە هەمیشە تاڵی و ناسۆرییەکانی کورد دووبارە ببنەوە، لەبەرچاونەگرتنی ئایندە و نەخوێندنەوەی لێکەوتەکانی بڕیار و هەڵوێستی خاوەن بڕیارەکانی کورد بووە لە چرکەساتی ڕووداوەکان و جۆری مامەڵەکردنیان لەگەڵ پێشهاتەکان.

ئەوەی ئێستا لە تورکیا دەگوزەرێت، ئەو گۆڕانکارییە ریشەییانەی لە سیستەم و شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی تورکیادا هاتووەتە ئاراوە کە چاوەڕوان دەکرێت بۆ کورد قۆناغێکی مەترسیدار بێت، سەرباری ئەوەی لە زهنیەت و عەقڵیەتی بڕیاربەدەستانی ناو ئاک پارتی و خودی ئەردۆگان وەک خەونێک هەبووە و وەک ستراتیجێکیش لە هاتنە سەر حوکمی ئاکەپەوە هەنگاو بە هەنگاو کاریان بۆ کردووە، بەڵام جۆری مامەڵەکردنی کورد لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکانی ناو تورکیا و کورتبینی و نەخوێندنەوەی ئایندە لای بڕیاربەدەستانی کورد لە چرکەساتە هەستیارەکاندا، زەمینەی ئەوەی خۆشکرد ئەردۆگان ئاسانتر و زووتر بەو ئامانجەی بگات.

ڕەنگە پێویست نەبێت لە وتارێکی وادا زۆر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، یان بۆ سەلماندنی دروستیی ئەم تێگەیشتنە ڕووداوە مێژووییەکان یەکە یەکە ڕیز بکەین، تەنیا وەک ئەگەرێک ئەوە بهێنینەوە پێشچاوی خۆمان کە ئەوکاتەی ئاکپارتی لە هەڵبژاردنی ساڵی 2015 دەنگی پێویستی نەهێنا بۆ پێکهێنانی حکومەت و ڕووی لە کورد بوو پێکەوە بچنە حکومەت و پێکەوە لیژنە پێکبهێنن بۆ ئەو گۆڕانکارییە دەستوورییانەی ئەردۆگان دەیویست، ئەگەر کورد لەو چرکەساتەدا پێچەوانەی ئەو بڕیارەی بدایە کە ئەوکات وەک سیاسەتێک گرتیەبەر، ئایا ئێستا تورکیا چۆن دەبوو؟ ڕۆڵ و پێگەی کورد لە بەڕێوەبردنی وڵات، دەستی کورد لە داڕشتنی داهاتووی تورکیا چی دەبوو؟ مەسەلەی کورد وەک کێشەیەک بە کوێ دەگەیشت؟ گۆڕانکارییە دەستوورییەکان چۆن دەبوون و کورد لە کوێی ئەو دەستوورەدا شوێنی دەبووەوە؟ کە ئەوەمان نەکرد، ڕووداوەکان ئاراستەیەکی تریان وەرگرت، هەر ئەوەش زەمینەی بۆ هاوپەیمانێتی ئاک پارتی و مەهەپە خۆشکرد کە بەرهەمی ئەو هاوپەیمانێتییە لە هەنگاوی یەکەمدا بە سوڵتانکردنی ئەردۆگان و قۆناغەکانی داهاتووش سەردەمی تاریکی بۆ گەلانی تورکیا بەگشتی و چەرمەسەریی زیاتر بۆ کورد دەبێت. لێرەوە مەسەلەی کورد پێ دەنێتە قۆناغێکی ترەوە کە دوور نییە ئەو پێشکەوتنانەی لە مەسەلەی کورد لە تورکیا بەدیهاتن، پێچەوانە ببنەوە بۆ سەردەمی نکوڵیکردن.

ئەگەر گۆڕینی سیستەمی تورکیا لەسەردەمی پرۆسەی ئاشتی و بە هاوپەیمانێتی کورد و ئەردۆگان بایە، زۆر جیاوازتر دەبوو لەوەی گۆڕینی سیستەم لە تورکیا لەم هەلومەرجە و لە سەردەمی هاوپەیمانێتی ئەردۆگان و مەهەپەدایە. ئەوەی وادەکات چارەنووسی کورد لە داهاتووی تورکیادا سەردەمی پاشەکشەکردن و تاریکی بێت، بوونی ئەو هاوبەشییەیە لە نێوان حیزبەکەی ئەردۆگان و مەهەپە کە نوێنەرایەتی فکری شۆڤینیزمی تورک دەکات. تا کاریگەری و پێگەی ئەو حیزبە لەسەر دەسەڵات زیاتر بێت، ئازادییەکان بۆ کورد بەرتەسکتر دەبنەوە.

ئەگەر کورد لە تورکیا ئەو ڕاستییە ببینن کە بڕیارێک لە تەوقیتی هەڵەدا یارمەتیدەر بوو لەوەی پرۆژەی نەیارەکانی کورد سەربگرێت، یارمەتیدەر دەبێت لەوەی بۆ داهاتوو سیاسەتێکی دروستتر بگرنەبەر. خۆ تازە زەمەن ناگەڕێتەوە تا نەهێڵن ڕووداوەکان بەو ئاقارەدا بچن، بەڵام بە سیاسەتی دروست دەتوانن هەڵەکان ڕاست بکەنەوە، یان لانیکەم ڕێ لە دووبارەبوونەوەیان بگرن. خۆ ئەگەر ئەو ڕاستییە تاڵە نەبینن و کەڵکی لێ وەرنەگرن، لەسەر ڕۆیشتن بە ڕێگای هەڵەدا بەردەوام دەبن، ئەوەش خواستی فاشیزمی تورک دێنێتەدی و ڕێگاکانی زیاتر چەوسانەوەی کورد زۆرتر دەکات.

ئێستا کورد لە تورکیا لەبەردەم تورکیایەکی بەهێزتردایە لە جاران، سەرەتاکانی سەردەمی تاریکی بەدەرکەوتوون. بەڵام هەموو دەرگاکانیش دانەخراون و بواری گەمە و مناوەرەکردن بۆ کورد هێشتا بەشی ئەوەی پێوە ماوە کێشەی کورد بە گەرموگوڕی لە تورکیا بهێڵێتەوە. چونکە سەرباری ئەو هەموو زوڵم و ڕێکارانەی بەرانبەر بە کورد گیراونەتە بەر لە بچووککردنەوە و بێ ڕۆڵکردنیان لە پرۆسەی سیاسی، هەدەپە بە بەهێزی مایەوە و دەمیرتاش لە زیندانەوە ئیرادەی ململانێکردنی ئەردۆگانی هەبوو. ئەمەش ئەگەر لەلایەکەوە ململانێ و گوشارەکانیان لەسەر توندتر بکات، لە هەمان کاتدا وزە و توانایە بۆ کورد لە گۆڕەپانەکەدا خۆی بەپێوە ڕابگرێت. بۆیە سەرباری هەموو ئەو چاوەڕوانیانەی وەک مەترسی بۆ کورد دەبینرێن، ئەگەر کورد بە دروستی سیاسەت بکات، دەرفەتی هەستانەوەش لە بەردەمیدا کراوەیە.

لێرەدا هەڵوێستی پەکەکە گرنگە چی دەکات، ئایا وەک قۆناغێکی تاکتیکیش بێت لێدەگەڕێت کێشەی کورد لە شاخەوە بگوازرێتەوە بۆ شار؟ کە ئەمە یەکێک لە دەرفەتە کاتییەکانی ئەم قۆناغەی ئێستای تورکیایە؟ بەتایبەت دوای ئەوەی ئەو ستراتیجەی پەکەکە شکستی خوارد کە دوای کۆتایی پرۆسەی ئاشتی گرتیەبەر لە پەلکێشکردنی تورکیا بۆ قووڵایی ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان، ئەو ستراتیجە بەلاوازکردنی هێزی کورد و بەهێزبوون و زاڵبوونی هەژموونی تورکیا کۆتایی هات. ئێستا پەکەکە توانای سەربازی لاواز بووە، ئەگەر توانای هەڵگەڕانەوەی دۆخەکەی هەیە لە زووترین کاتدا خۆی ڕێکبخاتەوە و شەڕ بگوازێتەوە قووڵایی تورکیا، ئەگەرنا پێویستە بەشێوەی کاتیش بێ کۆتایی خەباتی چەکداری ڕابگەیەنێت و بۆ ماوەیەک کێشەی کورد تەحویل بکات بۆ خەباتی مەدەنی.

بەتایبەتیش کە جەهەپە لە دوا کۆنگرەی خۆی و وەک بەشێک لە بەرنامەی هەڵبژاردن، ڕایگەیاند کە کێشەی کورد دەبەنە پەرلەمان. پێویستە هەدەپە هاوپەیمانێتی لەگەڵ جەهەپە بکات و پرۆژەی چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگەی جەهەپەوە بەرنە پەرلەمانەوە، بەمەش ئیحراجییەکی زۆر بۆ کوردەکانی ناو پارتەکەی ئەردۆگان دروست دەکەن و بە دوور نازانرێ لێکەوتەکانی ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانێتی مەهەپە و ئاکپارتی.

ڕێگەی سێیەمیش وەک جۆرێک لە خۆپارێزی ئەم قۆناغە تازەیە ئەوەیە، ئێستا نزیکەی هەشتا پەرلەمانتاری کورد لە حیزبەکەی ئەردۆگانن و هەدەپەش زیاتر لە شەست کورسی بەدەستهێناوە، بەهەماهەنگی یەکتر، ئەمە بکرێتە سەرچاوەی هێزێک بۆ گۆڕینی دیدگای ئەردۆگان و گەڕاندنەوەی بۆ تەواوکردنی قۆناغەکانی پرۆسەی ئاشتی.



زریان ڕۆژهەڵاتی

# دەڤەری سۆران و سیگۆشەی ستراتیژیی کوردستان

ڕۆژانێکە حەسارەکانی دەڤەری سۆران لە چەقی گەلێک ڕووداوی گرنگی سیاسی و سەربازیی ئەم ناوچەیەدان. سێ دەوڵەتی تورکیا و عێراق و ئێران سەرنجێکی چڕیان خستووەتە سەر ئەم دەڤەرە کە سێ بەشی کوردستان بەیەکەوە گرێدەدات.

تورکیا دەڵێ لەو ناوچەیەوە ئۆپەراسیۆنی قەندیل دەکەم. حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیری عێراقیش داوای کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچە سنوورییانە دەکات و ئێرانیش داوای جێبەجێکردنی تەواوی ڕێککەوتننامەی جەزائیر دەکات کە بەشێکی پەیوەندی بە دیاریکردنەوەی سنوورە زەمینییەکانی عێراق و ئێرانەوە هەیە و لایەکی ئەم ناوچەیە دەگرێتەوە! گەلۆ بایەخی ئەم ناوچەیە لە چیدایە کە گشت لایەک چاوی تێبڕیوە؟ سنووری ڕەسمی ئێستای بەینی هەرسێ دەوڵەتی عێراق- ئێران و تورکیا، سێگۆشەیەکی ستراتیژییە کە مانەوەی لە دەستی کورد واتای سەربەخۆیی بڕیاری زیاتر و لە دەستچوونیشی واتای جڵەوکرانی دەدات. ئەم ناوچەیە لەڕووی ئەمنی- سەربازییەوە بۆ دەوڵەتی تورکیا و پەکەکە، هەرێمی کوردستان وعێراق و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و ئێرانیش بایەخدارە.

## ئامانجی تورکیا: قەندیل یان دەروازەی قەندیل؟

دەڤەری سۆران سێ پارچەی کوردستان بە یەکەوە دەبەستێتەوە. گوزەرگایەکی پەڕینەوەی ئەندامانی پەکەکەیە لە قەندیلەوە بۆ خنێرە-خواکورک، بادینان و ناوچە شاخاوییەکانی شەمزینان و هەکاری. جگە لەوە، شاخ و قەڵغانە سروشتییەکان لەم دەڤەرە، وایان کردووە بۆ هەر ئەکتەرێکی سەربازی لەوێ ڕپپایەخ بێت. بۆ پەکەکە، ئەم ناوچەیە تەنها گوزەرگایەک نییە، بەڵکوو ڕێڕەوەکانی بازرگانیش وایان کردووە وەک سەرچاوەیەکی دەستخستنی پارە و کەرەستەی لۆجستیکی تەماشا بکرێ. جگە لەوە ناوچەیەکی پڕ ئاوە کە دەیان جۆر خۆراکی گیایی و سروشتی تێدایە و ئەمەش دەیکاتە شوێنێکی ئایدیاڵ بۆ هێزێکی پارتیزانی تا لە شوێنە جیاوازەکانیدا، بۆ پشوودان و خۆڕێکخستنەوە کەڵکی لێوەربگرێت.

تورکیا بۆ یەکەمجار لە کاتی تورگوت ئۆزالدا داوای دەستکاریکردنی سنوورەکانی لەگەڵ عێراق کرد و دواتریش تانسو چیللەر، ئەو داوایەی دووبارە و چەندبارە کردەوە. لە ساڵی 2007-2008یشدا بەشێک لە بەرپرسانی تورکیا داوای هێنانە پێشەوەی سنوورەکانیان بە مەسافەی 20 کم دەکرد. پاساوی سەرەکی بەرپرسانی ئەنکەرە ئەوەیە کە سنوورەکانی 1926 لە بەینی عێراق و تورکیا، شاخاوین و دۆڵ و کەلەبەری زۆری تێدایە و ئەمەش گرفتی ئەمنی بۆ ئەوان دروستدەکات.

تورکیا دەزانێ کە زەحمەتە قەندیل بگرێت. ئەگەر بیشیگرێت، کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی شاخاوی دوور لە سنوورەکانی کارێکی ئاسان نییە. ناوی ئۆپەراسیۆنەکە قەندیلە، بەڵام ڕەنگە ئامانجە سەرەکییەکەی دەروازەی قەندیل بێت! باڵادەستی لە سێگۆشەی باشوور- باکوور- ڕۆژهەڵات لە دەڤەری سۆران، ڕێگا بۆ سنووردارکردنی پەکەکە لە قەندیل و پاڵنانی بۆ ڕۆیشتنی زیاتر بەرەو باشوور دەکاتەوە و ڕێگاش بۆ کۆنترۆڵی زیاتری هەرێمی کوردستان خۆشتر دەکات. بۆنموونە، هەموو کات ئەگەری نائارامبوونی ڕێگایەکی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران پەیدا دەبێت!

## عێراق و تەوقی ستراتیژی کورد

لە ڕۆژانی ڕابردوودا حەیدەر عەبادیش زۆر بە ڕاشکاوی باسی لە پێویستی کۆنترۆڵکردنی سێگۆشەی سنووریی عێراق- ئێران و تورکیای کردووە. ئەمەش واتای هەوڵدان بۆ کۆتاییهاتن بەو نەزمە ئەمنی- سیاسییە دێت کە لە 1991 ەوە لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستاندا چەسپاوە!

ویستی عێراق بۆ کۆنترۆڵکردن یان ئیدارەی هاوبەشی سنووری حاجی ئۆمەران و هاتنی هێزی سەربازی بۆ ئەوێ، دەتوانێ چەند ئامانجێکی هەبێت:

یەکەم، بەغدا نیگەرانە لەوەی کە نەکا تورکیا بە پاساوی وجودی پەکەکە، لەو ناوچەیە زیاتر بێتە پێش و دواتریش دەرنەچێت. چونکە بە کردەوە ئەمە واتای سەپاندنی سنوورێکی نوێ دەدات. دەترسێ ئەمە ئێرانیش هانبدات کە زیاتر بێتە پێش!

دووەم، کۆنترۆڵکردنی ئەو سێگۆشەیەی کە عەبادی باسی دەکات، واتای گەرەنتیکردنی مانەوەی کورد لە عێراق و زەوتکردنی بەشێکی گرنگ لە توانای بڕیاردانی کورد دەدات.

سێیەم، وجودی سەربازیی عێراق لەو ناوچەیە واتای کەمکردنەوەی توانای هەرێمی کوردستان لە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ئاوییەکان دەدات کە لە ساڵانی داهاتوودا وەک فاکتەرێکی یاریگۆڕ لە نەخشەی سیاسی عێراقدا دەوری دەبێت.

دوای لێدوانەکەی عەبادی، فالح فەیاز ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی چووە تاران و لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنی و سیاسیی ئێران کۆبوونەوەی کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، هەواڵی سەردانی وەفدێکی حکومەتی بەغدا بۆ هەولێر لە هەفتەی داهاتوو، بۆ بەدواداچوونی ئیدارەی هاوبەش و چاودێریی گومرک و سنوورەکان بڵاوکرایەوە! دەستەی باڵای ئاسایشی نیشتمانی عێراقیش بڕیاریداوە لەو ڕووبار و ئاوانە بکۆڵێتەوە کە لە سنوورەکاندا هەن! پەیوەندییەکی گرنگی سیاسی- ئەمنی لە بەینی هەریەک لەو ڕووداوانەدا هەن و هەموویشی بە دەوری کۆنترۆڵی ئەو سنوورانەی کوردستاندا دەخولێنەوە کە لە دەستی کورددایە.

لە ماوەی کورتخایەندا زەحمەتە عێراق بە جەنگ هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو سنوورە بدات، بەڵام ڕەنگە لەڕێی دانوستاندن و بەکارهێنانی کارتی گوشاری ئابووری (وەک مووچە) و گوشاری دیپلۆماسی داوای ناردنی سوپا بۆ ئەو ناوچەیە بکات و بەمەش دەتوانێ حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنگەتاو بکات.

## ئێران و ویستی دەسکاریکردنی سنوور

عەلی لاریجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئێرانیش لە دیدارێکدا لەگەڵ فالح فەیاز، جەختی لە پێویستی جێبەجێکردنی تەواوەتی ڕێککەوتننامەی 1975 کرد! وەک دەزانرێت ئەو ڕێککەوتننامەیەش سێ بابەتی گشتی: "سنووری دەوڵەت و دراوسێیەتی باش لە بەینی ئێران و عێراق"، "پرۆتۆکۆلی دیاریکردنی سنووری ڕووباریی هەردوولا"، "پرۆتۆکۆلی دەستنیشانکردنەوەی سنوورەکانی ئێران و عێراق" لەگەڵ پرۆتۆکۆلێکی تر سەبارەت بە ئاسایش لە سنووری هەردوو دەوڵەت پێکهاتووە.

داواکەی لاریجانی بۆ جێبەجێکردنی تەواوی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، لەم وەختانەدا کە تورکیا لە سنوورەکانی خۆی زیاترهاتووەتە پێش وعێراقیش داوای کۆنترۆڵکردنی مەرزەکان دەکات، بێ مەڵامەت نییە! حکومەتی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا بێ گوێدانە ڕەزامەندی بەغدا، بە درێژایی چیای قەندیل، سنوورەکانی خۆی هێناوەتە پێش.

بەرپرسانی تاران نیگەرانن لەوەی کە نەکا بەرزاییەکانی دەڤەری سۆران ببێتە پێگەیەکی بەهێزی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و لەوێوە جموجۆڵەکانیان بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات زیاتر بکەن. دۆخی ناوخۆیی ئێرانیش ئەم ترسەی تارانی زیاتر کردووە. لە ماوەی کەمتر لە یەک ساڵدا سێ شەپۆلی گەورەی ناڕەزایی و خۆپیشاندانی ناوخۆیی ئیرانی گرتووەتەوە. حکوومەتی ئێران خەریکە ئیدی بەوە ڕادێت کە خەڵک خۆپیشاندان بکات و خەریکە ترسی خەڵکیش لە حکومەت دەشکێت!

## ئەنجام

سێگۆشەی نێوان باشوور، باکوور و ڕۆژهەڵات شوێنێکی ستراتیژیی گرنگە بۆ مانەوەی کورد. ئەمە کاریگەری لەسەر وجودی سیاسییانەی کورد لە هەرسێ پارچەکەی کوردستان هەیە. ئامانجێکی کرداریی ڕێککەوتننامەی جەزائیریش لە ساڵی 1975، هەڵکەندنی کورد بوو لەو سێگۆشە ستراتیژییە. وادیارە، ئێستاش ئەو ئامانجە لە ئارادایە.

بۆیە، دیالۆگێکی جددی ناوخۆیی کورد پێویستە.هەنگاوێکی درەنگ و هەنگاوێکی ناوەخت، دەتوانن وەکوو یەک زەرەری گەورە بدەن. دەبێ لایەنە کوردییەکان، بە وردی تانوپۆی ڕووداوەکان شیبکەنەوە و دوور لە موزایەدەی نەتەوەیی، هەنگاوێکی ڕیالیستانە بگرنەبەر.



حامد محەممەد عەلی

# ئاماژەیەکی ترسناک

بەپێی هەندێ ئامارو ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، لە هەرێمی کوردستاندا زیادبوونی ڕێژەی ئافرەت بەرامبەر بە پیاو، بەردەوام لە هەڵکشاندایە و ڕێژەکە لانیکەم ئێستا 60% بەرامبەر بە 40% یان زیاترە.

ئەمە بێگومان ئاماژەیەکی ترسناکە و نابێ بەهیچ جۆرێک پشتگوێ بخرێ، یان بەئاسایی سەیر بکرێ. بەڵکو پێویستە دەسەڵاتی حوکمڕانی لەبەر ڕۆشنایی داتا و ئاماری وردا، خەمی جددی لێ بخوات و پلانی هەبێ بۆ ڕێگرتن لە تێکچوونی زیاتری هاوسەنگیی نێوان هەردوو ڕەگەز کە دەبێتە مەترسییەکی گەورە لەسەر پێکهاتنی خێزان وەک بەردی بناغەی کۆمەڵگە و فاکتەرێکی گرنگی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. پێویستە دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا ئەم پرسە بەهەند وەرگرێ و وەک هەندێ پرسی دیکە دوای نەخات. بەڵکو گرنگە کۆنفرانسی زانستیی گەورە بۆ ئەم پێشهاتە مەترسیدارە سازبکرێ و کار بۆ دۆزینەوەی چارەسەر یاخود لانیکەم ڕێگری لە زیاتر تێکچوونی هاوسەنگیەکە بکرێ.

دیارە بەگشتی لە وڵاتانی جیهان و لای ئێمەش، هەمیشە مەترسی لەسەر کەمبوونەوەی ڕێژەی پیاوان - نێرینە - زۆرتر بووە و زۆرترە، ئەویش بەهۆی جەنگە زۆرە کاولکەرە جیهانی و ئیقلیمی و ناوخۆییەکان لەلایەک و بەهۆی کۆچی بەردەوامی گەنجانی نێرەوە بۆ ڕۆژئاوا.

ئەگەر کۆمەڵگەی ئەڵمانی وەک نموونە وەرگرین کە بەهۆی شکستخواردنیەوە لە دوو جەنگی جیهانیدا، ڕووبەڕووی ئەم دەردە کۆمەڵایەتیە بووەوە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەرئەنجامەکەشی، لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا ئاسانکاریی زۆری کردووە بۆ پێشوازی لە کۆچبەران. دیارە هەر وڵاتێکیش واقیع و تایبەتمەندی و پێداویستی خۆی هەیە، ئەوان لەوانەیە ئەوەندەی خەمی دابینکردنی (دەستی کار) یان بێ، بۆ کارگە و پرۆژە ئابوورییە زەبەلاحەکانیان، چارەکی ئەوە خەمی تێکچوونی شیرازەی خێزانیان نەبێ.

بێگومان لای ئێمە زیانەکانی ئەم ناهاوسەنگیە، هەمەلایەنەیە. من لێرەدا مەبەستمە ئەم زەنگە مەترسیدارە بۆ دەسەڵاتی حوکمڕانی و هەموو ئەوانەی کە لەخەمی داهاتووی ئەم گەل و نیشتمانەدان، لێبدەم ، بەهیوای ئەوەی کە پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی و دانیشتووان وهەروەها شارەزایانی پلانی ستراتیجی ، زیاترخوێندنەوە و توێژینەوە بۆ ئەم پرسە گرنگ و هەستیارە بکەن و بابەتەکەی بەندە دەوڵەمەند بکەن.. بەجۆرێک کە ببێتە خەمێکی گەورەی هەمووان، چونکە بەڕاستی تێکچوونی هاوسەنگیی ڕێژەی نێوان (نێر و مێ) لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بێت، مەترسیی گەورە لەسەر بەردەوامی و زیندوویەتی ئەو کۆمەڵگەیە و داهاتووی نەوەکانی دروست دەکات.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# دیسان سلێمانی دووگیانە

## 1

لە حوزەیرانی 2015 وە کە نێوانی بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی (تێکدرا)، سەرباری ئەوەی کە هێشتا دەرفەت مابوو نەوشیروان مستەفا پرۆسەکە بەرەو ئاقارێکی دیکە ببات، بەڵام لە کۆتاییدا لە رووی سیاسییەوە بزووتنەوەکەی بەتەمای خوا بەجێهێشت و، جگە لە تەراجوع بۆ باوەشی یەکێتی و درێژەدان بە کۆنەقینی مێژوویی رۆژگاری جەلالی مەلایی، ماڵ و موڵکێکی زۆر و زەوەند بۆ منداڵەکانی و سەرکردایەتییەکی لاوازی بێئیرادەی بۆ بزووتنەوەکەی، چیدی لەدوای خۆی بەجێنەهێشت. نەوشیروان مستەفا لەوە زیاتری پێدەکرا کە کردی، یان خەڵکی لە دەوری دروشمێک کۆکردەوە کە لە بنەڕەتدا خۆیشی بڕوای پێی نەبوو؟ بەڵام راستییەک هەیە کە ئۆپۆزیسیۆنی بێ چەک و بەهێز لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفادا هاتە ناو ژیان و ئەدەبیاتی سیاسییەوە. بۆ کەسێکی وەکو نەوشیروان مستەفا کە هەموو تەمەنی لە شاخ و لەشەڕدا و لە قەڵاچۆکردن و سڕینەوەی نەیارەکانیدا بەسەر بردبوو، رابەرایەتی بزووتنەوەیەکی سڤیلی بێ چەک زۆر زەحمەت بوو. ئەو توانی وەکو گاندی فەلسەفەی ناتوندوتیژیی فیزیکی، خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕینی مەدەنی بکاتە بناغەیەک بۆ نەوەکانی داهاتوو. بەڵام ئەمڕۆ بزووتنەوەکەی ئەویش لەڕووی جەستەییەوە تووشی هەمان پەتای حیزبی دایک (یەکێتی) بووە و ئەگەری لێکترازان و جیابوونەوەی دیکە تێیدا زۆر بەهێزە. بزووتنەوەکە دەمێکە کۆتایی تەمەنی خۆی راگەیاندووە و تەکەتول و باڵباڵێنی تێدا دروست بووە، بەتایبەتیش کە ئێستا بێ خاوەن سەیر دەکرێت.

ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە خەڵکی لە دەوری کۆمەڵەی رەنجدەران کۆکردبووەوە و هەوێنی دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕانیش بوو، ئێستا بەهاکانی خۆی لەدەست داوە، بەرژەوەندی و رێککەوتنی ژێربەژێری کەسانی دەستڕۆیشتووی ناو بزووتنەوەکە بەتایبەتیش میراتگرەکانی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ ماڵباتی تاڵەبانی و برایم ئەحمەد، خوێندنی سوورەتی یاسینە لەسەر پاشماوەی ئەوەی کە ماوە و، بێئیرادەیی سیاسی لە بڕیاردان و پشتتێکردنی شەقامیش (بەتایبەتیش دوای هەڵبژاردنەکانی 12ی مایس)، نیشانەی ئەوەن کە بزووتنەوەکە یان دەبێ گۆڕانێکی جدی لە ستراکچەری بەڕێوەبردن و ئاراستەی سیاسیی خۆیدا بکات، یانیش ئەوەتا وەکو حیزبێکی بچووکی پاشکۆی یەکێتی (لە ناواخندا) و، لە باشترین حاڵدا رکابەرێکی بێ زەرەری یەکێتی (لە رواڵەتدا) بمێنێتەوە.

## هەرزەکانی سیاسەت

## 2

دەرکەوت ئەولاد و ئەحفادی جەلال تاڵەبانی و برایم ئەحمەد، هێندە هەرزە و ناشی نین لە دنیای سیاسەتدا. کورد گوتەنی نانێکیان لەگەڵ تاڵەبانیدا خواردووە و فێربوونە چۆن لە هەموو زرووفێکدا "سەرئاو بکەون". راستیەکیشیان لای نەیارەکانی خۆیان دروست کردووە کە بنەماڵەکەی ئەوان بە هەموو هەڵکشان و داکشانەکانیەوە، ئەمری واقیعێکن کە دەبێ نەک هەر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو حیسابیشیان بۆ بکرێت. پارتی وەک گەورەترین حزبی کوردستان هەمیشە سیلەی چاوی لە سلێمانییە و تا ئەوکاتەی کە بتوانێ قسەیەکی بۆ کردن هەبێ لە بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی ئەو دەڤەرە، مەجبوورە لەگەڵ لایەنێک یان چەند لایەنێک لە کەناڵی جیاجیاوە پەیوەندی و رێککەوتنی هەبێ. تا ئەم ساتەوەختە کە چەندین حیزبی دیکەش لە سلێمانی هەن و ئیدیعای ئەوە دەکەن کە پەرێزیان زۆر لە یەکێتی پاکترە، هێشتا یەکێتی (بەو هەموو بێسەروبەرییەی کە تووشی بووە) تاکە ئەڵتەرناتیڤی پارتییە بۆ حوکمڕانی. گرفتی سەرەکیی ئەو لایەنانەی کە لە یەکێتی جودا بوونەتەوە یان دەبنەوە (بە بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە) ئەوە بوو کە هیچیان نەیانتوانی ژێرخانی سەربازی، ئەمنی و دارایی یەکێتی لەگەڵ خۆیاندا ببەن. ئەوان دەنگدەر و کادیری یەکێتییان برد، بەڵام بۆ یەکێتی چ زۆرە دەنگدەر زۆرە! ئەگەر دەنگدەریش نەبێ، کورسییەکیان بەسە!!

هەڵبژاردنەکانی مانگی ئەیلول دەرفەتێکە بۆ لایەنەکان کە بتوانن هێزی بازووی خۆیان لە کوردستان تاقیبکەنەوە. یەکێتی قەڵای بەغدای لێ داگیر کردوون و وا بەئاسانی تەسلیمیان ناکاتەوە. بۆیە تاکە رێگە بۆ دەرچوون لەو سیاسەتە شەرمنانەی کە حیزبەکانی سلێمانی پێڕەوی دەکەن و غارەغاری بەغدا دەکەن، ئەوەیە کە بتوانن وەک ئیدیعا دەکەن، بەشێک لە ژێرخانی یەکێتی (بە کۆسرەت رەسوڵیشەوە) لە ژێر دەستی گروپی خیانەتی 16 ی ئۆکتۆبەر دەربهێنن، ئەگەرنا تا قیامەت هەمان تاس و حەمامە و، تورک گوتەنی دەبێ چاوەڕێی بەهارێکی دیکە بکەن، یانیش تفی خۆیان بلێسنەوە و لە دەرگەی ماڵی ئەولاد و ئەحفادیان بدەنەوە و بڵێن "سەد رەحمەت لە کفندز".

## رەنگبێ هەر فوئاد بێت

## 3

وادەی دەستپێکردنی پێکهێنانی حکومەت لە بەغدا جارێ دیار نییە و وادیارە کەسیش پەلەی نەبێ. تا شیعە بەتەواوەتی لە نێوان خۆیاندا یەکلایی نەبنەوە، دادگای فیدراڵیش بەخۆ ناکەوێت. پێدەچێ نارەزایەتی حیزبەکانی کوردستانیش نەتوانێ هیچ لە ئەسڵی مەسەلەکە بگۆڕێت و، ئەنجامەکان کەم تا زۆر هەر ئەوەن کە ئێستا هەیە. بەو پێیەش کە یەکێتی و پارتی بڕیاریان داوە لە بەغدا پێکەوە بن، پێناچێ پارتی بیەوێت گۆڕانێکی بنچینەیی لە جۆری بەشداریکردن لە حکومەتی بەغدادا بکات. رەنگبێ ئەمجارەشیان لە پێناو هەندێک بەرژەوەندیی ناوخۆیی و هێشتنەوەی یەکێتی لە گۆڕەپانی سیاسیدا، جارێکی دیکە رازی بێت پۆستی سەرۆککۆمار لای یەکێتی بمێنێتەوە، بەتایبەتیش کە پارتی کێشەی لەگەڵ فوئاد مەعسومدا نییە. ئەگەرچی بۆچوونێک هەیە کە دەبێ ئەمجارەیان کورد سەرۆککۆمارێکی بەهێز و کاریگەر بنێرێتە بەغدا، بەڵام پارتی ئامادە نییە ریسک بەو مەسەلەیەوە بکات و دڵی یەکێتی لەخۆی بتۆرێنێ.



رابەر تەڵعەت

# عێراق لەسەر رێڕەوی هەڵوەشانەوە

پەیوەندییەکی دینامیکی هەیە لەنێوان ئاشتی و سەروەریدا؛ بۆ بەدیهێنانی ئاشتی، پێویستە دەسەڵاتێکی باڵای دانپێدانراو هەبێت، هەموو ئەندامانی گروپ، کۆمەڵگا یان دەوڵەت بە هەموو پێکهاتەکانی ناوییەوە، لەپێناو دەستەبەرکردنی ئاشتی و خۆدوورگرتن لە توندوتیژی، لەسەر یاسا و پەیڕەوێک رێکدەکەون کە تیایدا کۆتایی بە گرژی و پێکداداان دەهێنێت و لەپێناو بەرژەوەندیی هەمووان‌دا ملکەچ دەبێت بۆ دەسەڵاتێکی باڵاتر لە بەرژەوەندییە بچووکەکانی گروپێک یان تاقمێکی دیاریکراو. تۆماس هۆبز؛ بەشێوەیەکی تێروتەسەل باسی لەم دۆخە کردووە و ئەو پرۆسەیەشی بە گواستنەوە لە دۆخی سروشتییەوە بۆ دەوڵەت پێناسە کردووە، بنەمای ئەو گواستنەوەیەش وەدیهێنانی ئاشتی و کۆتایهێنان بە شەڕی هەمووانە لە دژی هەمووان، ئەوەش تەنها بە ملکەچکردن و دانپێدانان بە دەسەڵاتێکی باڵاتر لە تاک و گروپ پێکدێت، چونکە لە روانگەی هۆبزەوە هیچ شتێک ناتوانێت بەر بە تەماع و چاوچنۆکیی مرۆڤ بگرێت، دەسەڵاتێکی بەهێز و دەوڵەتێکی دامەزراو نەبێت.

شیکردنەوەی دۆخی ئێستای عێراق لە روانگەی ئەو تێزەوە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە عێراق لە پرۆسەی بەدیهێنانی ئاشتییەوە دوورە و لەسەر رێڕەوی هەڵوەشانەوەیە، بەو مانایەی ئێمە دەچین بەرەو پۆست دەوڵەت یان بە ناونانە هۆبزییەکە (دۆخی سروشتی). چۆن؟

یەکەم؛ دەبێت قسە لەسەر ئامانجی سیاسی گروپ و تاکەکانی ناو سیستەم و دەسەڵاتی عێراق بکەین؛ پاڵنەری سەرەکی لەپشت رەفتاری سیاسی تاک و گروپەکانەوە، یان شەخسییە یان تایفییە، داینەمۆی جووڵەی هێزە سیاسییەکان لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی دەسەڵات و سامان دامەزراوە، گرەوەکەش ئەو لایەنە دەیباتەوە کە دەتوانێت زۆرترینی ئەو دوو رەهەندە لەدەستی خۆیدا کۆبکاتەوە. ئەمەش دۆخێکی تەواو سروشتییە و وەک هۆبز باسی کردووە، پاڵنەر تیایدا غەریزییە نەک ئەقڵانی، ئامانجیش بەرژەوەندیی تایبەتە، هیچ لایەنێک ئامادە نییە دان بە لایەنی بەرامبەردا بنێت، ئەمەش وادەکات پرۆسەی ئاشتی زیاتر لە مەحاڵ نزیک بێت و دۆخی سروشتی سەردەست بێت.

دووەم؛ هەمووان لە ئاستی گوتاری سیاسیدا هەست بە مەترسی ئەو پێکدادانە دەکەن، دەزانن بەردەوامبوون لە ململانێی دەسەڵات و سەرچاوە و سامان، ترازان و هەڵوەشانەوەی بەدوادا دێت و رێککەوتن و کاری پێکەوەییش دەبێتە مایەی وەدیهێنانی ئاشتی و دەسکەوتی ئابووری و سیاسیی زیاتر، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە هیچ لایەنێک ناتوانێت متمانە بە لایەنی بەرامبەر بکات، هێزەکان لە قووڵاییدا متمانەیان بە یەکتری نەماوە، خەڵکیش رۆژ بە رۆژ متمانەی بەوان نامێنێ، هەمووان لەو هاوکێشەیە تێگەیشتوون کە دەبێت بەهێز بی بۆ ئەوەی قووت نەدرێی، هێزیش بەکاربهێنی بۆ ملکەچکردنی ئەوانیتر و ئیرادەی خۆت زاڵ بکەیت بەسەریاندا.

سێیەم؛ عێراق وڵاتێکی خاوەن سەروەرییەکی لاوازە، لەدوای 2003 وە بووە بە مەیدانی هێزە ئیقلیمی و جیهانییەکان، رۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئەمریکا و وڵاتانی ئیقلیمیش لەپێشەوەی هەموویاندا ئێران، هیچ حسابێک بۆ سەروەریی دەوڵەت و حکومەتی عێراق ناکەن، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو هیچ حکومەتێکیش لەدەرەوەی ئیرادەی ئەو دوو هێزە نەیتوانیوە لەسەر پێی خۆی بوەستێ، گرفتی سەرەکیش ئەوەیە، هەردوو هێزەکە کە سەروەریی عێراقیان پێشێل کردووە، لە ململانێی یەکتریدان و عێراقیش مەیدانێکی کراوەی شەڕی نێوانیانە، بەو مانایەی کە فاکتەری جیۆپۆلیتیکی، عێراقی وا لێکردووە نەتوانێت دەسەڵاتی بەسەر سەروەری و سیاسەتەکانی خۆیەوە هەبێت و هەر ئەو فاکتەرەش ناهێڵێت ئاشتی بەخۆیەوە ببینێ، لانیکەم لە داهاتوویەکی نزیکدا.

سیاسەتی نێودەوڵەتی، دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان لە نموونەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناتوانن هیچ شتێک لە دۆخی ئێستای عێراق بگۆڕن، چونکە لە بنەمادا سیاسەتی نێودەوڵەتی خاوەن دەسەڵاتێکی جێگیر و دامەزراو نییە و نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هێزەکانی ناوی دەجوڵێتەوە، ئەگەر خواستی هێزە سەرەکییەکان نەبێت، هیچ دامودەزگایەکی نێودەوڵەتی و لەپێشەوەی هەموشیاندا UN، ناتوانێت هیچ رۆڵێک بگێڕێت لە سیستەمی جیهانیدا.

ئەنجام؛ عێراق لە ئاستی نێودەوڵەتی و جوگرافیای سیاسیدا، پێگەیەکی لاوازی هەیە و لەهەمان کاتیشدا کەوتووەتە چەقی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێرانەوە، واتا خاوەنی سەروەرییەکی لاواز و لەرزۆکە نەک تەنها بەسەر سیاسەتەکانیدا، بەڵکو بەسەر خاک و ئاوەکەشیدا، ئەمەش وادەکات ئاشتی لەم وڵاتەدا زۆر لە مەحاڵ نزیک بێت و پرۆسەی سەرەکی هەنگاونان بێت بەرەو لێکهەڵوەشانەوە و قۆناغی پۆست دەوڵەت و دۆخی سروشتی. لە ئاستی ناوخۆیشدا، هێزەکان شەڕی بەرژەوەندیی شەخسی و تایفی دەکەن، ئامانجی سەرەکی کۆکردنەوەی دەسەڵات و سامانە، متمانە بۆ کاری پێکەوەیی نییە، خەڵکیش متمانەی بە دەسەڵات و هێزە سیاسییەکان لاوازە، ململانێ و شەڕی هەمووان لەدژی هەمووان باڵی کێشاوە بەسەر پرۆسەی ئاشتی و کاری پێکەوەییدا، ئەمەش وای کردووە، بۆشایی لە دەسەڵاتدا رۆژ بەرۆژ زیاتر بێت و ململانێی مانەوە جێگای ململانێ لەسەر پڕکردنەوەی دەسەڵات ببێتە ئامانجی نزیکی هەموو هێزەکان.



ئازاد وەڵەدبەگی

# ماراسۆنی دیموکراسی لە تورکیا

"زەمەن بەرەو دیموکراسی دەچێت، دیموکراسی هەموو جیهان دەگرێتەوە".

سامۆئیل هانتنگتۆن

پاش سەرکەوتنی پارتی دادوگەشەپێدان لە تورکیا لە ساڵی 2002، سیاسەتی نوێ و نەریتشکێنانەی ئەو پارتە لە ئیدارەدانی کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، سەرنجی گەلێک لە وڵاتانی بەرەو لای خۆی راکێشا. پارتی دادوگەشەپێدان کە لە ساڵی 2001 دروست بوو، توانی لە ساڵی 2002 بە وەدەستهێنانی 49%ی دەنگەکان دەسەڵاتی وڵات بەدەستەوە بگرێت و، مۆدیلێکی نوێ و میانڕەوانە لە ئیسلامی سیاسی بخاتەڕوو. تورکیا، هەر وەک چۆن لە وتەکانی ئەحمەد داودئۆغڵودا دەردەکەوت، هەوڵی دەدا سیاسەتی سفرکردنەوەی کێشەکانی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر پەیڕەو بکات. هەروا هەوڵی دەدا رۆڵی ناوبژیوان بگێڕێت لە کێشە و هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا. ئەردۆغان و پارتی داد، توانییان بە هاندانی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، هەڵاوسانی ئابووری کۆنترۆڵ بکەن و گەشە بە ئابووریی وڵات بدەن. هەروا بە پاڵپشتی یەکێتی ئەورووپا، توانییان پیلانی سەربازەکان پووچەڵ بکەنەوە کە دامودەزگاکانی حکومەتیان تەنیبوو. جگە لەمەش، ئازادییە مەدەنییەکانیان پەرەپێدا و دەستیان بەی گفتوگۆی ئاشتی کرد لەگەڵ کورد.

ئۆزبدن لە کتێبی "سیاسەت لە تورکیای هاوچەرخ" هۆکاری سەرنەکەوتنی شەپۆلی دووەمی دیموکراتیزاسیۆن لە تورکیا بۆ سێ خاڵ دەگەڕێنێتەوە کە بریتین لە:

1- دەستتێوەردانی سەرباز لە سیاسەت.
2- رەگ دانەکوتانی حیزبەکان لەناو کۆمەڵگەدا
3- دەستووری سەپێنراو و نادیموکراسیی تورکیا.

ئۆزبدن، پرۆسەی بەدیموکراسیبوونی تورکیا پتر بۆ یاریی نوخبەکان و دامودەزگاکانی بندەستی ئەوان دەگەڕێنێتەوە، نەک گەشەکردنی فەرهەنگی سیاسی دیموکراسی یا پەسەندکردنی بەها دیموکراسییەکان لەناو کۆمەڵگەدا.

هەنگاوەکانی پاشەکشەی دیموکراسی لە تورکیا، بە تایبەت ئەوکاتە پەرەی سەند کە رەجەب تەیب ئەردۆغان هەوڵیدا لە رێگەی هەمواری دەستوور، سیستەمی حوکمڕانی لە پەرلەمانییەوە بگۆڕێت بۆ سەرۆکایەتی. بەپێی هەمواری نوێی دەستووری تورکیا کە لە ریفراندۆمی 2017/4/16 پەسەند کرا، سەرۆک کۆمار ئیتر بۆ دانانی وەزیرەکان پێویستی بە متمانەی پەرلەمان نییە. پۆستی سەرۆک وەزیران لا دەبرێت و سەرۆک کۆمار سەرۆکی هێزە چەکدارەکانە. دەسەڵاتەکانی ئەمڕۆی ئەردۆغان بە جۆرێکە، تەنانەت ئاتاتورکیش دەسەڵاتێکی لەو چەشنەی نەبووە.

لەم دۆخە لەرزۆکەی دیموکراسیدا لە تورکیا، ئەردۆغان بە هەموارکردنی دەستووری تورکیا و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی، توانیویەتی هەندێ دەسەڵاتی وا بە سەرۆک کۆمار بدات کە لە راستیدا گەڕانەوەیە بۆ سیستەمی خەلافەتێکی مودێرن لەژێر ناوی سەرۆکایەتیدا. ئەردۆغان دەیەوێت وەک خەلیفەکانی رابردوو، پێگەیەکی کاریزمایی و مەعنەوی بۆ خۆی پێناسە بکات. رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ئەردۆغان لەم ساڵانەی دواییدا، نیشانەی گۆڕانێکی گەورەن لە سیاسەت و بۆچوونەکانی ئەو و دەیەوێت ببێتە دەسەڵاتدارێکی پاوانخواز و کۆمەڵگەی تورکیا بەرەو تاکجەمسەری ببات. ئیدی پەرلەمان، وەک جاران ناتوانێ چاودێری و دەسەڵاتی بەسەر حکومەتدا هەبێت و، ئەمەش زەمینە خۆش دەکات بۆ هەنگاونانی تورکیا بەرەو دیکتاتۆری کە هەڕەشە لە بنەماکانی دیموکراسی دەکات لەو وڵاتەدا.

ئەمڕۆ، ئیدی ئەو گەشبینی و ئاسۆ رووناکەی جاران لە تورکیادا بەدی ناکرێ. ئابووریی وڵات زۆر بە دژواری بەرەو پێشەوە دەچێت، گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵ کورد لە تورکیادا کۆتایی هاتووە و، تورکیا گەڕاوەتەوە بۆ سیاسەتی میلیتاریستی دەیەی هەشتا. هەروا ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان پاشەکشێی بەرچاویان کردووە، بە جۆرێک کە تورکیا بووەتە گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسان و بەپێی ئامارەکان لە دوای کودەتای ساڵی 2016ـەوە پتر لە پەنجا هەزار کەس گیراون و، سەد هەزار کەس لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە. لەلایەکی ترەوە سیاسەتی زێدەخوازانەی ئەردۆغان، تورکیای تووشی گێژاوی جەنگی سووریا کرد. ئەردۆغان بانگەشەی ئەوە دەکات بۆ رزگاربوونی وڵات لەم گێژاوانە و پیلانی دوژمنان، تورکیا پێویستی بە سەرۆکێکی بەهێز هەیە. دەستووری ئەمڕۆی تورکیا، دەستوورێکی دیموکراسیی نالیبراڵە کە نەتەوەخوازانی لە جۆری ڤلادیمیر پوتینی رووسیا و ڤیکتۆر ئۆربانی هەنگاریامان بەبیر دێنێتەوە. هەلومەرجی تورکیا کە خاوەن ئەزموونێکی پتەوی دیموکراسی نییە، شیاو نییە بۆ ئەوەی دەسەڵات لە دەستی یەک کەسدا چڕبکرێتەوە.

تورکیا کۆمەڵگەیەکی سیکۆلار، فرە ئایین و فرە نەتەوەیە کە لە تورک، کورد، یۆنانی، ئەرمەنی، لاز، چەرکەس، عەرەب و موسوڵمان، مەسیحی، عەلەوی و جوو... پێکدێت. ئەگەر زۆرینەیەکی رێژەیی میانڕەوانی ئایینی بیانەوێت بۆ هەمیشە حوکمڕانی تورکیا بکەن، ئەوا وڵات هەرگیز سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت. ئاماژە سیاسییەکانی ئەمڕۆی تورکیا، هەرچەندە بە تەواوی هێڵیان بەسەر دیموکراسیدا نەهێناوە، بەڵام نوقڵانەی قۆناغێکی دژوارە لە ماراسۆنی دیموکراسیدا لە تورکیا کە پێدەچێ دەسکەوتەکانی پەنجا ساڵی رابردووی دیموکراسی لەو وڵاتەدا بخاتە بەردەم مەترسی و بە ئاراستەی تاکڕەوی ببات.

هەرچەندە تورکیا خاوەن سیستەمێکی رێژەیی هەڵبژاردنی دیموکراتیانەیە، بەڵام گەلێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمێکی دیموکراسی لیبراڵی تێدا نییە و دەکرێ بڵێین سیستەمێکی دیموکراسی نوێنەرایەتییە کە لە رێگەی یاساوە بەڕێوە دەبرێت و ئارەزوویەکی زۆری بۆ تاکڕەوی و ناوەڵامگۆیی هەیە. ئەم جۆرە سیستەمە، تەنیا جیاکەرەوەی نێوان کۆمەڵگە دیکتاتۆرییەکان و کۆمەڵگە لیبراڵ دیموکراتەکانە.

ئەمڕۆ پرۆسەی دیموکراسی لە تورکیا تووشی لادان و دابڕان بووە و دامەزراوەکانی دیموکراسی لەم وڵاتەدا نەیانتوانیوە بە تەواوی ململانێ سیاسییەکان رووماڵ بکەن، هەربۆیە ئەتمۆسفێری سیاسی تورکیا تووشی ناسەقامگیری و گرژی و ئاڵۆزییەکی زۆر هاتووە. تورکیا ئەمڕۆ زیاتر لەوەی بۆ ئایندە بڕوانێ، چاوی بڕیوەتە رابردوو. سامۆئیل هانتینگتۆن دەڵێ: "گەورەترین وانەی مێژووی دیموکراتیزەکردن ئەوەیە کە کارە قورسەکە کۆتاییهێنان نییە بە رژێمێکی نادیموکراتی، بەڵکوو دروستکردنی دامودەزگای سەقامگیری دیموکراسییە".

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

# RÛDAW

Rudaw Media Network
Rudaw readers know more




## چۆپی
## دەبێتە دیزاینەر

« 10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel :0750 486 34 12 – 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net









